# خاڵی پەیڕەوی لە کاری پەرلەمانیدا

## توێژینەوەیەکی شیکارییە


نووسینی

د.عوسمان عەلی وەیسی

وەرگێران

شەوبۆ نجم الدین عارف



٢٠٢٤



**پەرلەمانی کوردستان**
**سەرۆکایەتی دیوان**
**سەنتەری توێژینەوە**
KURISTAN PARLIAMENT - Presidency of Divan
RESEARCH CENTER

چاپی دووەم- ٢٠٢٤

| |
|---|
| ناوی کتێب: خاڵی پەیڕەوی لە کاری پەرلەمانیدا |
| بابەت: توێژینەوە |
| نووسینی: د.عوسمان عەلی وەیسی، راوێژکاری یاسایی پەرلەمانی کوردستان |
| زمانەوانی: د.عوسمان عەلی وەیسی |
| دیزاین ناوەڕۆک: سۆران تاودەر |
| دیزاین بەرگ: حامد سەقزی |
| ژمارەی سپاردن: ٢٠٢٢/٧٢٧– هەولێر – هەرێمی کوردستان |

ناونیشان
هەولێر: پەرلەمانی کوردستان شەقامی ٦٠ مەتری – بەرامبەر پارکی سامی عەبدولرەحمان
Erbil, 60sAvenue, Kurdistan parliament, Iraq
www. parliament.krd
KPI-Research center
e.mail: researchcenter42@gmail.com

نووسەر: پ. ی. د. عوسمان عەلی وەیسی
وەرگێڕانی: شەوبۆ نجم الدين عارف/ سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان
پێداچوونەوەی وەرگێڕان: د.عوسمان عەلی وەیسی

# پێڕست



| | |
|---|---|
| **بەشی یەکەم: بنەماگشتییەکانی ڕێساکانی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی ...** | ١١ |
| ١-١ سەبارەت بە ئەرکەکانی ئەندام پەرلەمان | ١٣ |
| ١-٢ ڕۆڵ و بەرپرسیاریێتی سەرۆک لە دانیشتنی پەرلەماندا | ١٨ |
| ١-٣ مافی ئاخاوتن لە دانیشتنە گشتیەکاندا | ٢٣ |
| ١-٤ ئەو حاڵەتانەی کە هەمیشە مۆڵەتی قسەکردنیان... | ٢٨ |
| **بەشی دووەم: خاڵی پەیڕەو چیە؟** | ٣٧ |
| ٢-١ خاڵی پەیڕەوی، لەگەڵ پرنسیپی ئەولەویەت لە ... | ٣٩ |
| ٢-٢ پێناسەی خاڵی پەیڕەو | ٤٤ |
| ٢-٣ ڕێساکانی بەکارهێنانی خاڵی پەیڕەوی پەرلەمانی | ٨٩ |
| **بەشی سێیەم: مامەڵەکردن لەگەڵ سەرپێچیەکانی ئاخاوتن و خاڵی پەیڕەوی** | ١٠١ |
| ٣-١ پەرلەمان و دانانی ڕێساکانی سزا بۆ پێشێلکارانی ... | ١٠٣ |
| ٣-٢ پێشێلکردنی ڕێساکان لە بەڕێوەچونی کاری... | ١٠٨ |
| ٣-٣ سزای پێشێلکردن لە پەیڕەوی ناوخۆی وڵاتاندا. | ١١٢ |
| کۆتایی | ١٦٨ |
| دەرئەنجامەکان | ١٦٩ |
| سەرچاوەکان | ١٧٢ |

# بەرایی

سەنتەری تویژینەوەی پەرلەمانی سەرچاوەی شیکردنەوەی زانستی سەربەخۆیەو سەکۆیەکی ئەمینە، لەرێگایەوە سەرجەم پەرلەمانتاران لەسەرجەم حزب و کوتلە سیاسیەکان پرسیارو پێویستیەکانیانی ئاراستە بکەن و وەڵامی جێی باوەڕی لێوەربگرنەوە. ئەم جۆرەش لەپێدانی زانیاری رێگا خۆشکەری کاری پەرلەمانییە لەهەردوو بواری یاسادانان و چاودێریکردن، کەدوو ئەرکی سەرەکی هەر پەرلەمانێکن. ئەرکی سەنتەری توێژینەوەشە بەدوای سەرچاوەکانی زانیاریدا بگەڕێ و شیکردنەوەی پێویست لەبواری ئەرکە سەرەکی و بنەڕتییەکانی کاری پەرلەمانی پێشکەشی پەرلەمانتاران بکات.

"دانیشتنەکانی پەرلەمان بە ئاستبەرزترین کۆبوونەوەی سیاسی دادەنرێن، چونکە گوزارشتە لە خواستی خەڵک و هەرکەسێک سەرپێچی لە سیستمی کارکردنی ئەم کۆبوونەوانەدا بکات؛ بە دەستدرێژی لەسەر خواستی خەڵک دادەنرێت". لەبەر ئەوە پێدانی زانیاری و شیکردنەوەی پێویست لەبارەی شێوازەکانی رێکخستن و بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان و بە تایبەتیش مومارەسەکردنی مافی (خاڵی پەیڕەوی) بەشێوەیەکی دروست وەک چۆن لەپەیرەوی ناوخۆی چەند وڵاتێک هاتووە، گرنگ و پێویست بوو، لەم کتێبۆکەدا نووسەر هەوڵیداوە (خاڵی پەیرەوی) پەرلەمانی لەگەڵ گرنگیی و چۆنیەتی رێکخستن و تێکەوتەکانی پێناسە بکات لەگەڵ هەر لایەنێکی تر کە پەیوەندیدار بێت پێیەوە.

**فوئاد ئەحمەد**

بەرپرسی سەنتەری توێژینەوە

# پێشەکی

پەرلەمـان یەکـێکە لە نیشـانە بنەڕەتییەکـانی دیموکراسـیەت لە سیستەمی سیاسیدا، بۆ ئەوەی پەرلەمان ئەم ڕەهەندە دیموکراسییە بەرجەسـتە بکـات دەبێـت کـاریگەر بێـت و کـارامە و لێهـاتووانە ئەرکەکـــانی خـــۆی بەڕێبکـــات، و پابەنـــد بێـــت بە بەهـــا دیموکراسـیەکانەوە. هەروەهـا کارەکـانی خـۆی لە یاسـادانان و چـاودێری بەو شـێوازە جێبەجێبکـات کە مایـەی ڕەزامەنـدی ئـەو گەلەبێت کە نوێنەرایەتی دەکات.

پەرلەمـان کارەکـانی لەسـەر بنەمـای ئـەو ڕێسـا دەسـتوریانە ئـەنجام دەدات و لە پەیـڕەوە ناوخۆیـەکەیـدا هـاتووە، لەبەرئەوەی پەیـڕەوی نـاوخۆ – لەگەڵ دەسـتوور، و عـورفی پەرلەمـانی، دەبـنە سـەرچاوەی یاسـای پەرلەمـانی. لـە کلتێکـدا دەسـتوور ئەرک و کارەکانی پەرلەمان دەستنیشان دەکات، ئەرکی پەیڕەوی نـاوخۆش دیسـپلینکردنی ڕێکارەکـانی پەرلـەمان و ڕێکخسـتنێتی بـۆ ئـەوەی پەرلـەمان ئەرکـە دەسـتوریەکانی هەڵبسـتێت ، هـەر لەبەرئەوەیـە کـە پەیـــڕەوی نـــاوخۆی پەرلـــەمان بە بەشـــێکی تەواوکەر لە خـــودی دەستوور دادەنرێت.

خـاڵی پـەیڕەوی بە یەکێـک لەو ئـامرازە گرنگـانە دادەنرێـت کە گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان ڕێکدەخات و لەنـاو یاسـاکانی پەرلەماندا جێـی بـۆ کـراوەتەوە، ئەمەش گەلێـک سـوود بە کـاری پەرلەمـانی دەبەخشێت. بەو پێیەی کە دەبێتە ئامرازێک بۆ بەئاگاهێنـانەوە، یـان تێبینیـدان بـۆ بـوونی کەموکـوڕیی لەو ڕێکـارانەی پێویسـتیان بە پاپەنـدبوونی یاسـایی هەیە. و دەرفەتـێکە بـۆ ئەنـدام کە ڕێـڕەوی گفتوگۆکردنی خۆی ڕاستبکاتەوە، و دڵنیـابوونە لە دەرنەچوون لەو سـنوورەی بـۆی دەستنیشـانکراوە. بـۆ ئەوەی ڕێسـا و نەریتەکـانی

کـاری پەرلەمـانی لە ئاسـتێکی بەرزدا بەڕێبکرێـت، و ڕەزامەنـدی ئەندامانی پەرلەمان و تاکەکانی کۆمەڵگە بەدەستبێنێت.

ئەم ئامرازە ڕۆڵی سـەرەکی خـۆی دەبینێت لە ڕاستکردنەوەی ڕێـڕەوی گفتوگۆکـان لەکـاتی دانیشـتنە گشـتیەکانی پەرلەمـان یـان کۆبونەوەی لیژنەکان، و گرنگیەکەشی لەوەدایە کە بیرهێنانەوەیە بۆ بڕگەکـانی پەیـڕەوی نـاوخۆ و یاسـای پەرلەمـان، یـان دەسـتوور، یـاخود نـاڕەزاییەک سـەبارەت بـە جێبەجێکردنـی ئەو ڕێسـایانە، لەحاڵەتیکدا هەڵە لە جێبەجێکردنیاندا هەبێت.

زانینی بنەماکانی کاری پەرلەمانی و هۆکارەکانی دانانی دەقە یاسـاییەکان کە کـاری پەرلەمـانی ڕێـک دەخەن، و لە پێشـەنگی هەمووانـدا پەیـڕەوی نـاوخۆ، کـارلێککردنێکی ئەرێنـیە لەگەڵ دەقە ڕێکخـەرەکان بـۆ پراکتیزەکردنـی کـاری پەرلەمـانی ئاسـت بـاڵا و دەرئەنجامی باشتر و دەستکەوتی زیاتر.

هەتا کاری سیاسی و ڕەوتـی دیموکراسـی تێرو پاراو نـەبن و نەگەنـە خـاڵی کۆتـایی ؛ ئـەوا ئامانجەکـانیش بەردەوام گەشـەدەکەن، قۆنـاغ بە دوای قۆنـاغ، کـاری سیاسـی لەسـەر یـەک کەڵەکەدەبێت و ئەزموونـدار دەبێـت، و لەگەڵ زیـادبوونی ئەزمـوون و پراکتیـک پێگەیشتووتر و تۆکمەتر و عەقڵانیتر گەشەدەکات.

بەشـێوەیەکی گشـتی ئەنـدام پەرلەمـان بەشـێکە لەسیسـتم و ژیـانی سیاسـی بەڵام ئەرکەکـانی تـایبەتن بەبەشـداریکردن لە یاسادانان و چاودێری و نوێنەرایەتیکردنی گەل.

ئەندامی پەرلەمان لە ڕێی ئەرکی یاسـادانانەوە بەشداریدەکات لە پێشـکەوتنی کۆمەڵگـا لە بوارەکـانی کـۆمەڵایەتی و ئـابووری و کەلتووری و سیاسـی و ...هتد، و هەروەهـا چەسـپاندنی ڕێسـاکانی دیموکراسـی. و دەبێتە چاودێریکـار لەسـەر کارەکـانی حکـومەت و ڕادەی جێبەجێکردنی بەرنامەکەی بەو ڕێوشـوێنانەی لەدەسـتووردا

دیــاریکراون، و یاســای پەرلەمــانیش کە دەستنیشــانی ڕێکخســتنی کاری پەرلەمانی و پەیڕەوی ناوخۆ و پەیوەندییە کارییەکانی نێوان پەرلەمـان و حکـومەت دەکـات. لەلایەکـی تـرەوە کـاری پەرلەمانتـار پەیوەستە بە نوێنەرایەتیکردنی خەڵکی و گەیاندنی کێشـە و تـرس و هیـوای هاونیشـتمانیان بـۆ لایەنە پەیوەندیـدارەکان و هەسـتکردن و بەرگریکـردن لێیـان. دەبێـت ئەنـدامی پەرلەمـان بەدواداچـوون بـۆ فەرهەنگــی بەرەو پێشــچوونی ژیــانی سیاســی و کــۆمەڵایەتی و ئــابووری بکــات لە ڕێــگەی پەیوەنــدیکردن و دیــدارەکانی لەگەڵ هاونیشـتمانیان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا. وە هەروەهـا دەبێــت لە مــاوەی خزمەتکردنیــدا ڕەچــاوی بەرژەوەنــدیەکانی نەتەوەکەی بکات لە سەروو هەموو بەرژەوەندیەکی تـری شـەخسـی یان حزبی یان فراکسیۆنەکەی ... هتد. ئەمە جگە لەئەرکەکانی تر کە لەدەستوور و یاسا و ڕێساکاندا دیاریکراون.

دیاردەی ئـالوگۆری زارەکـی و تیژبـوون لە وتـار و ناولێنـان و تاوانباریکردن کە دەبنەهۆی نـاجێگیری لە سیسـتەمی دانیشـتنەکانی پەرلەمــان و نــاتەواویی لە کارپێکردنیــان، وادەکــات کە پێویســتە ئاوڕێـک لە کولتـووری پەرلەمـانی بـدرێتەوە و هەنـدێک ڕابوەسـتین لەسەریان.

لەبەرئەوەی خودی پەرلەمـان دامەزراوە بـۆ ئەنجامـدانی چەنـد کـارێکی دیـاریکراو. ئەم جـۆرە کـارانەش پێویسـتیان بە گفتوگـۆ و کۆبــوونەوە هەیە تــا بڕیــاردان بێتەکــایەوە، و هەردوکیشــیان پێویســتیان بە باڵادەســتبووني سیســتەم هەیە لە کۆبــوونەوەی پەرلەمانـدا، ئەگەر کۆبـوونەوەکە تێکچـوو و سیسـتمی دانیشـتنەکە کەوتە ژێـر مەترسـییەوە؛ پەرلـەمانیش نـاتوانێ گفتوگـانی ئەنجـام بدات، یان ناتوانێت بڕیارەکانی بدات، لەم دۆخـەدا وایلێدەکات دەبێ پەناببرێتە بەر بیرۆکەی سزا پەرلەمانیەکان، کە مەبەستی سەرەکین

بۆ ئەوەی پەرلەمان ئەرکە دەستووریەکانی خۆی بێنێتە دی، بەبێ ئەو کێشانەی کە سیستیمی دانیشتنە گشتیەکانی پەرلەمان وە یاخود کۆبوونەوەی لیژنەکانی تێکدەدات.

کاتێک پەرلەمان کار بە تایبەتکاریەکانی خۆی دەکات، لە ڕێی چەند ڕێکارێکی دیاریکراوەوە و بە پێی کۆمەڵە ڕێسایەکی دیاریکراو ئەرکەکانی خۆی ئەنجامدەدات. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە ئەندام پابەند نەبێت بەم ڕێکار و ڕێسایانە و بڕوای وایە هیچ کەسێک ناتوانێت بیوەستێنێت لەو سەرپێچیانە، بۆیە پێویستە سزای پەرلەمانی بەسەریدا بسەپێنرێت.

بەشێکی سەرەکی ڕێکخستنی کارەکانی پەرلەمان، پەیوەستە بە دروست تێگەیشتن لە ئەرک و کاری پەرەلمانی و میکانیزمەکانی ڕێکخستنی، یەکێک لەوانەش خاڵی پەیڕەوییە. ئێمە لەم کتێبۆکەدا هەوڵدەدەین (خاڵی پەیڕەوی) پەرلەمانی لەگەڵ گرنگیی و چۆێتی ڕێکخستن و تێکەوتەکانی پێناسەبکەین لەگەڵ هەر لایەنێکی تر کە پەیوەندیدار بێت پێیەوە.

توێژەر

١٥ی تشرینی یەکەم ٢٠٢١

# بەشی یەکەم

# بنەماگشتییەکانی رێساکانی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان

# (١)

دامەزراوەی یاسادانان جەوهەری ژیانی سیاسییە، دەروازەی ڕاستەقینەی بەرەوپێشچوونی کولتووری سیاسی هاونیشتمانیانە و ئامرازێکی کاریگەرە بۆ بەشدارییپێکردنی سیاسی. ئەزموونەکان وا نیشاندەدەن کە سەرکەوتن لە ڕۆڵگێڕانی خۆیدا پەیوەستە بەو پەراوێزە گەورەی ئازادی و دیموکراسییە کە لەلایەن سیستەمی سیاسییەوە پەسەند دەکرێن. هەروەها ڕۆڵی ئەو لە ژیانی سیاسیدا بەبەردەوامی لە گەورەبووندایە، بەوپێیەی کە دامەزراوەیەکی سەرەکی سیاسییە لە سیستیمی دیموکراسیدا، جا ئەگەر لەڕووی پتەوکردنی متمانە بێت لە نێوان حکومەت و هاونیشتمانیان یان ڕۆڵگێڕانی بێت لە تەعبیرکردنی داواکاریەکانی کۆمەڵگە و چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت.[١]

لێرەوە دەستپێدەکەین بە خستنەڕووی دۆخی ئەندام/ نوێنەر یان پەرلەمانتار لە ڕووی ئەرکەکانیەوە.

---

(١) سعید حمدین، البرلمان فی الدساتیر، رسالة ماجستیر، جامعة الجزائر، ٢٠١٥-٢٠١٦، ص. ج.

## (١-١)
# سەبارەت بە ئەركەكانی ئەندام پەرلەمان

هیچ وەسفێكی وورد لەسەر ئەركەكانی ئەندام پەرلەمـان نییە، بەڵام كۆمەڵگە چاوەڕوانیەكی زۆری هەیە بۆ ڕۆڵی ئەو، بۆ نمـوونە دەنگدەرانی دەڤەرەكەی خۆی چاوەڕوانی وەڵامـی داواكارییەكانیـان دەكەن، لەكاتێكــدا كە حــزبەكەی خــۆی دەیەوێــت پشــتیوانی لە سیاسـەتی حیزبەكەیدا بكـات، لەهەمـان كاتیشـدا سـەركردەی پـارتە سیاسـیەكەی دەیەوێـت ئەنـدامەكەی پاپەنـد بێت بە بەرژەوەنـدیە حیزبیەكانی ئەوەوە لەكاتی دەنگدانـدا. ئا بەم شـێوەیە هەر لایەنێك داواكـاریەكی تـایبەتی لـە پەرلـەمانتار یـان جیـاوازی لێـی دەوێـت. . ئەندامەكانیش ڕۆڵـی خۆیـان بەشـێوازی جیاجیـا دەبینن، هەنـدێكیان خۆیــان بە خزمەتكــاری دەڤەرەكەی خۆیــان دادەنــێن و هەنــدێكی تریــان وەك سیاســەتمەداری پــلەبەرزی دەوڵەت و ســەركردەی حیزب دەبینن. هەروەهـا ئەندامەكان جیاوازن لە تەمەن، ئەزمـوون، كەلتور، زیرەكی و سووربون لەسەر

بەدیهێنانی ئامانج. لەبەر ئەمانە هیچ مۆدێلێكی جێگیر بۆ ئەندام پەرلەمان نییە، هەربۆیە هیچ ئەجێندایەكی ڕۆتینـی كـاری ڕۆژانە بـۆ ئەندام پەرلـەمانیش دانانرێ[١].

---

(١) پـول سـیلك و رودری والتـرز، كیـف یعمـل البرلمـان، ترجمـة د. علـی الصـاوی، مكتبـة الشروق الدولیة، القاهرة، ط. ١، ٢٠٠٤، ص. ١١٥.

زۆرینەی ئەو ڕێسایانەی کاری ئەندام پەرلەمان ڕێکدەخەن لە پەیڕەوی ناوخۆوە سەرچاوە دەگرێت کە بریتیە لە کۆمەڵێک ڕێسای ڕێکخراو بۆ پیادەکردنی کاری پەرلەمانی.

لە ڕوخساردا پەیڕەوی ناوخۆ بریتیە لە کۆمەڵە ڕێسایەکی تایبەت بە پێکهاتەی کارەکانی پەرلەمان و ئۆرگانە سەرەکیەکانی لەگەڵ دیاریکردنی ئەرکە هەمەچەشنەکانی پەرلەمان، لەبەرئەوەی دەستوور ئەو بنەما گشتیی و بنەڕەتیانە دادەنێت کە پێویستن بۆ بەردەوامی کاری پەرلەمان. بەڵام دەستوور ووردەکاریەکانی ڕێکخستنی داناوە بۆ سیستیمی پەیڕەوی ناوخۆ کە بەشێکە لەو زاراوە فراوانەی کە پێی دەوترێ (یاسای پەرلەمانی). کە ئەو یاسایانە لەخۆدەگرن کە پەرلەمان لە ڕووی پێکهاتە و بەڕێوەبردن و چالاکیەکانیاندا کاری پێدەکات، جا سروشتی ئەم ڕێسایانە هەرچییەک بێت، دەقی یاسایی بن، یان بەرهەمی پرۆسەی کارکردن بن، یان سەچاوەکەیان دەستوور، یاسا، وە یاخود پەیڕەوی ناوخۆ بێت.[١]

بە شێوەیەکی گشتی لە بنەما نەگۆڕەکانی دەستوور و یاسایی ئەوەیە کە هیچ دەسەڵاتێک لە دەوڵەتدا پیادەناکرێت بەدەر لەو تایبەتکاریەی کە دەستوور و یاساکان پێیبەخشیون، بەڵام پێویستە دەسەڵاتی یاسادانان وێڕای پابەندبوونی بە دەقە دەستووری و یاسایی و پەیڕەوە ناوخۆکانی خۆی، هەندێک ڕێساش لە عورف و نەریتی پەرلەمانییەوە وەرگیراون کە دەبێ پێیانەوە پابەند بێت.

---

(١) د. فتحی فکری، وجیز القانون البرلمانی فی مصر، ناس للطباعة، القاهرة، ٢٠٠٣، ص. ١٠. "فاقانون البرلمانی تعتبر اصطلاحی یشیر الی منظومة التشریعات و السوابق البرلمانیة العامة و لامقارنة التی تنظم اجرءات و سیر العمل فی البرلمان. انظر: د. علی الصاوی، القاموس البرلامنی العربی، الهیئة المصریة العامة للکتاب، ٢٠١٣، ص. ١٥.

هەمەجۆری کارەکانی پەرلەمان و فرەشێوازی بڕیار و تایبەتمەندی ڕێگاکانی بڕیاردان و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی، کە وا دەکات پەرلەمان جیاواز بێت لە دەسەڵاتەکانی تر، لەو ڕووەوە کە تایبەتە بە گفتوگۆ گشتیەکان و بڕیاردان لەسەر بنەمای دەنگدان. هەمیشە پەرلەمانەکان - لە سەرتاسەری جیهاندا- پەنادەبەنە بەر سەرچاوەکانی تر لەپێناو پڕکردنەوەی بۆشایی لەو ڕێسایانەی کارەکانی ڕێکدەخەن یاحود تەواوکارین بۆ ئەو ڕێکارانە. لەبەرئەوەی دەقە دەستووریەکان و ڕێسا یاساکانی تر بەتەنیا ناتوانن هەمووووردەکاری ڕێکخستنی کاروبار و پسپۆڕێتیەکانیان بەرجەستە بکەن، بۆیە ئەو سەرچاوانە - لە فەرمی بن یان نافەرمی- پێکەوە تەواوکەری یەکتر دەبن و پێیان دەوترێ یاسای پەرلەمانی. یاسای پەرلەمانی

وەک باسیکرا، بریتییە لە کۆمەڵە ڕێسایەکی فەرمانکەر بۆ پەرلەمان، لەڕووی پێکهێنان و لە ڕووی بەڕێوەبردنی و چالاکیەکانیدا، سروشتی ئەم یاسایانە هەرچییەک بێت (دەقە یاساییەکان، پیادەکردنە کردلریەکان[1])، یان لە هەر

(١) پێشینە و نەریتی پەرلەمانی لەسەر ڕێکارەکانی کاری پەرلەمانی پیادە دەبێت، ئەگەر ئەو نەرینە یا پێشینەیە لێکدانەوەی دەقێکی ناڕوون یان حوکمێکی شاراوەو نادیار بێت، لە باری لەم شێوەیەدا، بۆ ڕوونکردنەوەی ماناکەی پەنا دەبرێتە بەر پێشینە یان نەریت ، و بە ڕوونی دیاری دەکات و ناڕوونییەکەی لا دەبات، بەبێ ئەوەی حوکمێکی نوێ دروست بکات. یان کاتێ پیویستی بۆ چارەسەری کێشەیەک دێتە ئاراوە کە پەیڕەوی ناوخۆ چارەی نەکردووە، ئەوا ئەنجومەن ڕێسایەک دادەنێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەم و کوڕیەی لە حوکمە نووسراوەکاندا هەیە، ئەمەش بە شێوەیەکی کاتی، تا پەیڕەوی ناوخۆ هەموار دەکرێتەوە.

هەربۆیە پێویستە یاسادانەر هەموو ئەو پێشینەو نەریتانە وەربگرێ کە ئەنجومەن وەک ڕێسایەکی پەیگیر خۆی پێ پابەند کردوون و کاری پێکردوون.

سەرچاوەیەکەوە وەرگیرابن (دەستوور، یاسا، پەیڕەوی ناوخۆ، ڕێساکانی جێبەجێکردن) دەگرێتەوە.

---

هەروەها پێشینە دەقی دەستووری هەڵناوەشێنێتەوە، و لەگەڵ دەقێکی پەیڕەویش ناشێ پێچەوانە بێت، واتە لەگەڵ دەستوور تەنانەت لەگەڵ دەقێکی روونی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنیش پێچەوانە نابێ.
هەربۆیە پێشینە و نەریتی پەرلەمانی پاسەوانی سیستەمی پەرلەمانیین، و لەگەڵیدا ناکۆک نیین بەڵکو تەواوکەرن و پاڵپشتی دەکەن. پێشینەی پەرلەمانی ویژدانی بەکۆمەڵی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی پێکدەهێنێت، بەڵکو دووبارەبوونەوەی جێبەجێکردنی پێشینەیەکی پەرلەمانی دەبێتە عورفێک بۆ پەیڕەوی ناوخۆ و دەبێ جێبەجێ بکرێت، ئەمەش وای لێدەکات کە توانادار بێت بۆ بەردەوامی کاری پەرلەمانی و باڵکێشانی و ئەوانەشی کە پێی هەڵدەستن" بە ژمارەیەکی زۆرلە حوکم و پرینسپ کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ پێگەیشتن و پێشخستنی کاروباری پەرلەمانی.
بەم شێوەیە پێشینەی پەرلەمانی بەو ڕێکارە لەقەڵەم دەدرێت کە ئەنجوومەنە پەرلەمانیەکان کاریانپێکردووە, و دەقێک لە بارەیانەوە لە دەستوور یان یاسا یان پەیڕەوی ناوخۆدا نەهاتووە. پێشینەی پەرلەمانی بنەما و ڕێسای خۆی هەیە، لەوانە: دەبی لەدایکبووی خواستی بەکۆمەڵی راستەوخۆ و لەناکاو بێت <ئۆتۆماتیکی>، ئەمەش لە میانەهی گفتوگۆی جدی و قوڵ و پێشکەوتووی کاری پەرلەمانی لە ناو چوارچێوەی کارو بارێکدا کە بە رەواو دیموکرسیبوون بناسرێت، و کاری پێ کرابێت تا لە هۆشی ئەندامانی پەرلەماندا وەک ڕێسایەکی ڕێزلێگیراو جێ دەگرێت .
یان ئەو پێشینەیە لە مومارەسەی کاری پەرلەمانی پەرلەمانتارەکان وەردەگیرێت و جێ دەگرێت ، ئەوانەی بە شارەزایی و ئەدای بەرز و باڵاو ئەزموونی فراوان ناسراون، و کاریگەری زۆریتن هەیە لەسەر دروستکردن و هێنانەدی ڕێسایەک کە پەرلەمان کاری پێکردووە تا بۆتە پێشینە.
پێشینەی پەرلەمانی هێزی پەیگیری خۆی وەک ڕێسایەک لە زاتی خۆی وەردەگرێ، و هەروەها لە پێویست بوونی بۆ ڕێکخستنی کاری پەرلەمانی، و یان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ڕێکاریانەی کە دێنە ئاراوە وەک دەرئەنجامێکی سروشتی پێشخستنی کارکردن ، و ئەوەش کە پێداتویستییەکانی نوێبوونەوە دەیخوازێت، یان لە جیاوازی بیروبۆچوون لە شرۆڤە، و بە گوزارشت لە ویژدانی بەکۆمەڵی پەرلەمان هەژمار دەکرێت، مادام مەرجە یاساییەکانی وەدەستهێنا، و بەردەوامیش کاری پێکرا.
جێگیریی پێشینەی پەرلەمانی، و سەقامگیربوونی، بەڵگەیە لەسەر پێویستیبوونی، بە شێوەیەک دەبێتە جێی قبوڵکردنی لە لایەن پەرلەمانەوە خۆی دەسەپێنێ، و جێی رەزامەندی دەبێ ، و ئارەزوومەندە بۆ کارکردن پێیەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: إسماعیل فاضل حلواص آدم الشمري, الطبیعة القانونیة لقرارات مجلس النواب العراقي, رسالة ماجستیر, قدمت إلى مجلس كلیة الحقوق, جامعة نهرین, ٢٠١٥, ص ١٩- ٢٠.

توێژینـــەوەکان ڕۆڵـــی ئەنـــدام پەرلـــەمان نیشـــاندەدات لە نـوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەنـدیە گشـتیەکان و بەرگریکـردن لێیـان، لەگەڵ پەرەپێــدان و بەدەنگەوەچــونی داواکــاری و بەرژەوەنــدی دەنگـدەرەکانی خـۆی بەپێـی توانـا. لێـرەدا حەوت ڕۆڵ بـۆ ئەنـدام پەرلەمـان پێناسـە دەکرێـت: پشـتگیری بـۆ دیموکراسـی پەرلـەمـانی، چاودێریکردن و هاندان و لێپرسینەوە لە دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن، یاســادانان، تێگەیشــتن لەداواکارییەکــانی دەنگــدەران، پشــتیوانی دەنگــدەران، لەگەڵ داڕشــتنی سیاســەتی پــارتە سیاســیەکەی و پەرەپێدانی حزبەکەی خۆی[1].

لە پەرلەمــانی کوردســتاندا پەرلەمانتــار نــوێنەرایەتی خەڵکــی کوردستان- عێراق[2] دەکات و پیادەکردنی ئـەرک و فرمـانی حزبـی و سـوندیکا و ڕێکخـراوە جەماوەرییـەکان بـە مومارەسـەی کـاری وەزیفی و سەنعەتکاری و پیشەیی دانانرێت و[3]، پارێزگـاریکردن لە یەکڕیـزی گـەل و خـاکی کوردسـتان – عێـراق، لەگەڵ بەرژەوەنـدیە باڵاکانی لە ئەرکی ئەستۆی ئەودایە.[4]

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، p١١٦.

(٢) المادة الثالثة من قانون انتخاب برلمان كوردستان – العراق، رقم ١ لسنة ١٩٩٢ المعدل.

(٣) المـادة الخامسـة مـن قـانون انتخـاب برلمـان كوردسـتان – العـراق، رقـم ١ لسـنة ١٩٩٢ المعدل..

(٤) المادة السابعة والأربعون من قانون انتخـاب برلمـان كوردسـتان – العـراق، رقـم ١ لسـنة ١٩٩٢ المعدل..

# (١-٢)
# ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی سەرۆک لە دانیشتنی پەرلەماندا

سەرۆکی پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی ئەرکی سەرەکی، و دەسەڵاتی ڕێکخستنی ناوخۆیان هەیە کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دیـــاریکراوە، و دەکرێـــت لە چوارچێـــوەی ئەم تـــوێژینەوەیەدا پوختبکرێنەوە بۆ: دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی حوکمەکانی پەیڕەوی ناوخۆ و دەستەبەرکردنی ئاسایش و سیستەم لە ناو ئەنجومەن، و سـەرۆکایەتیکردنی دانیشـتنەکانی و بەڕێوەبردنی گفتوگۆکـان و ... هتد.

ســـەرۆکی ئەنجـومەن لەم چوارچێـوەیەدا کـاری ســـەرەکی دەکات، بۆ نموونە لە ئەنجومەنی گشتی بەریتانیادا، سەرۆک چوار کـار دەکـات: سـەرۆکایەتیکردنی ئەنجـومەن، دیـاریکردنی ئەوانەی مـافی قسـەکردنیان هەیە، مـاوەی قسـەکردن، لەگەڵ ڕێکخســتنی ڕێکارەکان، بە دڵنیابوون لەوەی کە هەموو کەسێک پابەندە بە یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ لەکاتی دانیشتنەکاندا. سەرۆک خاوەن دەسەڵاتە و بێلایەنە.

لە هەرێمـی کوردسـتان بەپێـی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستان (ماددەی ١٨)، سەبارەت بە بەرپرسیارێتی و دەسەڵاتی

سەرۆکی پەرلەمان لە بەڕێوەبردنی دانیشتنەکاندا لەم بارانەی خوارەوەدا دەخرێتە روو:

١- جێبەجێکردنی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ و و بڕیارەکانی پەرلەمان[١].

٢- کردنەوەی خول و دانیشتنەکانی پەرلەمان، و سەرۆکایەتیکردن و کۆتاییهێنان و دواخستن ودەستنیشانکردنی کاتی ئەنجامدانیان.

٣- بەرزەفتکردنی گفتوگۆکان و پارێزگاریکردن لة رێکاریەکان و ، لەگەڵ پاراستنی شکۆی پەرلەمان.

٤- گرتنەبەر رێکاری پێویست بۆ پاراستنی ئاسایش ئارامی و سیستیمی ناو پەرلەمان.

وە لەکاتی نەبوونی سەرۆک، ئەوا جێگری سەرۆکی پەرلەمان هەموو دەسەڵاتەکانی ئەو پیادەدەکات و بەشداری لەکاروباری سەرۆکایەتیدا دەکات.

ڕێساکانی ڕێکاری پەرلەمانی لە شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) کە بۆ ڕێکخستنی کاری پەرلەمان دانراوە دابەش دەکرێت بۆ چوار بەشی سەرەکی[٢]:

١- پراکتیزەکردن، کە تێگەیشتنێکی گشتی کە لە چەندین سەدە وە بنیاتنراوە، و پێویستی بە تۆمارکردنی فەرمی نییە (بەتایبەتی لە وولاتە پێشکەوتووەکاندا).

---

(١) انظر: النظام الداخلي لبرلمان إقليم كوردستان ٢٠٢٠/ المادة ١٨.

(٢) پەرلەمانی بەریتانیا، ڕێکاری پەرلەمێنتاری: ببینە: shorturl.at/tuQ15.

٢- (دەستوور- و یاسای پەرلەمانی) - سیستەمی بنەڕەتی، ئەو ڕێسایانەیە کە پەرلەمان کاری خۆی پێیان بەڕێوەدەبات. و شێوازی هەڵسوکەوتی ئەندامان و گفتوگۆکان ڕێکدەخات.
٣- لە ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا، ئەو حوکمانەی لە سەرۆکەوە دەردەچن پەیوەستن بەو ڕێکارانەی کە نێردراون بۆ سەرۆک بۆ ڕوونکردنەوە. و لە ئەنجومەنی خانەدانان ریکارەکان لە لایەن خودی ئەنجومەنی خانەدانەکانەوە پەرەیانپێدراوە، ئەمەش لە لایەن لیژنەی ریکارەکان کە پێداچوونەوە بەو پێشنیازانە دەکات کە بۆ گۆڕینی سیستەمی بنەڕەتی دەخرێنە روو.
٤- ڕێکارەکانی تری وەکو سوێندخواردن یان پێشکەشکردنی پڕۆژەیاسا بۆ پەرلەمان، بە یاسا پەرلەمانییەکان کۆنترۆڵ دەکرێن.

بە شێوەیەکی گشتی، لە پەرلەمانی کوردستانی عێراقدا یاسای ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٢هەموارکراو، و پەیڕەوی ناوخۆ، لەگەڵ بڕیارە یاساییە پەیوەندیدارەکان، پرینسیپەکان[1]، و عورفی پەرلەمانی، چوارچێوەیەکی گشتی بۆ کاری پەرلەمانی دەستنیشان دەکەن، بەهەمان شێوە بۆ ڕێکاری کاروباری ناو لیژنەکان و دانیشتنەکانی پەرلەمان. دەبێت ئەندام پەرلەمان لە کارەکەیدا و لە کاتی قسەکردندا هەردوو یاسای نێودەوڵەتی و ناوخۆیی لە

(١) حول المبادئ : د. عثمان علي ويسي، القوانين المنظمة للعمل البرلماني، مركز بحوث برلمان كوردستان، هەولير، ط١، ٢٠١٤، ص١٥-٢٦.

دەستوور و یاسا و ماددەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ڕەچاو بکات[1].

کاتێک کە دێتە سەر بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان؛ دەبێت سەرۆک چەند لێهاتوویەکی هەبێت بۆ سەرکەوتن و هەر ئەندامێکیش بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ مافی قسەکردنی خۆی بەکاربێنێت بەبێ ئەوەی کۆبوونەوەکە تێکبچێت یان سیستەم تێکبدات ئەم خاسیەتانەش بریتین لە[2]:

١- بەڕێوەبردنی باشی دانیشتنەکان: تایبەتمەندییەکی گرنگە کە دەبێت سەرۆک لێهاتوو بێت لەو لایەنەدا، و ئەمەش پێویستی تەواوی بە زانینی حوکمەکانی دەستوور و ڕێسا و ڕێکار و ئامانجەکانیان هەیە، لەگەڵ یەکسانکاری لەنێوان ئەندامان بەبێ جیاوازی و پیشاندانی لێدوانەکان بەپێی لۆژیک و یاسا.

٢- دەبێت سەرۆک خاوەن ویژدانێکی دادوەرانە و ڕۆحی هەمیشە زیندووی یاسادانەری تێدابێت، و نیشانی بدات کە پێداگرە و پابەندە بە دەقەکانەوە، تا ئاڕاستەی گفتوگۆکان بە شێوازێکی تەندروست بەرجەستە بکات لە دانیشتنەکاندا.

٣- مامەڵەکردن لەگەڵ قسەکەر بەیەکسانی: دەبێت سەرۆک بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ قسەکارەکاندا بکات لەکاتی دەربڕینی ڕای خۆیان و پیادەکردنی مافی ئاخاوتنیان، وە نابێت جیاکاری لە نێوانیاندا بکات.

---

(١) د. عوسمان عەلی وەیسی، سەرچاوەی پێشوو، پ ٢٧.

(٢) د. زین بدر فراج، المكلمة البرلمانية – ضوابط الكلام تحت قبة البرلمان، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة ، ٢٠٠٧، ص٤٧.

٤- کاریگەریدانەنان لە سەر قسەکەر: نابێت سەرۆک کاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر توانای قسەکار لەکاتی گفتوگۆدا، بەتایبەتی لەکاتی پیادەکردنی مافی چاودێریکردندا وەکو پرسیار و پرساندن .

٥- نەرمی نواندن لە جێبەجێکردنی پەیڕەودا و پابەندنەبوون بە پیادەکردنی رەق و حەرفی پەیڕەو: دەبێت سەرۆک پابەند نەبێت بە جێبەجێکردنی حەرفییەتی حوکمەکانی ڕێسا و ڕێکارەکان کە تایبەتن بە مافی ئاخاوتنی ئەندامان و بڕیاردان لە سزای پێشێلکردنی سیستمی گفتوگۆ.

٦- نابێت پەلەبکات لە کۆتاییهاتنی دانیشتنەکانی پەرلەمان، بەبێ هۆکاری یاسایی و ئەمنی: دەبێت سەرۆک خۆی بەدوور بگرێت لە پێشێلکردنی مافەکانی یاسادانانی ئەنجومەن و مافی ئەندامان بۆ ئاخاوتن لە کاتی خۆیاندا.

٧- دەبێت کەسایەتیەکی ڕۆح سوکی و قسەخۆشی ناوبەناوی هەبێت، هەندێکجار دانیشتنەکان کاتێکی زۆر دەخایەنن و کەشێکی بێزارکەر دێتە ئاراوە، وا پێویست دەکات سەرۆک کەشێکی پێکەنین یان خۆشی و نوێگەری بخولقێنێت.

## (١- ٣)

# مافی قسەکردن لە دانیشتنە گشتیەکاندا

زاراوەی 'Parliament' واتە شوێنی ئاخاوتن یان گفتوگۆکردن، بۆیە گرنگترین لایەنی کاری پەرلەمان قسەکردنە.

ئەگەر ڕێکخستن پێویستیەک بێت بۆ هەموو کارەکانی پەرلەمان، ئەوا گرنگترین کار ڕێکخستن دەبێ بیکات پرسی گفتوگۆکانە، چونکە کەمترین کێشە لە سیستمی گفتوگۆدا دەبێتە ئیفلیجکردنی چالاکی پەرلەمان و دانیشتنەکە دەشێوێت، یان زیاتر وەک گفتوگۆیەکی کۆڕە گشتییەکانی لێدێت. بۆیە لەماددەی ٥٤-٥٨ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەدراوە بە سنوورەکانی مافی ئاخاوتن، و ڕوونکردنەوە بۆ ڕیزبەندی و مۆڵەتی ئاخاوتن و لەنێویشیاندا خاڵی پەیڕەوی.

لە ڕێسا بنچینەییەکانی پەرلەماندا جۆرە ڕێکەوتنێک هەیە لەسەر بابەتی گفتوگۆکردن ناو دانیشتنە گشتیەکانی پەرلەمان. وە ئاخاوتن بە مەبەستی خستنەڕووی گوتار یان لێهاتوویی ڕەوانبێژی نییە، بەڵکو ئاخاوتن بریتیە لە مشتومڕێکی مەبەستدار و بەڵگە بەبەڵگە و ئاڵوگۆڕی بیروڕا بە بیروڕا. ئاخاوتن لە دانیشتنە گشتیەکاندا بریتییە لە گفتوگۆیەکی بابەتی نەک تەنها بە مەبەستی گفتوگۆکردن، بەڵکو بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامێک لەپێناو خودی بابەتەکە خۆیدا. ئەگەرنا؛ دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی کاتی دانیشتن و بەرژەوەندی ئەو هاونیشتمانیانەی چاوەڕوانی بڕیاری

پەرلەمـان دەکەن بـۆ کێشـەکانیان. وە هەروەهـا دووبـارەکردنەوەی لێـدوانەکانی کۆبــوونەوەکەش ئامــاژە بەوە دەکــات کە ئەنــدامان مشتومڕەکانیان بەتاڵکردۆتەوەو چیتر قسـەی نوێیان پێنیە بیکەن، ئەوەش ئەرکــی ســـەرۆکی پەرلەمـــانە – لەوکــاتەدا- کۆتــایی بە گفتوگـۆکە بهێنێـت. یەکێـک لەهۆکارەکـانی ئەم بنەمـایە: (داخســتنی دەرگـای گفتوگـۆ) لەپەیـڕەوە ناوخۆییەکانـدا، هەسـتی سـەرۆک یـان پەرلەمانە، بۆ دووبارەبونەوەی قسەکان و نەبوونی قسەی نوێ بۆ زیـــادکردنی بـــابەتەکە. هەربـــۆیە وتـــارە درێژەکـــان کە پێشـــتر نووسراون، زۆربەی کاتەکانی پەرلەمان دەگرن.(١)

### (١-٣-١) ڕێساکانی گفتوگۆکردن

ئەم خــاڵانەی لای خــوارەوە چــۆنیەتی ئەنجامــدانی گفتوگــۆ نیشاندەدات کە لە نێو پەرلەمانی بەریتانیادا پیادەدەکرێن(٢):

١- پێشبینیکردن (Anticipation):

بــۆ دیــاریکردنی ئەگەری گفتوگــۆیە کە ئایــا دەکەوێــتە نــاو چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆ یان نـا، لەسـەر بنەمـای پێشـبینیکردن. پێویســتە ســەرۆک پەرلەمــان ڕەچـاوی ئەوە بکـات و لەمـاوەیەکی گونجاودا مەسەلەی چاوەڕوانکراو پێشکەش بەئەنجومەن بکات بۆ دەنگدان و چارەسەرکردنی کێشەکە.

٢- دەســـەڵاتەکانی ســـەرۆک بـــۆ پێشـــنیازکردنی پرســـیار (Powers of chair to propose question):

---

(١) د. محمد سالم المزروعي، دليل نظام أعمال المجلس الوطني الإماراتي، المجلس الوطني الاتحادي، أبو ظبي – دبي، دون سنة طبع، ص٩٩.

(2) Standing order, Public business 2019, Ordered by The House of Commons In British, to be printed 5 November 2019,P.37 –38.

کاتێک ئەندام لە هەنگاوناندایە بۆ پێشکەشکردنی پێشنیازی گواستنەوە یان هەمووارکردنەوە لە هەر قۆناغێکی ڕێکارەکانی پەیوەست بە پڕۆژە یاسادا بێت، دەکرێت ئەندامەکە لە شوێنی خۆیەوە هەڵسێت و داواکاری گواستنەوەکە بکات، "پرسیارەکە ئێستا کراوەیە"، وە ئەگەر بۆ سەرۆک ڕوون نەبێت ئەگەر پێشنیازەکە دەبێتە جۆرێک لە پێشێلکاری لە ڕێساکانی پەرلەماندا، ئەوا پرسیارەکە یەکسەر دەکرێت "ئێستا پرسیارەکە دەکرێت".

٣- گفتوگۆکردن بۆ پێشنیازی دواخستنی دانیشتن
(Debate on motion for the adjournment of the House):

سەرەڕای ئەو پیادەکاریە پەرلەمانییەی کە ڕێگە نادات لە کاتی گفتوگۆی پێشنیازی دواخستنی دانیشتن هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەو بابەتانەی پێویستیان بە چارەسەری تەشریعی هەیە بکرێت؛ سەرۆک پەرلەمان دەتوانێت ڕێگە بدات بەم ئاماژەیە بدات بۆ گرتنەبەری ڕێکاری تەشریعی، و وا بیبینێت کە پەیوەندیدارە بە پرسێکی ئیدارییەوە، کاتێک پیادەکردنی ئەو ڕێپێنەدانە – بەڕای ئەو- بۆ ئەم جۆرە بابەتانە گفتوگۆکە کۆتبەند دەکات، بەبێ ئەوەی بوونی ئەم جۆرە کۆتە پێویست بێت.

**(١-٣-٢) پەیڕەوکردنی ڕێساکانی ڕۆبێرت**

یاساکانی ڕۆبێرت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٧٦ و زۆربەی یاساکانی هەڕەمەکی نین، بەڵکو لەسەر پێنج بنەمای بنەڕەتی داهێنراون. زانینی ئەو لۆژیکانەی لە پشت ئەم ڕێسایانەوەن یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە چەندین ڕێسای دیاریکراوی تر:

١- یەکسانی مافەکان (Equality of Rights): ڕێکارە پەرلەمانییەکان لەسەر ئەو چەمکە دادەمەزرێن کە مافی هەموو

کەسێک لە هەر دامەزراوەیەک یەکسانە بە مافی هەر کەسێکی تر لەو گروپەدا.

٢- مافی یەکسان بۆ گفتوگۆکردن (Discussion Equality of): لەو پرنسیپەوە سەرچاوە دەگرێت کە ناتوانیت خەڵک جیا بکەیتەوە لەو گروپەدا کە ڕێکاری پەرلەمانی بەکاردێنن. و هەر ئەندامێک خاوەن مافێکی یەکسانە بۆ ئاخاوتن لەسەر هەر بابەتێک. گفتوگۆکردن مافێکی بنچینەیی هەر ئەندامێکە.

٣- مافی یەکسان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ( The Right to Information): سێیەمین بنەمای بنەڕەتی ڕێکاری پەرلەمانی لە مافی زانینی ووردەکاریەکان بنچینەدەگرێت، کە مافی هەر ئەندامێکە کە تەواوی زانیاریەکانی لابێت تا بەهۆیەوە هاوکاری بکات بۆ وەرگرتنی بڕیاردان. ئەگەر تۆ کۆبوونەوەیەکی تایبەتت هەبێت (کۆبونەوەکە هێشتا بە ڕێکوپێکی ڕێکنەخراوە) بۆ نمونە، پێویستە بە هەموو کەسێک بڵێیت کەی و لە کوێ دەبەسرێت؟ و باسی چی تێدا دەکرێت؟ و لەکاتی کۆبوونەوەکەشدا پێویستە هەموو لایەک ئاگاداربکەیتەوە دەربارەی ئەو بابەتانەی خراوەنەتە دەنگدانەوە و چۆن دەنگیان پێدەدرێت.

٤- بڕیاری زۆرینە (Majority Decision): سەبارەت بە یاسای زۆرینە لە ڕێکارەکانی پەرلەمانیدا، ئەگەر تۆ ڕازی نیت لەسەر کرداری زۆرینەی گروپەکەت، دەبێت بیر لەوە بکەیتەوە کە ئایا دەتەوێت بەشێک بیت لەو گروپە یان نا؟ تۆ دەبێت بزانیت کە پابەندبوون بە خواستی گروپەکە بەشێکە لە ژیان. لە ئەنجومەندا، کە پەیڕەوی ڕێکارە پەرلەمانیەکان دەکات، ئەگەر بتەوێ زۆرینە کارێکی پەرلەمانی بکەن؛ دەبێت بەرەو پێشەوە بڕۆیت یان (زۆرینەیەک) بۆ خۆت دروستبکەیت بۆ گۆڕینی کارەکان.

٥- مافی کەمایەتی (Minority Rights): بۆ تەواوکردنی پرنسیپی چوارەم، سەرەڕای حوکمی زۆرینە، کەمینەش مافی هەیە. لەوانەیە ئەمڕۆ تۆ لە زۆرینەدا بیت بەڵام سبەینێ بکەویتە ناو کەمینەوە. بە گشتی لە ئەزموونی خۆمەوە بینیومە کە خەڵکی دەتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەنجامێک بکەن کە حەزیان لێی نییە بەمەرجێک هەست بکەن پرۆسەکە دادپەروەرانە بووە، چونکە کپکردنی دەنگی کەسێک خەڵکی بێزار دەکات، بۆیە دەبێت زۆر هەوڵ بدەیت بۆ ڕێزگرتن لەمافەکانی کەمینە.

ئەوەی جێی ئاماژەیە کە پارێزگاریکردن لە سیستیمی دانیشتن لە ئەنجومەندا ئەرکی سەرۆکی پەرلەمانە و ناتوانێت دەستبەرداری دەسەڵاتەکەی بێت یان بیگوازێتەوە بۆ ئەندامان یان بۆ چاودێران. بەڵکو دەبێت دەسەڵاتەکانی خۆی ڕاستەوخۆ پیادەبکات. تەنیا ئەو دەتوانێت لەکاتی گفتوگۆکاندا سەرنجی ئاخاوتنکار ڕابکێشێت بۆ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی پەیڕەوی ناوخۆ، و پاراستنی سیستمی ئاخاوتن و بابەتەکە.

لەدەوڵەتێکی وەک لوبناندا سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵدەستێ پاراستنی سیستەم و ئاسایشی ناو ئەنجومەن. ناکرێ بانگهێشتی هێزە ئەمنییەکان بکرێت کە سەر بەپۆلیسی پەرلەمان نین بەبێ داواکاری ئەو. هەر خۆی دەتوانێت ڕێکارەکان جێبەجێ بکات و ڕێگەبدات بە ئاخاوتن یان ڕێگری بکات بەپێی پەیڕەو، وە هەروەها فەرمان بدات بە تۆمارکردنی لێدوانی ئەندامان لە کۆنوسەکاندا، و لێدوانی ئەو کەسانە دەسڕێتەوە کە مۆڵەتیان پێنەدراوە، و ئەو پرسیارانە ئاراستە بکات کە پێویستن بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتن، و بڕیارەکانی ئەنجومەن ڕادەگەیەنێت، و ڕێگەپێدراوە بۆ دەنگدان وەکو هەر ئەندامێکی تر[1].

---

(١) المادة ٥٠ من النظام الداخلي لمجلس النواب اللبناني ١٩٩٤/١٠/١٨ المعدل في ٢٠٠٣.

## (١-٤)

# ئەو حاڵەتانەی کە هەمیشە مۆڵەتی قسەکردنیان تێدا دەدرێت

زۆربەی پەرلەمانی وولاتان کۆمەڵێک ڕێسای ڕێکاریان داناوە کە ئەو میکانیزمە ڕێکدەخات کە ئەندام لەمیانەیەوە مافی ئاخاوتن پیادەدەکات. ئەمەش بۆهێنانەدی جۆرێک لە سیستەم لەناو پەرلەمان، و سوودمەندبوون لە کاتی دەستنیشانکراوی دانیشتنە پەرلەمانیەکان بە شێوەیەکی ئەرێنی، و ڕێگریکردن لە خوڵقاندنی گفتوگۆی نەرێنی لەلایەن ئەندامانەوە، بەشێوەیەک کە کاریگەری لەسەر ئەرکە سەرەکیەکانی پەرلەمان دابنێت، ببێتە هۆی ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە بە شێوەیەکی باش ئەمەش لەپێناو بەرژەوەندیە هەمووان[١].

هەندێک حاڵەت هەیە کە پەرلەمانتار مۆڵەتی ئاخاوتنی پێدەدرێت، بەو مانایەی کە دەبێت سەرۆکی پەرلەمان مۆڵەتی ئاخاوتن بداتە داواکار لە کاتی داواکاری ئاخاوتن بۆ ئەو بابەتانەی خوارەوە، سەرۆک پەرلەمان گفتوگۆکە ڕادەگرێت، و پاش تەواوبوونی قسەکار، و دەستبەجێ بڕیار لەسەر ئەو داواکارییە دەدات. و ئەنجومەنەکە بۆی هەیە داوای تێهەڵچونەوە بۆ بڕیاری سەرۆک پەرلەمان بکات، و لەو حاڵەتەدا سەرۆک داواکە دەخاتە دەنگدانەوە.

(١) د. منى يوخنا ياقو وأفين خالد عبدالرحمان، القواعد الإجرائية المنظمة لعمل عضو البرلمان، مجلة جامعة تكريت للحقوق، السنة ٢ المجلة ٢ العدد ٢ الجزء١، آذار ٢٠١٨، ص ٥٨.

ڕیزبەنـــدی ئەو حاڵەتـــانە وەک لە یاســـاکانی پەیـــڕەوی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئوردوندا هاتووە بەم شێوەیەیە[1]:

١- خاڵی پەیڕەو.

٢- داواکاری بۆ دواخستنی گفتوگۆ.

٣- داواکاری بۆ ڕاستکردنەوەی ڕووداوێکی داواکراو.

٤- داواکـاری بـۆ وەڵامـدانەوەی قسـەیەک کە کـاریگەری هەیە لەسەر کەسی داواکاری ئاخاوتن.

٥- داواکاری کشانەوەی پێشنیاز.

٦- داواکاری بۆ ناردنی بابەتێک بۆ لیژنە.

٧- داواکاری بۆ داخستنی گفتوگۆ.

لەمەودوا جەختدەکەینەوە لەسـەر بـابەتی خـاڵی پەیـڕەو. بەڵام سـەبارەت بە داواکـاری دواخسـتنی گفتوگـۆ، بـریتیە لە داواکـاری ئەنـدام بـۆ پاشخسـتنی گفتوگۆکردن لەسـەر بڕگەیەکـی تـایبەت بـۆ کاتێکی دیاریکراو، لەگەڵ هۆکارەکان بۆ ئەو داواکاریە بەشێوەیەکی پوخـت، ئەگەر پێشـنیازەکە ستایشـکرا؛ ئەوا دەسـبەجێ سـەرۆک دەیخـــاتە دەنگـــدانەوە بەبـــێ گفتوگـــۆکردن. ســـەبارەت بە ڕاســتکردنەوەی ڕووداوێــک کە داواکــار داوایــدەکات ئەوەیە کە ڕوونکردنەوەیەکی کورت لەسـەر خـاڵێکی گرنگی بـابەتی گفتوگۆکە دەدرێت و پێویستە ڕاییگەیەنرێت لەناو دانیشتنەکەدا.

دەکرێـت هەر ئەنـدامێک وەڵامـدانەوەی هەبێـت بـۆ ئەو بـابەتە نادروســـتانەی خـــراوەنەتە پـــاڵی، یـــان ئەو زاراوە نەشـــیاوانەی

---

(١) المادة ٩٧ من النظام الداخلي لمجلس النواب الأردني. وانظر: د.مصطفى ياغي والدكتورة رلى الفرا الحروب والقاضي لؤي عبيدات والمحامي كمال المشرقي والمحامي معاذ المومني، دليل العمل البرلماني في الأردن، مؤسسة فريدريش ايبرت، ٢٠١٧، ص٢٠١٧,٨٣AM٨٣.

بەکارهێنراوە لە دژی ئەو، یان بەهەڵە تێگیشتن هەبوە لەبارەیەوە، یاخود تایبەتە بە هەڵوێستی ئەو. ئەگەر ڕاستەوخۆ لەدوای ئاخاوتنکار داوابکات، و یاخود لەهەر کاتێکی تردا بیکات بۆ نکۆڵیکردن لێیان، و یان ڕاستکردنەوەی تیگەیشتنی هەڵە، و مافی هەیە داوای پۆزشهێنانەوە بکات لە ئاخاوتنکار، و یاخود ناردنی حاڵەتەکە بۆ لێکۆڵینەوە[1].

لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پیرانی ئوردوندا ڕێگەدەدرێت بە ئەندامان بەپێی ئەم ئەولەویەتانەی خوارەوە قسە بکەن[2]:

١- **خاڵەکانی پەیڕەو:** لە کاتی گفتوگۆکردنی هەر بابەتێکدا، ئەندام بۆی هەیە داوای خاڵی پەیڕەوی بکات، و دەبێت سەرۆک دەستبەجێ بڕیاری لەسەر بدات.

٢- **وەستان، یان دواخستنی دانیشتن:** لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر هەر بابەتێک، ئەندام دەتوانێت پێشنیازی ڕاگرتن یان دواخستنی دانیشتنەکە بکات. ئەگەر هەر پێشنیازێکی لەم شێوەیە ستایش بکرێت، ئەوا دەبێت دەستبەجێ بێ گفتوگۆ بخرێتە دەنگدانەوە.

٣- **دواخستنی گفتوگۆ:** لە کاتی گفتوگۆکردنی هەر بابەتێک، ئەندام بۆی هەیە پێشنیازی دواخستنی گفتوگۆ لەسەر بڕگەیەکی تایبەت بکات کە باسی دەکرێت، و دەبێت ئەندامەکە ئاماژە بەوە بکات کە ئایا پێشنیازەکەی بۆ دواخستنی گفتوگۆکە بۆ کاتێکی نادیارە یان بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە، ئەگەر هەر پێشنیازێکی لەم شێوەیە ستایش بکرێت، ئەوا دەبێت دەستبەجێ بێ-گفتوگۆ بخرێتە دەنگدانەوە.

٤- **داخستنی دەرگای گفتوگۆ:** لە کاتی گفتوگۆکردنی هەر بابەتێک، ئەندامەکە بۆی هەیە پێشنیازی داخستنی گفتوگۆ بکات، بێ

(١) المواد ١٠٠، ١٠١، ١٠٢ النظام الداخلي لمجلس النواب الأردني لسنة ٢٠١٣.
(٢) المادة ٧٣ من النظام الداخلي لمجلس الأعيان الأردني لسنة ٢٠١٤.

گوێـدانە ئەوەی کە ئایـا هـیچ ئەنـدامێکی دیـکە ئـارەزووی قسـەکردنی دەربڕیـوە یـان نـا. ئەگەر پێشـنیازێکی لەو شـێوەیە ستایشکرا، دەبێت سـەرۆک ئاماژە بەو پێشنیازانە بکات کە لە کرۆکی بابەتەکەوە باسییان لێدەکرێت، و دەبێت دەنگی لەسـەر بدرێت لە پاش داخستنی گفتوگۆکە. دەکرێت ڕێگا بەزۆری ڕێگە بە دوو قسـەکار بـدرێت بـۆ ئەوەی ڕوونـی بـکەنەوە کە بـۆچی نـاڕازین لەو پێشـنیازەی بـۆ داخسـتنی گفتوگـۆکە کـراوە و سـەرۆک پەرلەمـان دواتـر پێشـنیازەکە دەخـاتە دەنگـدانەوە و ئەگەر لەلایەن ئەنجومەنەوە پەسەند کرا، ئەوا سەرۆک پەرلەمان داخستنی دەرگای گفتوگۆ ڕادەگەیەنێت.

٥- **دووبارە پشکنینەوەی پێشنیازەکان:** کاتێک پێشنیازێک پەسـەند دەکرێت، یان ڕەتدەکرێتەوە، نابێت جارێکی تر لە هەمـان خولـدا باسبکرێتەوە، مەگەر ئەنجومەن بڕیـار بـدات بە دەنگی زۆرینەی دوو لەسـەر سـێی ئەنـدامەکانی. و هەروەهـا مـۆڵەت نادرێـت بە باسکردنەوەی هەمان پێشنیاز بۆ زیاتر لە دوو قسـەکار کە دژی پێشـنیازەکە بـوون، و دەسـتبەجێ پێشـنیازەکە دەخـرێتە دەنگدانەوە.

٦- **مافی وەڵامدانەوە:** ئەندام مافی خۆیەتی وەڵام بداتەوە سەبارەت بە لێـدوانێک کە کـار دەکـاتە سـەر خـودی خـۆی، یـان بـۆ ڕاسـتکردنەوەی ڕووداوێـک، یـاخود هەڵە تێگەیشـتنێک لە قسەکانی[1].

(١) المواد ٧٤ – ٧٩ من المصدر السابق.

بەپێی ڕێنماییە ناوخۆکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی میرنشینی عەرەبی یەکگرتوو، ئاخاوتن لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا ڕێگەپێدراوە[1]:

١- سەرنجڕاکێشان بۆ پەیڕەوکردنی حوکمەکانی دەستوور و پەیڕەوی ناوخۆ.

٢- وەڵامدانەوەی وتەیەک کە کاریگەری هەیە لەسەر ئەو کەسەی کە داوای قسەکردن دەکات.

٣- داوای دواخستن یان بەلاوەخستنی بابەتی گفتوگۆی بەردەست، تا بڕیار لەسەر بابەتێکی تر یەکلادەبێتەوە.

٤- داواکاری داخستنی گفتوگۆ.

ئەم داواکاریانە، بەوشێوەیەی کە هاتووە" بەپێی ئەولەویەتیان هەیە لەسەر بابەتە سەرەکیەکە، و دەبێتە هۆی وەستانی گفتوگۆ تا بڕیاری ئەنجومەنی بۆ دەردەچێ.

لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی پەرلەمانتارانی عەرەبیدا، ئەولەویەت دەدرێت بە کەسی داواکاری ئاخاوتن. ئەگەر ئەندامێک پەیڕەوی ناوخۆی پێشێل کرد، یان داوای دواخستنی گفتوگۆی کرد بۆ کاتێکی تر، یان داوای کرد کە باهبەتەکە تێر گفتوگۆبووە و بەسیەتی، یان داوای کۆتاییهێنان یا هەڵپەساردنی دانیشتنی کرد، یاخود داواکارای دواخستنی گفتوگۆی کرد بۆ کاتێکی نەزانراو. لەکاتی پێشنیازکردنی یەکێک لەمانەدا گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی بەردەست ڕادەوەستێنرێ تا داواکاریەکە بڕیاری لەسەر دەدرێت. پێویستە ئەو داواکاریە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا بە کورتی پێشکەش بکرێت و دەستدەکرێتەوە بە گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتەی لەپێش داواکاریەکەدا بەردەست بوو. تەنها مۆڵەتی

(١) المادة ١٠٣ من اللائحة الداخلية للمجلس الوطني الاتحادي للإمارات، الصادرة بقرار رئيس الدولة رقم ١ لسنة ٢٠١٦.

ئاخـاوتن دەدرێـت بە کەسـی داواکـار یـان کەسـێکی ڕکـابەر و بـۆ ماوەیەک کە هەریەکەیان لە سێ خولەک زیاتر نەبێت[١].

لە ئەنجومەنی گشتی بەریتانیـادا، دەکرێ هەر ئەندامێک داوای گفتوگـۆیەکی بەپەلە بکـات، بەپێـی مـاددەی ٢٤ی پەیـڕەوی نـاوخۆ. چەند نموونەیەکی کەمی ئەم جۆرە گفتوگۆیـانە هەیە، بەڵام هیچکام لەمـــانە لە خـــولی ١٩٩٤-١٩٩٥ەوە بـــۆ خـــولی ١٩٩٦-١٩٩٧ ەوە ڕوویـان نەداوە. ئەنـدام بـۆی هەیە ئەم ئـامرازە بەکـاربهێنێ لەسـەر بابەتێک کە بە مەترسیداری دەزانێت و گشـتییە، بۆ نمونە لەوانەیە پەیوەنـدی بە داخسـتنی کـارگەیەکی گەورەوە هەبێـت لە بـازنەکەی خۆیدا، یان کاریگەری بڕیارێکی ئەوروپی هەبێت لەسـەر کاروبـاری ماســـیگرانی نـــاو بـــازنەکەی، یـــان تۆمەتیبـــارکردن لەبـــارەی مـــامەڵەکردنی پۆلیســـەوە هەبێـت. سـەرۆکی ئەنجـومەن ڕەچـاوی داواکـاریەکە دەکـات و ڕەزامەنـدی گفتوگـۆکردن نـادات تەنیـا ئەگەر بابەتەکەی زۆر جددی بێت و گرنگی نیشتمانی هەبێت و نەتوانرێت چارەســـەر بکرێـــت لەڕێـــگە پەرلەمانیەکـــانی تـــرەوە. لەبەرئەوە گفتوگــۆکردنی ئەم جــۆرە داواکاریـــانە گەلێـــک کەمبـــوونەتەوە و ئەنجـومەن لە ٨٨ حـاڵەتەوە کە لە خـولی ١٩٨٧-١٩٨٨دا ڕویـداوە کەمبۆتەوە بۆ تەنیا ١٧ حـاڵەت لەمـاوەی چـوار خـولی هەڵبژاردنـی بەر لە ســاڵی ١٩٩٧. هەروەهــا ســەرۆکی ئەنجــومەن بەبـایەخەوە ئاگـاداری ئەنـدامانە بـۆ ئاڕاسـتەکردنیان لـــە ســـەرپێچینەکردن لە ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆ و خراپ بەکارنەهێنانی[٢].

---

(١) ببينه: المادة ٢٨ من النظام الداخلي لاتحاد البرلمان العربي.

(٢) بول سيلك ورودري والترز، مصدر سابق، ص١٢١. وقد رفض المجلس توصيات لجنة الإجراءات البرلمانية بأن يقوم العضو الذي يتقدم بطلب مناقشة عاجلة بإخطار رئيس المجلس بطلبه أولاً، وأن يقتصر الكلام على من يوافق الرئيس على طلبه.

له کۆبوونەوەی ئەنجومەنی گشتیدا بڕگەیەک هەیە بە ناوی "ئەو بابەتانەی لای ڕای گشتی بایەخدارن"، کە چوار جۆر بابەتی تێدایە[1]:

**جۆری یەکەم:** کاتێ لە رووی پرینسیپەوە گفتوگۆ دەکرێت لەسەر پڕۆژە یاسایەک، واتە لە قۆناغی خوێندنەوەی یەکەمدا ، لێرەدا کۆمێنتەکان کورت و گشتین.

**جۆری دووەم:** داواکاریەکانی حکومەت لەبارەی ڕێکخستنی بەرنامەی کار لەپێناو وەستاندنی هەندێ بەندی پەیڕەوی ناوخۆ، یان گرتنەبەری کارێک کە پێشتر نەکراوە. دەکرێ گفتوگۆی گشتی لەسەر ئەم بابەتانە بکرێت، و دەنگدان لەسەریان بدرێ. بۆ ئەوەی حکومەت دوورکەوێتەوە لەسەر گفتوگۆی ئەمانە و لە کۆتایی کارنامەی ڕۆژی پێشوو دادەنرێت، کاتێک زۆربەی ئەندامان پێشتر بەجێیان هێشتبوو، بۆئەوەی داواکاریە کە بە ئاسانی تێبپەڕێ.

**جۆری سێیەم:** ناردنی (احالة)ی بابەتێکی تایبەت بۆ لیژنەکانی ئەنجومەن.

**جۆری چوارەم:** پەیوەندی بەباسکردنی پەیڕەوی ناوخۆوە هەیە بەپێی ماددەی ١٩، کە بەزۆری لەلایەن ئەندامانی کورسیەکانی پشتەوە پێشکەش دەکرێت، وە پێی دەوترێت (ماوەی ١٠ (دە) خولەکی)، و زۆربەی کات لە سێشەممە و چوارشەممەدا ڕوودەدات. کاتێک کە ئەندامێک پڕۆژە یاسایەکی نوێ پێشنیاز دەکات و هۆکارەکانی پێشنیازەکە لە

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٢.

١٠ خولەكـدا ڕوونـدەكاتەوە. ئەنـدامێكی دژ بە پێشـنیازەكە دواتـر دەتوانێـت بـۆ مـاوەیەكی هاوشـێوە قسـە بكـات و هۆكارەكـانی دژایەتیـیەكەی ڕوون بكـاتەوە، پاشـان دەنـگ لەسـەر پێشـنیازەكە دەدرێـت. ئەم ڕێكـارە لە پەرلەمـانی بەریتانیـا زۆر بەناوبـانگە و سـەرنج و بەدواداچـوونی ڕای گشتی زۆری هەیە. ئەندامان نەک تەنیا بۆ هەمواركردنەوەی یاساكان بەكاری دەهێنن، بەڵكو بۆ دەربڕینی بیروڕای خۆیان و ناسـاندن گەیانـدنی هەڵوێسـتیان بـۆ ڕای گشـتی بەتـایبەتی لەسەر بابەتە جەوهەریەكان. دەبێت ئەندام داواكاریی بەر لە نزیكەی سێ هەفتە پێشكەشبكات پێش ئەوەی لە كارنـامەكەدا تۆماربكرێـت، بـۆیە ئەنـدامەكان كێبڕكێیـانە بـۆ تۆمـاركردنی داواكاریە تەشریعیەكانیان[1].

سەرۆكی ئەنجومەنەكە دەرفـەتی ئاخـاوتن دەداتە ئەندامەكە، و ئەولەویەتیش – بە پێی دەسـەڵاتی تەقدیری— دەداتـە سـەرۆک و سـەركردەكانی حـزب، و ئەو ئەنـدامە نوێیـانەی كە پێشـتر قسـەیان نەكـردووە. ئەنـدامان پێشـوەخت داواكاریەكانیـان پێشـكەش بە سـەرۆكی پەرلەمـان دەكەن، بەڵام پابەنـد نـابێ بە ڕیزبەنـدی تۆمارەكـان، وەک لە زۆربەی پەرلەمانەكـانی تـردا ڕوودەدات. بـۆیە هەریەكێـک لەو ئەندامانـە لە دوای تەواوبـوونی ئاخاوتنێـک خۆیـان ئامـادەدەكەن و هەریەک پێـی وایە ڕۆڵـی خـۆیەتی، بەڵام هەر زوو دادەنیشـنەوە كاتێـک سـەرۆكی ئەنجـومەن تەنیـا یەک لەوان بانـگ دەكات و بەم شێوەیە هەوڵدەدەن بۆ ڕاكێشانی سـەرنجی سـەرۆكی ئەنجومەن.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٢.

هەروەها هەندێک ڕێسای تایبەت بە ناوەڕۆکی ئاخاوتن هەیە گرنگترینیان بریتیە لە: (خۆ بەدوورگرتن) لە گفتوگۆکردنی بابەتێک هێشتا لەبەردەم دەسەڵاتی دادوەریدایە، و دووبارە نەکردنەوەی بابەتێک پێشتر لەلایەن ئەندامانی تر گوتراوە. لە ئەنجومەنی لۆردەکانەوە پێرستێک بە داواکاریەکانی قسەکاران ئامادەدەکرێت و هەموو ئەندامان لە کاتی کۆبوونەوەکەدا بەرپرسیارن لە ڕاگرتنی سیستەم لە کاتی گفتوگۆی دانیشتنەکان لەناو ئەنجومەندا. و لە کاتی پێویستدا سەرۆک قسەی خۆی دەکات، و دەبێت ئەندامان پابەند بن بە ڕەوشت و زمانی پەرلەمانیەوە[1].

ئەوەی جێی پێکەنینە لە (ئەنجومەنی گشتیدا) ئەو ئەندامەی دەیەوێت لە خاڵێکی پەیڕەویدا قسەبکات، لەکاتی دەنگدان لەسەر بابەتێک، دەبێت کڵاوێک/ بارۆکەیەک لەسەر بکات و بەدانیشتنەوە لە شوێنی خۆی ئاخاوتن بکات، لەبەر ئەوە دەرگاوانی ئەنجومەن هەندێک کڵاوی یەدەگ لای خۆی هەڵدەگرێ بۆ ئەوەی بە قەرز بیدات بەو کەسانەی کە داوای ئاخاوتندەکەن. گەلێک هەوڵی شکستخواردوو دراوە بۆ گۆڕینی ئەم نەریتە، هەتا دوای ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٩٨ کە کۆمیتەی نوێگەری ناو ئەنجومەن ئەم نەریتەی هەڵوەشاندەوە. سەرەڕای پێکەنیناوی ڕێساکە، بەڵام باشە، چونکە ئەندامی داواکار بۆ خاڵی پەیڕەو جیادەکاتەوە لە کاتی دەنگداندا. ئەوەی هەرا دروستدەکات، و خۆی لەخۆیدا سەرسوڕهێنەرە کاتێک کە ئەندامانی ناو ئەنجومەن لە هەموو ئاراستەکانەوە بەرەو هۆڵی گشتی پیادەدەکەن و دیمەنێکی درامای راستەقینە دەنوێنێت[2].

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٨–١٥١.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، لا١٥١.

# بەشی دووەم

# خاڵی پەیڕەوی چیە؟

(٢)

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هەندێک داواکاری ئەولەویەتیان هەیە بۆ گفتوگۆ لەسەر بابەتی بەردەست، و گفتوگۆکە هەڵدەپەسێردرێ تا پەرلەمان بڕیارێک لەبارەیەوە وەردەگرێت.

لەم توێژینەوەیەدا گرنگترین بابەتەکانی پەیوەست بەخاڵی پەیڕەوی دەخەینە بەرچاو، لەڕووی ئەولەویەت و پێناسە و تایبەتمەندییەکانیەوە، وەک لای خوارەوە.

# (٢-١)
# خاڵی پەیڕەوی و
# پرنسیپی ئەولەویەت لە قسەکردندا

پرنسیپی ئەولەویەت پرنسیپێکی ناسراوە لە پەرلەمانەکاندا. جا ڕێسا و عورفەکان چ لە سیستەمێکی ئەمریکیدا بێت یان ئەنگلۆساکسۆن یاخود ئەنگلۆفۆنیدا؛ مافی داوە بە هەر ئەنجومەنێک بۆ ئەو ڕێکخستنەی کە پێی باشە بۆ روانین لە هەر کێشەیەک دێتە پێشی، و ئەولەویەت دەداتە هەندێک لەنێو ئەوانەی تردا. ئەم ئەرکە پێویستە بۆ ڕێکخستنی کاری پەرلەمانی. هەرچەندە ئەم ڕێکخستنانە و پێشخستنی هەندێک مەسەلە پێش هەندێکی ترەوە، ڕەنگە هەندێک جار سوودی سیاسیشی هەبێت نەک بە تەنها سوودی ڕێکخستنکاری. لێرەدا ئەو پرسیارانەی کە پەیدا دەبن و دێنە ئاراوە کە تایبەتن بە مەودای گفتوگۆکردن و مۆڵەتی ئاخاوتن لە دەرەوەی چوارچێوەی دەستووری، یان ڕێساکانی ڕێکخستنی پەرلەماندا، وەکو ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆ. بەردەوامبوونی ئاخاوتن لەسەر بابەتێکی پێچەوانەی دەستوور زۆربڵێییەو بەفیڕۆدانە لە کاتی دانیشتن چونکە بنەمای بابەتەکە هەڵەیە. پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئەم جۆرە گفتوگۆیانەی دوورخستۆتەوە و هەروەها ڕێگەنادات بە بەردەوامی

ئاخـاوتن لەسـەر ئەو بابەتـانەی کە شایسـتەی دەنگـدان نیـین، و ئەمەش لە ماددەکانی ٥٥ و ٥٦ دا روونکراوەتەوە.

بـابەتی خـاڵی پەیـڕەو لە یاسـای پەرلەمـانی ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمەریکـادا ئەولەویەتـی هەیە بەسـەر بـابەتی بەردەسـتی گفتوگـۆ ، و دەکرێـت ڕوبـدات لە کـاتی ئاخـاوتنی ئەندامێکی تردا، تەنـانەت ئەگەر ئەمەش ببێتە هـۆی بڕینی وتارێک، یـان خوێنـدنەوەی ڕاپۆرتێـک، و پێویسـتی بەپشـتگیریکردن نـیە و نابێـت هەمـوار بکـرێتەوە یـان هـیچ پێشـنیازێکی هاوکـاری و پەیوەندیداری هەبێت، و دەبێت سـەرۆکی ئەنجومەن بەبێ گفتوگۆ بڕیـاری لەسـەربدات. جـگە لە حـاڵەتی گومـانکردن، کە دەبێـت مەسەلەکە بخاتە پێش ئەنجومەن بۆ بڕیـاردان، و دەکرێ گفتوگۆی لەسـەر بکـرێ و یەکلایـبکەنەوە، ئەگەر سـکاڵاش بـۆ ئەمـە بکرێـت. لەوانەیە سـەرۆک پـێش بڕیـارەکەی داوای ڕاوێژکـاری کەسـانی بەئەزموون بکات ، ئەم ئامۆژگاری و بۆچوونانەش بەبێ ڕاوەستان ئەنجـام بـدرێت بـۆ خـۆلادان لە گفتوگـۆکە. ئەگەر هێشـتا سـەرۆک پەرلەمـان بەگومـانەوە بمێنێـتەوە؛ ئەوا دەتـوانێ مەسـەلەکە بخـاتە پـێش ئەنجـومەن بـۆ بڕیـاردان. ئەمـەش بە دەسـتەواژەیەکی وەکـو: ("ئـەم بـەڕێزە بـابەتێکی پەیوەسـت بە پـەیڕەو دەخاتـەڕوو کە دواخستنەکە (ئاماژە بە دواخستن دەکات) بەپێی بڕیارەکە نییە، و سـەرۆک گومـان دەکـات"، و بـابەتەکە دێنێـتە ئـاراوە بـۆ پـێش ئەنجوومـەن. بـابەتەکە ئەوەیە: ئایـا دواخسـتنەکە هـاوڕێکی بڕیارەکەیە؟ ئەگەر سکاڵا لە بڕیاری ئەنجومەن ڕێگەپێدراو نەبێت، ئەوا دەرگـای گفتوگـۆ لەسـەر ئەم بـابەتە دەکـرێتەوە و ئەگـەرچی

سکالاّش هـەبێت، چونکە سـەرۆک بڕیـار دەدات. و لێرەوە دەکرێت گفتوگـۆی لەسـەر بکرێت، مەگەر پەیوەنـدی بە جنێـو یـان بابەتێک بێت کە پێچەوانەی نەریتە یان ئەولەویەتی کارکردنەوە بێت، یان ئەگەر لەکـاتی دەنگدانـدا کرابێـت یـاخود لەسـەر پێشکەشـکردنی بابەتێـک بێـت کە گفتوگـۆی لەسـەر ناکرێـت. ئیتـر بـابەتەکە بەم شـێوەیە پێشـنیاز دەکرێت: "ئەوانەی دواخسـتنەکەب بە هاوچەشـنی بڕیـارەکە دەزانـن (یـان بڕیـاری دواخسـتن ڕاسـتە) بەڵـی دەڵـێن. ئەوانەی بەپـێچەوانەوە دەیبیـنن دەڵـێن نەخێـر." ئەگەر پشـتیوانان سـەرکەوتن، دواخسـتنەکە ڕێگەپێـدراوەوە مەسـەلەکە پەسـەند دەکرێـت. ئەگەر دەنگـی ڕکابەرەکـان زیـاتر بێت ئەوە بەم شـێوەیە ڕادەگەیەنرێـت: " لایـەنی ئۆپۆزسـیۆنی بڕیارەکـە سـەرکەوت، دواخسـتنەکە ڕێگەپێـدراو نیـیە و بابەتەکـە بڕیارلێـدراوە"). ئەگەر سـەرۆکی دانیشـتنەکە بڕیارێـک دەربکـات کە پەیوەسـت بێـت بە سیسـتم، ئەوا مـافی ئەوەی هەیە و بەبـێ ئەوەی کورسـیەکەی بەجێبهێڵێت، هۆکارەکانی بڕیارەکەی بخاتـەڕوو. هەر دوو ئەندامێک مـافی بەرهەڵسـتیکردنیان هەیە لەسـەر بڕیارەکـە، و یەکێکیـان بەرهەڵسـتیەکە پێشکەشـدەکات و ئەنـدامێکی تـر پشـتگیری ئەو دەکات[1].

ئەرکی سەرۆکی دانیشتنە پەیڕەوی ئەنجومەن جێبەجێ بکات، بەبـێ گفتوگـۆ و دواخسـتن. هەر ئەنـدامێکیش مـافی تێبینیکردنـی پێشێلکاریی ڕێسـاکانی هەیە، سـوور بێت لەسـەر تێبینیەکانی و لەو

---

(١) هنـري روبيـرت، القـانون البرلمـاني الأمريكـي، ترجمـة: زكـي شـنودة، مكتبـة النهضـة المصرية، القاهرة، ١٩٥١، ص ٨٠-٨١.

حـالەتەدا هەڵدەسـتێت و دەڵێـت: "جەنـابی سـەرۆک مـن لەسـەر بـابەتێکی تـایبەت بە پەیـڕەو دەوەسـتم"، و ئەنـدامەکە یەکسـەر دادەنیشێت و سەرۆکیش داوا لە ئەندامەکە دەکات تێڕوانینی خۆی ڕوون بکاتەوە، و ئەویش دەیکات و دەگەڕێتەوە بۆ کورسیەکەی خۆی. سەرۆک بڕیاری خۆی لەسەر ئەم بابەتە دەردەکات ئەگەر هـیچ سـکاڵایەک نەبێـت، و ئەگەر ئەو ئەنـدامە قسـەکارە هـیچ پێشـێلکردنێکی جـدیی نەکردبێـت لە ڕێسـاکان، ئەو کـاتە سـەرۆک پەرلەمان ڕێگەی پێدەدا کە درێژە بە ئاخاوتنی بدات.

بەڵام ئەگەر ئەنـدامەکە زاراوەیەکـی نـەشـیاوی بەکارهێنـا و کەسـێک ڕەخنەیلێگـرت، ناتوانێـت بەردەوام بێـت لەسـەر ئاخـاوتنی بەبـێ پێشـنیازی ئەنجـومەن لەبـارەیەوە. دەبێـت بـابەتەکە لەکـاتی سـەرپێچیکردنەکەدا بـاس بکرێـت چـونکە دوای گفتوگـۆکردنی پێشنیازەکە وروژانـدن ناکرێـت یـان دادەنرێـت بە بەسـەرچوو، جـا ئەگەر لەبارەی شیاوێتی بێت یان لەبارەی بڕیاری سەرۆک بێت بۆ نەشیاوێتی پێشنیازەکە. لەم بارەدا حاڵـەتی ریزپـەڕی تـەنها کاتێکە کـە پـێچەوانەی پێشـنیازی یاسـاکان یـا دەسـتوور یـا یاسـا ناوخۆییەکـان یـا ڕێسـا هەمیشـەییەکانی دامەزراوە یـاخود پرنسـیپە بنەڕەتـیە پەرلەمانیەکانـە کە کاتێـک بەنادروسـتی رەزامەنـدییان لەسەر دەدرێت، پوچەڵدەکرێنەوە واتە بـە پوچـەڵ لەقەڵـەم دەدرێت. لەم حاڵەتانەدا جوڵاندن و وروژاندنی خاڵی پەیڕەوی بەسـەرنەچوە بۆ بابەتێک کە پەیوەستە بە پەیڕەو لەبارەی پێشنیازەوە. ئەمەش پێی دەوترێت وروژانـدنی بابەتێک یـان مەسـەلەیەکی پەیوەسـت بە پەیـڕەو، لەبەرئەوەی لە ڕاسـتیدا ئەنـدامەکە ئاراسـتەی سـەرۆکی

دەکـات کە ئەرکـی چـاودێریکردنی پەیـڕەوی هەیە. لەم حـاڵەتەدا بابەتەکە دەبێت بەوەی کە: ئایا پێشـێلکاریی لە پەیڕەودا کراوە یان نا؟[1]

لەبـری شـێوازی پێشـوو کـە ڕوونکـردنەوەی بـۆ کـرا، ئەوەی ئاسـاییە ئەوەیە کە پێویسـت ناکـات زمـانی نەشـیاو لە گفتوگۆکانـدا بەکاربهێنرێـت، تـا نەگـاتە ئەوەی سـەرۆک داوا لە قسـەکار بکـات پابەند بێت بە پەیڕەو. هەر ئەندامێک دەتوانێ بڵێت: "داوا لە ئەندامە بەڕێزەکە دەکەم پابەنـد بێت بە پەیـڕەو". سـەرۆک بڕیـار دەدات کە قسـەکار پابەنـدە یـان پـێچەوانەی پەیـڕەوەکەیە، و بەو شـێوەیە هەڵسوکەوت بکات کە باسکرا[2].

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٨١-٨٢.
(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٢.

# (٢-٢)
# پێناسەی خاڵی پەیڕەوی

خاڵی پەیڕەوی مافێکی پەرلەمانییە بۆ ئەندام، بەپێی مەرج و میکانیزمی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتوە. دەبێت ئەندام بەتەواوی ئاگاداری بێت و ئاشنا بێت بە ڕێساکانی، تا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەکاری بهێنێت و بۆ ئامانجی دیاریکراوی خۆی بەکاریبێنێت لەهەوڵەکانیدا کە تایبەتن بە پەرەپێدانی کاری پەرلەمان و باشتر بەکارهێنانی کاتەکانی گفتوگۆ، و لەئەنجامیشدا گەیشتن بە بڕیاری گونجاو لەسەر هەموو بابەتەکانی بەردەم پەرلەمان[١].

وێنەیەکی هزری باو هەیە لەگەڵ چەمکەکانی وەک ڕێکارە پەرلەمانییەکان یان یاساکانی ڕۆبێرتدا دەگونجێن. کاتێک کەسێک دەست بەرزدەکاتەوە و دەڵێت: خاڵی پەیڕەوی! دەبێت تێبگەین لەوەی مەبەست لە خاڵی پەیڕەوی چییە؟

لێرەدا سێ ڕاستی دیاریکراو سەبارەت بە خاڵی پەیڕەوەوە هەیە، ئەمانە یارمەتیمان دەدەن تێبگەین لەم وشانە[٢]:

---

(١) د. زياد خالد يوسف المفرجي، نقطة النظام البرلمانية في لوائح مجالس الشورى والنواب لدول مجلس التعاون الخليجي، معهد بحرين للتنمية السياسية، ط١، ٢٠٢٠، ص١٠

(2)Sarah E. Merkle, The law Of Order A Resource on Parliamentary Procedure & the law, on April 3, 2019, See: https://www.lawoforderblog.com/2019/04/3-facts-you-must-know-about-a-point-of-order.

١-خاڵی پەیڕەوی ڕاگەیاندنە بۆ پەیڕەونەکردنی ڕێساکان ( A point of order is an announcement that the rules are not being followed):

ئەگەر لە کۆبوونەوەیەکدا بیت و ڕێساکانی کۆبونەوە پەیڕەو نەکرا؛ ئەوا مەبەست لە خاڵی پەیڕەو چۆنێتی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو حاڵەتە. لەیادمان بێت کە دەزگا و ڕێکخراوەکان ڕێسای جیاوازیان هەیە: وەکو دەستوور، یاسای پەرلەمان[1]، یاسا و ڕێسای ناوخۆ، ڕێسا تایبەتەکان، ڕێکارە پەرلەمانییەکان، و دەکرێ خاڵی پەیڕەو بەکاربێنرێت بۆ چارەسەرکردنی هەر پێشێلکارییەکی پەیوەندیدار بەمانە.

کەواتە با وێنەکە وەربگرین: کاری سەرۆک ئەوەیە ڕێساکانی کۆمەڵەکە بەباشی بزانێت و جێبەجێیان بکات. ئەگەر ئاگادار نەبوو لە ریسا یان ریکارێک و ، شتێک روویدا کە پێویست نەبوو رووبدات، ئەوا خاڵی پەیڕەوی ڕێگایە بۆ ئەوەی بە سەرۆک و ئەوانی تر بوترێت: "سڵاو، ئێمە لەم بوارەدا ریسامان هەیە و دەبینین کە یاساکان لە ئێستادا پەیڕەو ناکرێت، تکایە دەتوانیت ئەوە چاک بکەیتەوە ؟".

٢- خاڵی پەیڕەوی (تێڕوانینێک) نیە، تا هاوبەشی پێبکرێت لەگەڵ کۆمەڵەکە-

(١) القانون البرلماني: عبارة عن مجموعة القواعد والأعراف والسوابق التي تحكم إجراءات المجالس التشريعية والتداولية..

(A point of order is not a “viewpoint” that you want to share with the group):

ئەوەی کە بــاوە ئەوەیە کە ئەنــدامان هەنــدێک تێگەیشــتنی تێکەڵبویــان هەیە و باوەڕیــان وایە کە خــاڵی پــەیڕەوی هەلــێکە بـۆ دەربڕینــی ئەوەی کە پێێــانوایە هەڵەیە لە پەرلەمــان و دەوڵەت و جیهانـدا. بـۆ نمـوونە: ئەنـدامێک ئامـاژە دەدات بە (خـاڵی پەیـڕەو) و دەڵێت "کێشەیەک هەیە لە بارەی بەڕێوەبردن و کـاتی گۆڕانکـاریە!" بەڵام ئەمە خاڵی پەیڕەو نیە، ئەمە تەنها باسێکە دەربارەی چۆنێتی بەڕێوەبردن. ئەم لێدوانانە بهێڵەوە تـا نۆبـەتی لـە بەرنـامەی کـار و گفتوگۆکردن لەبارەیانەوە دێت، یان لەکاتێکی تردا گفتوگۆی لەسـەر بـکە لەگەڵ ســەرۆکی پەرلەمــان، دەســتەی ســەرۆکایەتی یــاخود دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ...هیتر.

٣- خاڵی پەیڕەوی ڕێگایەک نییە بۆ پیشـاندانی ئەزمـوونەکەت لە یاساکانی ڕۆبێرت دا:

هەمیشــــە لە زوربەی کۆمەڵەکانـــدا، کەســـێکیان هەیە کە بانگەشــەی ئەزمـوون و توانـایی زۆر دەکـات و پێـی وایە هەمـوو شتێک دەزانێت! و ئەو کەسە ئەندامێکە ڕوونـی دەکاتەوە کە خـۆی لە هەموو کەس ئاشناترە لە ڕێسا و ڕێکـارە پەرلەمانیەکانـدا. ئەگەر ئەمە تۆیــت؟ زۆر باشــە کە بە تەواوی ئاگــادار بیــت، بەڵام تکــایە زانیاریەکانــت بەکــاربێنە بــۆ باشــە نەک بــۆ خــاوکردنەوەی دانیشتنەکان بە خاڵی پەیڕەوی. لەوانەیە بپرسیت:

ئایا بڕیار نیە پەرلەمانتارە پرۆفیشناڵەکانی وەک من سەرقاڵی دڵنیابوون بن لەوەی کە هەموو ڕێساکان بەباشی پەیڕەو دەکرێن؟

ئەمەش مەرج نییە ڕاست بێت. یاساکان بەسوودن و تەنانەت خاڵە قورسەکانیش جێگای خۆیان بۆ کراونەتەوە؛ بەڵام بنەماکان لە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکەدا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە گرینگترن. یاساکانی ڕۆبێرت دەستەبەری ئەوە دەکەن کە دانانی خاڵی پەیڕەویەکان "لەسەر پێشێلکارە لاوەکیەکان، لە سروشتێکی تەکنیکی تەواودا -کارێکی نەخوازراوە و زۆر ویستراو نییە- ئەگەر هیچ زیانێکی ڕاستەقینە بە مافەکانی ئەندامان یان بەڕێوەچوونی کارەکانیان نەدات.

خاڵی پەیڕەوی لە فەرهەنگەکاندا چەند مانایەک لەخۆدەگرێت، لەنێویاندا:

لەوانەیە پرسیار بکرێت کە ئایا ڕێکارەکانی ئێستا بە ڕێکوپێکی پیادەدکرێن؟ یان ڕێگەپێدراون لە ڕێساکانی ڕێکارە پەرلەمانیەکاندا؟[1] یان پرسیارەکە تایبەت بێت بە پرسیاری ئەندامێک لە کۆبوونەوەدا، یان لە دانیشتنێکی بیروڕاگۆڕینەوەدا، و تێبینیبکرێت وەک ئایا پێشێلکاری کراوە لەو ڕێسایانەی حوکمی ڕێکارەکان دەکەن؟[2]

---

(1) American Heritage® Dictionary of the English Language, Fifth Edition. (2011). Retrieved April 5 2021 from https://www.thefreedictionary.com/point +of+order.

(2) Collins English Dictionary – Complete and Unabridged, 12th Edition 2014. (1991, 1994, 1998, 2000, 2003, 2006, 2007, 2009, 2011, 2014). Retrieved April 5 2021 from https: //www .thefreedictionary.com/point+of+order.

به شـێوەیەکی گشـتی، لە ڕاسـتیدا خـاڵی پـەیڕەوی دەربڕینـی نـاڕەزاییەکە لەسـەر ڕێکـارە پەیوەندیـدارەکانی مەسـەلەیەک کە پێشـێلکاری یەکێک لە ڕێسـاکانی ئەنجومەنـدا دەکـات. دەکرێ هەر ئەندامێک (یـان نوێنەرێک) خـاڵی پـەیڕەوی بەرزبکـاتەوە. هەرچەنـدە حاڵەتی دەگمەن ڕوودەدات کە قسەکار پێداگربووە لەسـەر نوسـینی خاڵی پـەیڕەوی، بەڵام پیادەکردنی بـاو ئەوەیە ئەنـدام بە شـێوازێکی زارەکی لەگەڵ سـەرۆکدا بدوێت[1]:

ئەندام: "بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران (یـان سـەرۆک)، خاڵێکی پەیڕەوی بەرزدەکەمەوە دژی [هەمـوارکردن، بەش، بڕگە]".

سەرۆک پەرلەمان: "سەرۆک گوێ لە بەڕێز دەگرێت".

دەکرێت سـەرۆک بڕیـار بـدات کە ئایـا خـاڵی پـەیڕەوی بەپێی ڕێسایەکی دیاریکراوی ئەنجـومەن بەرزکـراوەتەوە. دەبێت ئەنـدامی نـاڕەزا ڕێسـا تـایبەتەکە کە بنەمـای خـاڵی پـەیڕەویەکەی پێکـدێنێت دەستنیشان بکات.

دانپێـدانانی خـــاڵی پـــەیڕەوی پەیوەســـتە بە هەڵســـەنگاندنی سـەرۆک. دەبێت ئەنـدامی داواکـار لەگەڵ سـەرۆک لێدوان بکـات و ناتوانێ بەشداری گفتوگۆکانی خاڵی پەیڕەوی بکەن. و کاتـدانان بـۆ گفتوگـــۆکردن لەســـەر خـــاڵێکی پـــەیڕەوی وەســـتاوە لەســـەر هەڵسـەنگاندنی سـەرۆک پەرلەمـان. هەروەهـا ئەنـدامی داواکـار بـۆ خـاڵی پەیـڕەو ناتوانێـت کـۆنترۆڵی کـاتی دیـاریکراو بکـات بـۆ گفتوگۆکردنی، بیپارێزێت یان بیبەخشێت. کاتێک کە دەست لە خـاڵی

(1) Points of Order; Parliamentary Inquiries – Govinfo.go ,https: //www. govinfo.gov

پەیــڕەوی هەڵــدەگیرێت لە لایەن بەڕێــوەبەری پڕۆژەیاســاکەوە، ســەرۆک دەتوانێــت خــاڵی پــەیڕەویەکە بە بــێ گفتوگــۆ و لێــدوان بپارێزێــت یــان بوەســتێنێت. و ســەبارەت بە مەودای گفتوگــۆکردن لەســەر بابــەتێکی پەیڕەوی، و دەقی ئەو ڕێسایەی پەیوەندیدارە بە ناوەڕۆکی گفتوگۆکە، دەبێت بە دروستی لێکبدرێتەوە و گفتوگۆکە بۆ بــابەتی پەیــڕەو ســنوردار بکــات و لەوانەیە درێژنەکــرێتەوە بــۆ ئیســتحقاقەکانی ئەو پێشــنیازانەی لە ژێــر ڕەچاوکردنــدان. لەوانەیە ســەرۆک پەرلەمــان داوای کــۆدەنگی بــۆ پەســەندکردن قبوڵنەکــات، بۆئەوەی ئەندامان پێداچوونەوە و فراوانکردنی تێبینیەکانیان لەسەر خاڵەکانی پەیڕەویی بکەن[١].

دەکرێــت دەســبەرداری خــاڵی پەیــڕەو بکرێــت ئەگەر لە کــاتی خۆیدا نەوروژێنرێت. و لە حاڵەتی ڕەزامەندی لەسەر پێشنیازێک کە نــاڕەزایی لێبکەوێتەوە، لەو حــاڵەتەی خــاڵی پەیــڕەوی لــەئارادا نییــە، سەرۆکی دانیشتن نوێنەرایەتی خواستی ئەنجومەن دەکات و بریــار لــە ڕێکارەکــانی ئەنجــومەن دەدات تــا ئەوکــاتەی ئەنجــومەن بە پــێچەوانەی ئەوە فەرمــان دەکــات. دەشــکرێ ڕەزامەنــدی لەســـەر دەسبەرداربوون لە خاڵی پەیڕەوی بە کۆدەنگی بکرێت[٢].

سەرۆک بەرپرسیارە لە حوکمکردنی هەر خاڵێکی پەیڕەوی کە بەرزدەکرێتەوە. بڕیارەکانی سەرۆکی پەرلەمان لەسەر بنەمــای ئــەو زانیاری و ئامۆژگاریانەیە کە ئەندام پەرلەمانەکە پێشکەشیدەکات و ئەمەش ڕەنگــدانەوەی چەنــدین پێشــینەی زانیــاری بڵاوکــراوەیە

(1) Ibid
(2) Ibid

لەبارەیەوە، ئەمانە بەڵگەنامەی ئەو کەسانەن کە باسی ئەو حوکمانە دەکەن بۆ پرسیاری هاوشێوە لە ڕابردودا ڕویانداوە.

لە بەرامبەردا، هەموو حوکمێکی نوێ لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنەوە دەبێتە پێشینەیەک کە خۆی و جێگرەوەکانی داهاتوویان پشتی پێ دەبەستن.

وە هەروەها داواناکرێت لە سەرۆک هۆکاری بەندەکان ڕوون بکاتەوە، بەڵام زۆر جار ئەو کارە دەکات کە پرسیاری ئاڵۆز دێتە کاراوە، و قورس یان مشتومڕ هەڵگرە. ئەگەر قسەکار دەستی بە خاڵی پەیڕەوی گرت لەسەر ڕەچاوکردنی ڕێکارێک، ئەوا بۆ شوێنی پێشووی خۆی لە ڕۆژمێری پەیوەندیدار یان بۆ لیژنەی ئامادەکردنی ڕاپۆرت دووبارە پابەند دەکرێتەوە[١].

## (٢-٢-١) خاڵەکانی پەیڕەوی لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەکاندا

لێرەدا چەند وێنەیەکی ڕێساکانی پەیڕەوی تایبەت بە پەرلەمانی وڵاتانی جیهان نیشان دەدەین بەپێی سوودمەندی بابەتەکە.

لە ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا، خاڵی پەیڕەوی پێناسەکراوە بەوەی داواکارییەکە لە سەرۆک بۆ ڕوونکردنەوە، یان بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتێکی ڕێکاری بۆ ئەنجومەنی گشتی کە بڕیاری لەسەر بدرێت. پێویستە ئەندامەکە ڕوونی بکاتەوە بۆچی باوەڕی

(1) Points of Order, Rulings, and Appeals in the House of Representatives, Updated December 12, 2018: https://sgp.fas.org/crs/misc/98-307.pdf

وایە یاسای ئەنجومەن پێشێلکراوە. دەبێت سەرۆک بڕیار بدات کە ئایا خاڵی پەیڕەوی دروستە یان نا![1]

لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیادا، بە پێی ماددەی ٢٩و لەژێر ناونیشانی (داواکاری چاودێریکردنی ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆ)دا هاتوە، سەرۆک ئەولەویەت دەدات بە داواکارییەکانی ووتەی پەیوەندیدار بە ڕەچاوکردنی پەیڕەوی ناوخۆ. پێویستە داواکاریەکە پەیوەندی بە بابەتی گفتوگۆ یان بە کارنامەوە هەبێت. سەرۆک دەتوانێت داواکاریەکان کورتبکاتەوە بۆ داواکاری چاودێریکردنی ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆ کە بە (داواکاری بەپەلە) دادەنرێن بەر لە داواکاریەکانی تر، لەڕێگای خودی داواکارەکە خۆی وە یان هەر ووتەبێژێکی فراکسیۆنە پەرلەمانیەکان بێت، پاشان دێتەوە سەر داواکارییەکانی تر. وە ئەگەر هەر ئەندامێکی بوندستاغ بیەوێت گفتوگۆبکات لەسەر ڕەچاوکردنی ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆ، بەبێ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر داواکارییەکە بکات یان بەبێ پێشکەشکردنی داواکاریی لەو شێوەیە؛ ئەوا سەرۆک دەتوانێت بە تەقدیری خۆی دەرفەتی ئاخاوتنی بداتێ. هەروەها ڕێگەنادرێ ووتەی قسەکار لەسەر ڕەچاوکردنی پەیڕەوی ناوخۆ لە پێنج خولەک زیاتر درێژەبکێشێت[2].

---

(1) Point of order, U. K Parliament (shorturl.at/kvF36).

(٢) اللائحة الداخلية للبوندستاغ الألماني، واللائحة الداخلية للجنة الوساطة، ترجمة قسم الترجمة بالبوندستاغ الألماني، بالتعاون مع د. شريفة مجدي، الناشر قسم العلاقات العامة في البوندستاغ الألماني، برلين، ٢٠٢٠

له پەیرەوی ناوخۆی دەوڵەتی سەنغافورەدا، لەژێر ناونیشانی (پچڕاندنەکان) لە ماددەی ٥١ دا هاتووە: هیچ ئەندامێک ناتوانێت قسە بە ئەندامێکی تر ببڕێت، جگە لە داواکردنی[١]:

١- خاڵی پەیڕەو، کاتێک ئەندامی ئاخاوتنکار دەست بە ووتەکەی دەکات، پێویستە ئەو ئەندامەی کە قسەکەی پێدەبڕێت بەسادەیی سەرنجی ڕابکێشێت بۆ ئەو خاڵەی کە دەیەوێت ئاگاداری بکاتەوە لەسەری، و بخرێتە پێش سەرۆکی ئەنجومەن یان سەرۆک بۆ بڕیاردان لەبارەیەوە؛ وە یاخود

٢- خاڵی ڕوونکردنەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک لەو بابەتانەیە کە ئەو ئەندامە ووروژاندویەتی لە وتارەکەیدا، بەمەرجێک ئەندامی ئاخاوتنکار ئامادەیی تێدابێت و ڕێگەی پێبدات، و ئینجا دەستبکاتەوە بە وتارەکەی خۆی، و هەروەها ئەندامی خوازیار (قسەبڕ) لەلایەن سەرۆک یان سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕییەوە بانگبکرێت.

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی دەوڵەتی پاکستان[٢] مەسەلەی خاڵی پەیڕەوی ڕوونکردۆتەوەو ماددەی ١٧ ئەم بەم شێوەیە بابەتەکەی جیاکردۆتەوە:

١- پێویستە خاڵی پەیڕەوی پەیوەندی بە شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ڕێساکان یان ماددەکانی ڕێکخستنی کاری ئەنجومەنەوە هەبێت، و دەبێت ووروژاندنی بابەتەکە لە نێو زانین و تایبەتکاری سەرۆکدا بێت.

---

(1) Standing of orders Of the Parliament Of Singapora, 2017

(2) -Rules Of Procedure and Conduct Of Business In The National Assembly Of Pakistan, 2017

٢- ڕەنگە خاڵێکی پەیڕەوی بەرزبکرێتەوە سەبارەت بەو کارانەی خراوەتە بەردەم ئەنجومەن: بەمەرجێک سەرۆکی ئەنجومەن مۆڵەت بدات بەئەندام بۆ وروژاندنی خاڵێکی پەیڕەوی لە نێوان کۆتاییهێنان بە بڕگەیەکی کار و دەستپێکی یەکێکی تر، ئەگەر پەیوەندی بە پاراستنی سسیستەمەوە هەبێت لەناو ئەنجومەندا، یان زووتر ڕێکیبخات.

٣- ناکرێت خاڵێکی پەیڕەوی بوروژێنرێت پێش ئەوەی سەرۆک کۆتایی بە خاڵی پەیڕەوی پێشوو هێنابێت.

٤- بە لەبەرچاوگرتنی حوکمەکانی ڕێسا لاوەکیەکانی (١) و (٢) و (٣)، ئەندام دەتوانێت دارِشتنەوە بۆ خاڵێکی پەیڕەوی بکات، و سەرۆک بڕیار دەدات ئەگەر ئەوە خاڵی پەیڕەوە یان نا. ئەگەر وابێت، بڕیارەکەی دەدرێت و ئەمە دەبێتە کۆتایی.

٥- هیچ گفتوگۆیەک لە خاڵێکی پەیڕەویدا ناکرێت، بەڵام دەکرێت سەرۆک- ئەگەر بە گونجاوی بزانێت- بەر لە دەرکردنی بڕیارەکەی گوێ لە ئەندامەکان بگرێت.

٦- خاڵی پەیڕەو خاڵی ئیمتیاز نییە.

٧- ئەندام ناتوانێت خاڵی پەیڕەو بوروژێنێ بۆ:

داواکاری زانیاری؛

ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکەی؛

کاتێک پرسیار دەخرێتەروو دەربارەی هەر پێشنیازێک بۆ ئەنجومەن؛

لەسەر ئەو بابەتانەی کە لەوانەیە گریمانە بن؛

زەنگی ئەنجومەن لێنەدراوە یان نەبیستراوە؛

٨- نابێت گفتوگۆی بڕیارێک بکرێت لەسەر خاڵێکی پەیڕەوی.

لەســەر بنەمــای مــاددەی ١٨ی خــودی پەیــڕەوەکە، لەکــاتی وروژاندنی بابەتێک کە ناکەوێتە چوارچێوەی خاڵی پەیڕەوەوە:

أ- دەکرێت سەرۆک نیو کاژێر لە هەر دانیشتنێکدا تەرخان بکات -جگە لە ڕۆژانی هەینی- بۆ وروژاندنی بابەتێک کە خاڵی پەیڕەو نیە. ڕێگە بە ئەندامەکە دەدرێت باسی بکــات تەنیــا دوای ئەوەی ســەرۆک ڕەزامەنــدی خــۆی دەربڕیوە و لەو بەروارەی لەلایەن سەرۆک پەرلەمانەوە دیاریکراوە.

ب- دەبێــت ئەو مەســـەلەیەی کە لە ڕێســـای لاوەکـــی (١) ئامــاژەی پێکراوە، بە شـێوەیەکی سـەرەکی پەیوەندی بە کارەکانی حکومەتەوە هەبێت، و ناتوانێت لە یەک بابەت زیاتر باس بکرێت.

لەسەر شێوازی وتارەکە، ئەو ئەندامەی دەیەوێت لەســەر هەر بابەتێــک قســـە بکــات لەبەردەم ئەنجــومەن، خــاڵێکی پــەیڕەوی بوروژێنێت، یان مەسەلەی ئیمتیاز باسبکات، دەبێت تەنها لەو کاتەدا قســەبکات کە ســەرۆک ڕایــدەگەنێت و لە شــوێنی خۆشــیەوە قســە بکات لەو کاتەی موخاتەبەی سەرۆک دەکات[1]:

دەتوانێــت بە دانیشــتنەوە قســـە بکــات ئەگەر کەمئەنــدام بێــت بەهۆی نەخۆشی یان کارەساتەوە.

دەبێت وتاری ئەو ئەندامەی بەبێ مۆڵەتی سەرۆکی ئەنجومەن قســـەدەکات تۆمارنەکرێـــت و بەشـــێک نەبێـــت لە ڕێکارەکـــانی ئەنجومەنی نوێنەران

---

(١) المادة ٢٦٥ من النظام الداخلي لمجلس النواب الباكستاني.

- بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی گەلی میسر، داواکاری ئاخاوتن ڕێگەپێدراوە لە یەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا[1]:

یەکەم: ئاراستەکردن بەرەو گفتوگۆنەکردن لەسەر بابەتێک کە پێچەوانەی دەستوورە.

دووەم: سەرنجڕاکێشان بۆ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی گەل، یان ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن.

سێیەم: ڕاستکردنەوەی ڕووداوێکی دیاریکراو، یان وەڵامی لێدوانێک کە کار دەکاتە سەر داواکاری ئاخاوتن.

چوارەم: داوای دواخستن، یان ڕەچاوکردنی بابەتی بەردەست، هەتا دوای یەکلاکردنەوەی بابەتێکی تر کە دەبێت سەرەتا بڕیاری لەسەر بدرێت.

هەمیشە ئەم داواکاریانە لەپێشینەن لەسەر بابەتی سەرەکی کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و دەبێت لەسەریان ڕابوەستن و گفتوگۆ بکەن تا بڕیاری ئەنجومەن دەدرێت لەبارەیانەوە. نابێت داواکار قسەی تێدا بکات تا قسەکاری سەرەکی لە لێدوانەکەی تەواو دەبێت، مەگەر لەلایەن سەرۆکەوە ڕێگەپێدراو بێت و داواکاریەکەی لەسەر بنەمای یەکێک لەو هۆکارانە بێت کە لە دوو بڕگەی یەکەم و دووەمدا باسیانلێکراوە.

بەر لە پێدانی مۆڵەتی ئاخاوتن، بۆ هەلومەرجی هاتوو لە بڕگەکانی یەکەم و دووەم، دەبێت ئەندامەکە ئەو ماددە پەیوەندیدارە دەستنیشان بکات کە لە دەستوور، یاسای ئەنجومەن،

(١) المادة ٢٧٩ من اللائحة الداخلية لمجلس الشعب المصري.

یان له پەیڕەودا هاتوه، و ئاماژە بە پێشێلکاریەکە بە ڕوونی بدات. هەروەها بۆ ئەو حاڵەتانەی لە بڕگەکانی سێیەم و چوارەمدا دێن، دەبێت ڕوداوەکە، یان زاراوەکە یان بابەتەکە کە ئاماژەی پێدراوە دیاریبکات، و بە داواکاریەکی نووسراو پێشکەشی سەرۆکی ئەنجومەن بکرێت.

لەماددەی ١٠٦ی یاسای ئەنجومەنی نوێنەرانی ئوردندا هاتووە:

مەبەست لە خاڵی پەیڕەوی ئەوەیە کە ئەندامەکە باس لە حوکمەکانی دەستوور و ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆ دەکات کە پێشێلکاری تێداکراوە. ئەم وروژاندنە لەهەرکاتێکی گفتوگۆکەدا سەرهەڵدەدات، مەگەر ئەنجومەن دەستی بە دەنگدان کردبێت، ئەمەش بەو مانایە دێت کە نابێت ئەندام داواکاری خاڵی پەیڕەوی پێشەکەش بکات لەو کاتەی ئەنجومەن دەستی بەدەنگدان کردوە لەسەر ماددەیەک.

## لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی مەغریبدا هاتووە:

هەمیشە "پێشینەی ئاخاوتن بەو ئاگادارکردنەوانە دەدرێت کە بە مەبەستی بەبیرهێنانەوەی یاساکانی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکەیە، یان تایبەتە بە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی ئەم پەیڕەوە ناوخۆییە". لەم حاڵەتەدا ووتەکە بە شێوەی (خاڵی پەیڕەوی) ئەنجام دەدرێت، بە مۆڵەتی سەرۆک، لە یەک خولەکدا، و ئەولەویەت دەدرێتە سەرۆک فراکسیۆن یان تیمەکان. ئەگەر بینرا کە ووتەکە هیچ پەیوەندیەکی بە پەیڕەوی ناوخۆ یان بەڕێوەچوونی

کۆبـوونەوەکەوە نیـیە، ئەوا دەبێـت سـەرۆک دەسـتبەجێ قسـەکار ڕابوەسـتێنێ، و ئاخـاوتنەکەی لە کۆنووسـی کۆبـوونەوەکەدا بسڕێتەوە[1].

– ڕێسـاکانی پەیـڕەوی نـاوخۆی ئەنجـومەنی نیشـتمانی میرنشـینی عەرەبـی یەکگرتـوو سـاڵی ٢٠١٦ ئامـاژەی بە پێناسـەی خـاڵی پەیـڕەو نەداوە، بەڵام ئەو حاڵەتـانەی دەستنیشـانکردوە کە هەمیشە مۆڵەتدراوە بۆ ئاخاوتن، و تێیدا حاڵەتی: سـەرنج ڕاکێشـانە بـۆ ڕەچـاوکردنی حوکمـەکانی دەسـتوور و پەیـڕەوی نـاوخۆی ئەنجومەن[2].

– بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی لوبنان، مـافی هەر ئەنـدامێکە یەک جـار ئەولەویـەتی قسـەی بـدرێتێ لەسـەر هەر بـابەتێکی تـایبەت بە پەیـڕەوی نـاوخۆ، یـان ئەگەر ئەنـدامەکە پێشنیازێکی بۆ هەمـوارکردنەوەی پرۆژە یان بۆ بابەتێک بکـات، یـان بیەوێت ڕوونی بکاتەوە یان داوای گەڕاندنەوەی بکات[3].

### لە دەوڵەتی کوەیت:

پرسی مۆڵەتی ئاخاوتن و ڕیزبەندی گفتوگۆکان و بنچینەکانی، لەژێر حوکمی چەند دەقێکدا کار دەکەن کە لە ڕێسـاکانی پەیـڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی کوێتەوە وەرگیراوە. بۆ نمونە بەپێی مـاددەی ٧٨ کەس ناتوانێـت قسـەبکات بەبـێ مـۆڵەتی سـەرۆک

(١) المادة ١٥١ من النظام الداخلي لمجلس النواب المغربي لعام ٢٠١٧.
(٢) المـادة ١٠٣ مـن اللائحـة الداخليـة للمجلـس الـوطني الاتحـادي للإمـارات، الصـادرة بقـرار رئيس الدولة رقم ١ لسنة ٢٠١٦..
(٣) المادة ٦٩ من النظام الداخلي لمجلس النواب اللبناني ١٩٩٤.

پەرلەمـان و ڕێگەپێـدانی ئەو. سـەرۆک ناتوانێـت ڕێگـری بکـات لە ئاخـاوتنی کەسـێک بەبێ هۆکـارێکی یاسـایی. بەپێـی دەقـی مـاددەی ٨٢، ڕێگەنادرێ بە ئەندام زیاتر لە دوو جار ئاخـاوتن بکـات لەسـەر هەمان بـابەت، یـان زیـاتر لە چـارەکە کاژێرێک قسـەبکات لە هەمـان جاردا، بەبێ مۆڵەتی ئەنجومەن. بەڵام بەدەر لەوانە مـاددەی ٨٣یە و تێیـــدا ئامـــاژە دراوە بە هەمیشـــە ئاخـــاوتن بـــۆ ڕەچـــاوکردنی حوکمـــەکانی دەســـتوور و پەیـــڕەوی نـــاوخۆی ئەنجـــومەن، وەڵامدانەوەی وشـەیەک کاردەکاتە سـەر کەسـی داواکـاری ئاخـاوتن، داوای دواخســـتن، یـــان ڕەچـــاوکردنی بـــابەتی بەردەســـت تـــا کۆتاییهێنانی بابەتێکی تر کە دەبێت چارەبکرێت لەپێشـدا، وە یـاخود داخستنی دەرگای گفتوگۆ.

وە هەوەهـــا ماددەکـــانی ٨٠ و ٨١ مەســـەلەی ڕیزبەنـــدی قسـەکردنی نێـوان داواکـارانی ڕێکخسـتووە. سـەبارەت بە بنچینە و ڕێوشـوێنی قسـەکردن، مـاددەی ٨٥ ئامـاژەی بەوە داوە کە قسـەکار دەبێـت بە وەسـتاوی لە شـوێنی خـۆیەوە قسـە بکـات، یـان لەسـەر سـەکۆ قسـە بکات، و بڕیاردەران لەسـەر سـەکۆ قسـە دەکەن، مەگەر سـەرۆک داواکاری پێچەوانە بکـات. قسـەبڕین بە پێـی مـاددەی ٧٩ و ٨٦ دەبێـت، یەکەمیـان ئامـاژە دەدات بەوەی (کەس ناتوانێـت وتە بە کەس ببڕێت) و دووەمیش (کەس ناتوانێت کۆمێنت/ تێبینـی بـدات بە کەسـی ئاخاوتنکـار)، تەنیـا سـەرۆک پەرلەمـان مـافی ئەوەی هەیە ئاگـاداری بـداتە ئاخاوتنکـار لە هەر سـاتێکی نـاو ئاخاوتنەکەیدا. بۆ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی پەیڕەو، و پارێزگاری سیسـتیمی ئاخـاوتن کرۆکی بابەتەکە و درێژەپێنەدان، و دووبـارەنەکردنەوەی ئاخـاوتنی

خۆی یان هی ئەندامێکی تر، لەگەڵ پابەندبوون بە ڕەوشتەکانی کۆمەڵگەری، و پرنسیپە باڵاکان. ماددەی ٨٨ ئاماژە بەوە دەکات کە قسەکار ناتوانێت زمانی نەشیاو بەکاربهێنێت، یان کاریگەری بکاتە سەر شکۆمەندی کەسەکان، دەستەکان، یان زیان بە بەرژەوەندیە باڵاکانی وڵات بگەیەنێت، یاخود ئەندامێک سەرپێچی سیستیم بکات.

- لە ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی جەزائیردا بەبیرهێنانەوەی پەیڕەو ئەولەویەتە، و سەرۆک بۆی هەیە هۆشداری بداتە ئەو قسەکارەی پێشێلکاری پەیڕەویی کردووە[١].

- لە ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی دەوڵەتی غانا دا، بابەتی خاڵی پەیڕەو لەژێر ناوی "پێبڕینی گفتوگۆ"دا هاتوە، کە تێیدا[٢]:

گفتوگۆکان لەوانەیە لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا بوەستێنرێن:

کاتێک کە خاڵی پەیڕەوی داوادەکرێت.

کاتێک کێشەی ئیمتیاز لەناکاو سەرهەڵدەدات.

بە ڕاکێشانی سەرنج بۆ تەواونەبوونی ژمارەی ڕێژەی یاسایی؛

لەکاتی ئاگادارکردنەوە لەسەر ئامادەبوونی خەڵکانی نامۆ.

وە سەبارەت بە پێبڕینەکان لەکاتی قسەکردنی ئەندامانداا، لە ماددەی ٩٠ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتوە:

---

(١) – المادة ٥٦ من النظام الداخلي لمجلس الأمة الجزائري لعام ٢٠٠٠.

(2) Parlia,antary Standing Orders Of State Of Gana, Article 89-90 )shorturl.at/ikoEM).

آ- هیچ ئەندامێک ناتوانێت قسە بە هیچ ئەندامێکی تر ببڕێت، جگە لە:

داواکردنی خاڵێکی پەیڕەوی، واتە هەر کام لەم فەرمانانە پێشێل کرابێت، ئەو کاتەی ئەندامە ئاخاوتنکارەکە دەگەڕێتەوە کورسیەکەی خۆی، دەبێت ئەو ئەندامەی کە قسەکە دەپچڕێنێت بە سادەیی سەرنجی ڕابکێشێت بۆ ئەو خاڵەی دەیەوێت بیخاتە ڕوو و بیخاتە بەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ بڕیاردان لەسەری، یان:

بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک لەو کێشانەی ئەندام ووروژاندویەتی لە وتەکەیدا، بەمەرجێک ئەندامی ئاخاوتنکار ئامادەبێت بۆ ڕێگەپێدان و گەڕابێتەوە کورسیەکەی خۆی، و ئەو کاتەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران ڕێگەی بەئەندامی داواکار داوە ووتەکە ببڕێت.

ب- کاتێک ئاماژە بەخاڵێکی پەیڕەوی دەدرێت، دەبێت ئەو ئەندامەی کە پێبڕینەکە دەکات لەسەر کورسی خۆی بێت، و ئەگەر سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران ڕێگەنەدات، هیچ ئەندامێکی تر هەڵناسێت تا سەرۆک بڕیارەکەی دەدات. کاتێک بڕیارەکە جێبەجێ کرا و ئەگەر پێویست بکات ئەندامی ئاخاوتنکاری بەر لە پچڕاندنەکە مافی دەدرێتەوە بۆ بەردەوامبوون لە ووتەکەی، مەگەر بڕیارەکە ڕێگری لێبکات.

**- له پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا مۆڵەتی ئاخاوتن دەدرێت لە حاڵەتی**[1]**:**

یەکەم: داواکاری لەلایەن وەزیرەکان و ئەوانەی لەو پلەیەدان، سەرۆک لیژنەکان لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە کاری وەزارەتەکانیان و بەڕێوەبەرایەتیەکانیان و لیژنەکانیان کە لەلایەن ئەنجومەنەوە بانگ دەکرێن.

دووەم: بەبیرهێنانەوەی حوکمەکانی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن.

سێهەم: داواکاری هەڵپەساردن، دواخستن یان کۆتایی هێنان بە گفتوگۆ.

چوارەم: وەڵامدانەوەی لێدوانێک/زاراوەیەک/ ووشەیەک لەلایەن ئەندامێکی ئەنجومەنەوە کرابێت کەکاریگەری لەسەر کەس یان شکۆمەندی ئەندامێکی تر هەبێت.

پێنجەم: ڕاستکردنەوەی هەندێک ڕوودا و حاڵەت کە لە لێدوانەکانی ئەندامانەدا هاتوەو بە داوایەکی نووسراوەوە.

لە ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆی نوێنەرانی عێراقدا هاتوە، دەبێت ئەندامانی ئەنجومەن لەگفتوگۆو بڕیارەکانیاندا پابەندبن بەحوکمەکانی دەستوور و ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆ[2]. لەدانیشتنەکانی ئەنجومەنیشدا ئەندام مافی هەیە ناڕەزایی دەربڕێت (خاڵی پەیڕەو) لەسەر بەڕێوەچونی گفتوگۆکان، ئەگەر ماددەیەک لەدەستوور یان پەیڕەو، وەیان سەرپێچیەک کرابێت لە کارنامەی دانیشتنەکە، دەبێت ئاماژە بەژمارە و دەقی ئەو ماددەیە بکات[3].

---

(١) المادة ٩٢ من النظام الداخلي للمجلس الوطني العراقي لعام ٢٠٠٠.

(٢) المادة ٤ النظام الداخلي لمجلس النواب العراقي، الدائرة الإعلامية، بغداد، ٢٠١٦.

(٣) المادة ٢٧ من النظام الداخلي لمجلس النواب العراقي النافذ.

**لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراقدا:**

لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا ئەمانە هاتووە:

لەسەر بنەمای یەکێک لە مادده و بڕگەکانی دەستوور و یاسا بەرکارەکان، یان یەکێک لە مادده و بڕگەکانی ئەم پەیڕەوەدا، ئەندام دەتوانێت داوای ئاخاوتن بکات لە دانیشتنەکانی پەرلەمان هەرکاتێک بیەوێت، بە داواکاری مۆڵەت لە سەرۆک پەرلەمان لە ڕێگای خاڵی پەیڕەوەوە، بە مەرجێک ئاخاوتنەکەی لە ماوەی (١) یەک خولەک زیاتر نەبێت بەبێ ڕەچاوکردنی " تۆمارکردن و ڕێکخستن"[١].

هەروەها ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی هەرێم ئەو مەرجانەی دەستنیشانکردوە کەتایبەتن بەخاڵی پەیڕەو، وەکو ئەمانە[٢]:

١- پێشێلکردنی یەکێک لە مادده و بڕگەکانی دەستوور و یاسا بەرکارەکان یان یەکێک لە مادده و بڕگەکانی ئەم پەیڕەوە.

٢- کەگفتوگۆکان لەبابەتی دانیشتنەکە دەردەچن.

٣- داواکاری دواخستنی گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، بابەتێکی تر پەسەند بکرێت، یان جێگۆڕکێ لە کارنامەکەدا.

ئێمە پێشتر تیشکمان خستۆتە سەر خاڵی پەیڕەوی لە حاڵەتی پێشێلکردنی چوارچێوە دەستووری و یاسایی یان پەیڕەویدا. بەڵام سەبارەت بەداواکارییەکان بۆ دواخستن، ئەم جۆرە داواکاریانە ئەولەویەتیان هەیە نەک تەنها بۆ دەستپێکردن یان بەردەوامیدان بەگفتوگۆ، بەڵکو داواکاری داخستنیش.

داواکاری دواخستن لەوانەیە لەسەر بنەمای هۆکار بێت، واتە پشتبەستوو بێت بە هۆکار، و هۆکاریش گومان ناهێڵێت، بەئامانجی ڕوونکردنەوەی مەبەستی داواکاری دواخستنەکە. هەرچۆنێک بێت،

---

(١) الفقرة أولاً من المادة ٥٦ من النظام الداخلي لبرلمان إقليم كوردستان ٢٠٢٠.

(٢) الفقرة ثانياً من المادة ٥٦ من النظام الداخلي لبرلمان إقليم كوردستان ٢٠٢٠.

داواکاریه به پاساوەکان بۆ دواخستن تەنیا لە پاش گفتوگۆکە پێشکەش دەکرێت نەک پێشتر. لەبەرئەوەی پەرلەمان ناتوانێت بڕیارێک دەربکات لەسەر بابەتێک کە تەواو نەبووە لە لێکۆڵینەوەکردن بەشێوەیەکی گشتی. چۆن پەرلەمان دەتوانێت پەیوەندی بابەتێک بەبابەتێکی ترەوە بزانێت، بەبێ ئەو بابەتە؟ ئەگەر باسیبکات ئەوا بارودۆخەکانی دەردەکەوێ، و لێرەدا دەتوانێت بڕیاری خۆی وەربگرێت بۆ پەسەندکردنی یان ڕەتکردنەوەی داواکاری دواخستنەکە. لە بنەڕەتەوە بڕیاری دواخستن تەنیا لە کۆتایی گفتوگۆکاندا دێت. خێراکردنی ئەنجامەکە (واتە قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی پەرلەمان بۆ داواکاری دواخستن، یان دواخستنی ڕەچاوکردنی بابەتێک) تەنیا لەپاش ئەم باسانەوە دەکرێ[1].

ئەوە بەسوودە، دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت کە داواکاری دواخستن ڕێگر نییە لە لێدوانەکانی بەدواداچوونی ئەندامانی حکومەت، چونکە وەڵامی حکومەت لێرەدا سیفەتی بەپەلە یان هەنوکەیی هەیە. بابەتی پەلە و هەنوکەییەکان لە گرینگیدا یەکسانن بە داواکاریەکانی ئەولەویەت و هەمان پێگەیان هەیە.

بەڵام سەبارەت بە بنەمای سەیرکردنی بەپەلە، ئەم بنەمایە لە هەر سێ خوێندنگەکەی خۆیدا لەگەڵ بنەماکانی یاسا پەرلەمانیەکاندا هاودەنگە، لەوەی کە پەرلەمانەکان ئەنجومەنی یاساناسان نین کە لەسەرخۆ توێژینەوە و تێڕوانین بکەن بۆ یاسای گونجاو لە پرۆژەیاساکاندا، یان لە یاسا داراییەکاندا. بەڵکو پەرلەمانەکان کۆمەڵە کەسانێکی سیاسین و لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون بۆ بڕیاردان لەسەر کاروبارە گشتییەکانیان، لە کاتی گونجاودا. هەندێ جار لەوانەیە پێویستبکات ئازاد بێت لە

---

(١) د. محمد سالم المزروعي، سەرچاوەی پێشوو، ص ١١١-١١٢.

کۆتوبەندی ڕێکارە ئاساییە هێواشەکان لە سیستەمەکەدا. بۆیە پەیڕەوە ناوخۆییەکانی پەرلەمانان دەبێت وریابن لەو حاڵەتانەی پێویستن یان حاڵەتە هەنوکەییەکان. مەبەست لە پەلەکردن زامنکردنی کاربەڕێکردنی ئەنجومەنە تەشریعیەکانە بە باشی لەگەڵ خێرایی پێویست لە کارەکانیاندا. لەکاتی دەنگدان بە حاڵەتی پەلەکردن، و دەرچوونی بڕیارێک لەبارەیەوە، دەبێت ئەم بابەتانە بە پەلە ڕەچاوبکرێت و لیژنە پەیوەندیدارەکانیش ڕەچاوی ئەو پرسە هەنوکەییانە بکەن کە ئاماژەیان پێدراوە لە پێش هەر کارێکی تری لیژنەکە(١).

لە ماددەی ٩٢ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی کارپێکراودا هاتووە: پەرلەمان (بەخەسڵەتی بەپەلە) دەڕوانێتە بۆ ئەو پڕۆژە و بڕیارانەی تایبەتن بە بودجە، ئیعتیماداتی زێدەگی، و ژمێرەی کۆتایی، و دەتوانێت بڕیار بدات لەسەر هەر بابەتێکی تر کە بەپەلەی بزانێت.

ئەم ماددەیەی پەیڕەوی ناوخۆ ئەوەی ڕوون نەکردۆتەوە کە کێ مافی داواکاری پەلەکردنی هەیە بۆ پرسەکانی تری نادارایی، جگە لەئەندامانی پەرلەمان کە پێمانوایە مافی داواکاری خاڵی پەیڕەوییان هەیە، و پێشنیازی پەلەکردن دەکەن، بەڵام ئایا باشتر نییە ئەو مافەش بدرێتە سەرۆکی پەرلەمان، و دەستەی سەرۆکایەتی، و سەرۆکی وەزیران، و ئەنجومەنی وەزیران بۆ ڕەچاوکردنی پرۆژەیاساکان و بڕیارەکان بە سیفەتی هەنوکەیی لەگەڵ بەیانکردنی هۆکاری پەلەکردنەکە، دەبێت هۆکاری پەلەکردن کورت و پوخت و دەستنیشانکراو بێت، خۆ ئەگەر پەیڕەویش لە دەقدا نەینوسیبێت. ئێمە باس لەوە دەکەین کە دەکرێت پرۆژە

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١١٩.

ڕاســـتەوخۆ بنێردرێــت بــۆ لیــژنەی پەیوەندیــدار و لە دانیشـــتنی داهاتوودا پەرلەمانی لێی ئاگاداربکرێتەوە.

لێرەدا دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە دەبێت پەرلەمان چاوەڕێی ئەنجامەکانی لیـژنە بکـات، و لەسـەر بنەمـای خەسـڵەتی پەلەکـردن ناکرێـت پەرلەمـان بەردەوام بێـت لە باسـکردنی کێشـەیەک بەبـێ ڕاپۆرتی لیژنەکەی، و ناکرێ پەرلەمان پەسەندی بکات، بەڵکو بۆی هەیە یاسای بەپەلە ڕەتبکاتەوە. بەپێی ڕێسـایەکی بنـەڕەتی ئەمریکا: بڕیـاردان لەسـەر پرسـی بـە پەلەکـردن بڕیـارێکی سـەرەتاییە نەک لەســەر بنچینـەی بـابەتەکە (پـڕۆژە یاســاکە)یە. بڕیــاردان لەســەر مەسـەلە سـەرەتاییەکان دەبێت هەمیشـە پوخـت و دیـاریکراو بـن و ناکرێ لە بنچینەی مەسەلەکەدا (پڕۆژە یاساکە) و بەر لە بڕیـاردان لەسەر هۆکارەکانی پەلەکردن، بڕیاری لەسەر بدرێت. ڕەنگە پەیڕەو سەرۆک ناچار بکات هۆکارەکانی پەلەکردن ڕوونبکاتەوە و ئەوەی لەسەر ئەم هۆیانەش بڕیار دەدات مافی خۆیەتی چونکە پەرلەمـان بەم هۆکارانە ئاگادار دەکرێتەوە.

کـاریگەری پەلەکـردن، بـە پێـی بنـەڕەتی ڕێسـا پەرلەمانیـەکان ، ئەوەیە[١]:

– تەکلیفکردنــی لیــژنەیەک بــۆ لێکــۆڵینەوە و دیراســـەکردنی یاساکە، پێش کارەکانی تری لیژنە.

– دەکـرێ خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ پـرۆژە یاسـاکە نـەکـرێ، ئەگـەر پـەیڕەو ئەمـەی مـەرج گرتبـوو. لە فەرەنسـا ڕاپـۆرتی بەپەلە دەبێـتە هـۆی پابەنـدنەبوون بە کارنـامە لە پەیـڕەودا، جـا لەکـاتی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی لیژنەکان بێت یان لە کاتی پێداچونەوە بۆ پڕۆژە یاساکانی پەرلەمان بێت.

---

(١) د. محمد سالم المزروعي، سەرچاوەی پێشوو، ص١٢٠.

**- لە پەیڕەوی ناوخۆی نەتەوە یەکگرتووەکاندا:**

ڕێساکانی پەیڕەوی ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بە (خاڵی پەیڕەوی) کردوە لەماددەی ٧١ دا و دەڵێت: هەر نوێنەرێک لەکاتی گفتوگۆکردنی هەر مەسەلەیەک دەتوانێت خاڵی پەیڕەوی داوا بکات، و دەبێت سەرۆک دەستبەجێ و بەپێی حوکمەکانی پەیڕەوی ناوخۆ بڕیاری لێبدات و نوێنەریش دەتوانێت تانە لە بڕیارەکەی سەرۆک بدات، و ڕاستەوخۆ ئەم تانەیە دەخرێتە دەنگدانەوە. بڕیاری سەرۆک لەجێی خۆی دەمێنێتەوە، مەگەر بەزۆرینەی ئەندامانی ئامادەبوو بەتاڵبکرێتەوە. نوێنەر کە لەخاڵێکی پەیڕەویدا قسەدەکات ناتوانێت قسە لەسەر ناوەڕۆکی مەسەلەیەک بکات کە لەژێر گفتوگۆدایە(١).

لیژنەی تایبەتی (کۆمەڵەی گشتی) پەسەندکردنی ئەم دەقەی خوارەوە وەک وەسفێک بۆ چەمکی خاڵی پەیڕەوی پێشنیاز دەکات(٢):

١- خاڵی پەیڕەوی لە بنچینەدا ووتەیەکە ئاڕاستەی سەرۆک دەکرێت، و داوای لێ دەکات کە دەسەڵاتێک لە دەسەڵاتەکانی پێگەکەی خۆی بەکاربهێنێت، یان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ڕێگەی پێدراوە. بۆ نمونە لەوانەیە پەیوەست بێت بە شێوازی ئەنجامدانی گفتوگۆ، یان بۆ پاراستنی سیستەم، یان بۆ لەبەرچاوگرتنی حوکمەکانی پەیڕەوی ناوخۆ، یاخود بەو شێوازەی سەرۆک دەسەڵاتەکانی پیادە دەکات کە پەیڕەوی ناوخۆ پێی بەخشیوە. دەکرێت نوێنەر لەکاتی ئاخاوتنی لە خاڵی پەیڕەویدا داوا بکات لە سەرۆک بۆ جێبەجێکردنی ماددەیەکی تایبەت بە ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆ، یان ناڕەزایی دەربڕێت

---

(١) المادة ٧١ من النظام الداخلي للجمعية العامة للأمم المتحدة.

(٢) توصيات اللجنة الخاصة في الجمعية العامة للأمم المتحدة، في صدد تحديدها لنقطة النظام، ملحق في النظام الداخلي للجمعية العامة.

لەسەر شێوازی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە لەلایەن سەرۆکەوە. لەو چوارچێوەیەدا نوێنەران دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە سەرنجی سەرۆک ڕابکێشن بۆ پێشێلکاری یان خراپ بەکارهێنانی ماددەکانی پەیڕەو لەلایەن نوێنەرانی ترەوە، یان لەلایەن خودی سەرۆک خۆیەوە. خاڵی پەیڕەوی ئەولەویەتی هەیە بەسەر هەموو بابەتەکانی تر و لەنێویشیاندا پێشنیازی ڕێکارەکان.

٢- ئەو خاڵە پەیڕەویانەی بەرزدەکرێنەوە بەپێی ماددەی ٧٣، ئەو بابەتانەن کە پێویستیان بەبڕیاری سەرۆک هەیە و دەکرێ تانەشیان لێبدرێت.

٣- بەپێی ماددەی ٧٣ی ناوبراو، دەبێت سەرۆک دەستبەجێ بڕیار لەسەر خاڵی پەیڕەوی بدات بەپێی حوکمەکانی پەیڕەو و هەر تانەیەک لە بڕیاری سەرۆک دەستبەجێ دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، ئەمەش ئەم لێکەوتانەی دەبێت:

- سەبارەت بە خاڵی پەیڕەو، و هەر تانەیەک بۆ بڕیاری سەرۆک لەبارەیەوە، گفتوگۆ ناکرێ، وە ڕێگەنادرێ بە ئاخاوتن لەسەر هەمان بابەتی خاڵی پەیڕەوی وەیان بابەتێکی تر، ئەگەر لە خاڵی پەیڕەوی یەکەم تەواو نەبووبێت وەیان بڕیاری نەدابێ لەبارەیەوە.
- دەکرێ سەرۆک و نێردەکان لەخاڵێکی پەیڕەویدا پرسیار و ڕوونکردنەوەیان هەبێت. هەروەها سەرۆک بۆی هەیە ئەگەربەپێویستی بزانێت داوا لە نێردەکان بکات بیروڕای خۆیان لەسەر هەر خاڵێکی پەیڕەوی بدەن -بەر لەوەی سەرۆک بڕیاری خۆی بدات، لە هەندێک حاڵەتی نائاسیی کە ڕێکارێکی لەو شێوەیە دەگیرێتەبەر، سەرۆک دەبێت کۆتایی بە ئاڵوگۆڕی بۆچوونەکان بهێنێت و بڕیاری خۆی بدات، هەرکاتێک ئامادەبێت بۆراگەیاندنی بڕیارەکەی.

٤- لە هەمــان مــاددەی ٧٣ دا هــاتووە، کاتێــک نــوێنەر لەخــاڵێکی پەیڕەویـدا قسـەدەکات نابێت لە نـاوەڕۆکی ئەو بـابەتە بێت کـە لەژێر گفتوگۆدایە. بەم شێوەیە، سروشتی تەواو بۆ ڕێکاری خاڵ پــەیڕەوی پێویســتی بە کــورت و پــوختی هەیە و ســەرۆک بەرپرسـیارە لەوەی ئەو لێـدوانانەی لەهەر خـاڵێکی پەیڕەویـدا دەکرێن لەگەڵ ئەم پێناسەیەدا بگونجێن.

**پەرلەمانی ئەوروپا:**

سـەبارەت بە خـاڵی پەیڕەو و پێشنیازی ڕێکارەکـانی ( Point of Order and Procedural Motıons):[1]

١- ڕێـگە بە ئەنـدامان دەدرێـت قسـەبکەن بـۆ ڕاکێشـانی سـەرنجی سەرۆک لەبارەی هەر سـەرپێچیەک ڕویـدابێت لە پابەندبوون بە یاســاکانی پەیــڕەوی نــاوخۆدا. دەبێــت ســەرەتا ئەو ڕێســایە دەستنیشان بکرێت کە ئاماژەی پێ دەدەن.

٢- داواکـاری وروژانـدنی خـاڵی پەیـڕەو ئەولەویـەتی هەیـە لەسـەر هەموو داواکاریەکانی تـری ئاخـاوتن، یـان پێشـنیازە ڕێکارەکـانی تر.

٣- ماوەی گفتوگۆکە نابێت لە یەک خولەک تێپەڕێت.

سـەبارەت بە پێشـنیازەکانی ڕێکـار بەپێـی پـەیڕەوی پەرلەمـانی ئەوروپــا، ئەم حاڵەتــانەی خــوارەوە ئەولەویەتیــان هەیە لەســەر داواکاریەکانی تر بۆ ئاخاوتن:

١- داواکاریەکان بۆ پێشنیازی ڕێکار، بەم شێوەی خوارەوە:

قبووڵنەکردنی بابەت/ کێشە (ڕێسای ١٩٧)؛

(1) European Parliament, Rules Of Procedure, 9th parliamentary term, December 2019 Chapter 6, Rule 195 .

گەڕانەوەی دوبارە بۆ لیژنە (ڕێسای ١٩٨)؛
داخستنی گفتوگۆ (ڕێسای ١٩٩)؛
دواخستنی گفتوگۆ یان دەنگدان (ڕێسای ٢٠٠)؛ یان
هەڵپەساردن یان داخستنی دانیشتن (ڕێسای ٢٠١)

جگە لە بزوێنەرەکە، تەنیا ئەو ئەندامانەی خوارەوە لەسەر ئەم پێشنیازانە دەبیسترێن:

یەک قسەکار لە دژی، و سەرۆک یان بڕیاردەری لیژنەی بەرپرس.

ماوەی ئاخاوتن نابێت لە یەک خولەک تێپەڕ بکات.

هەروەها ڕێسای ١٩٧ کە تایبەتە بە داواکردن بۆ ڕاگەیاندنی بابەتێکی قبوڵنەکراو ، هاتووە:

١- لە سەرەتای گفتوگۆکردن لەسەر بڕگەیەکی دیاریکراوی کارنامە، گرووپێکی سیاسی یان ئەندامان کە ژمارەیان بگاتە لانیکەمی کەمترین، لەوانەیە پێشنیازێک بکەن بۆ ڕاگەیاندنی قبوڵنەکردن و پێشنیازەکە ڕاستەوخۆ دەخرێتە دەنگدانەوە.

پێویستە ڕاگەیاندنی قبوڵنەکردن-بەلایەنی کەمەوە- بەر لە ٢٤ کاتژمێر بخرێتە پێش سەرۆک و ئەویش دەستبەجێ پەرلەمان ئاگادار بکاتەوە.

٢- ئەگەر پێشنیازەکە پەسەند بکرێت، پێویستە پەرلەمان دەستبەجێ لە بڕگەی داهاتووی بەرنامەی کاردا جێگیری بکات.

**ڕێسـای ١٩٨، کە ڕەوانەکردنیـەتی بـۆ لیـژنە، ڕەچـاوی ئەوە دەکات:**

١- لەوانەیە لەلایەن گروپێکـی سیاسـی یـان لانـی کەم کەمتـرین ژمارەی ئەندامانەوە داوا بکرێت، لەکاتی دانانی کارنامە یان پێش دەسـتپێکردنی گفتوگـۆکە. پێویسـتە سـەرۆک پەرلەمـان ئاگـادار بکرێتەوە لە نییەتـی داواکـار بـۆ نـاردنەوەی پـرۆژەکە بـۆ لیـژنە، لەپێش -لایەنی کەمەوە - ٢٤ کاتژمێر و سـەرۆکیش دەسـتبەجێ پەرلەمان ئاگادار بکاتەوە.

٢- دەکـرێ پێشـنیازێک بـۆ دووبـارە گەڕانـدنەوە/ نـاردنەوە بکرێـت لەلایەن گروپێکـی سیاسـیی یـان کەمتـرین ژمـارەی ئەنـدامان، لەپێش یان لەکاتی دەنگداندا پێشکەشبکرێت. و دەبێت ئەم جۆرە پێشنیازە دەسبەجێ بخرێتە دەنگدانەوە.

٣- ئەم پێشنیازە تەنها جارێک دەکرێت لە هەر قۆناغێک لە ڕێکـاری ئاماژەپێکراو لە بڕگەکانی ١ و ٢دا.

٤- ئاڕاستەکردنی جارێکی تر بـۆ لیـژنەکە دەبێتە هـۆی وەسـتاندنی ڕەچاوکردنی بەندەکە.

٥- پەرلەمـان دەتوانێـت سـنورێکی کـاتی دابنێـت بـۆ لیـژنەکە، بـۆ پێشکەشکردنی ئەنجامەکانی.

**ڕێسای ١٩٩ لەسەر داخسـتنی گفتوگۆ و چۆنێتی ئەنجامـدانی هاتووە:**

١- دەکرێـت گفتوگـۆکە لەسـەر پێشـنیازی سـەرۆک دابخرێـت یـان لەسـەر داواکـاری گروپێکـی سیاسـی یـان لانـی کەم کەمتـرین ڕێـژەی ئەنـدامان، پـێش ئەوەی لیسـتی ئاخاوتنەکـان تەواو بێت. ئەم پێشنیازە یان داواکاریە ڕاستەوخۆ دەخرێتە دەنگدانەوە.

٢- ئەگەر پێشـــنیاز یـــان داواکـــاریەکە پەســـەند بکرێـــت، لە هەر گرووپێکـی سیاسـی تەنیـا یەک ئەنـدام دەتـوانێ قسـە بکـات کە هێشتا ئاخاوتنێکی لەو گفتوگۆیەدا نەبووە.
٣- دوای گـووتنی ئەو ووتـانەی لە بـڕگەی ٢ دا ئاماژەیـان پێدراوە، گفتوگۆکە دادەخرێت و پەرلەمان دەنگ لەسەر بابەتی بەردەست دەدات، جگە لەو حاڵەتـانەی کە کـاتی دەنگدان لە پێشـدا دیـاری کراوە.
٤- ئەگەر پێشنیازەکە یان داواکاریەکە ڕەتبکرێتەوە، ئەوا نابێت لە هەمان گفتوگۆدا جارێکی تر پێشکەش بکرێتەوە مەگەر لە لایەن سەرۆک پەرلەمانەوە کرابێت.

بۆ دواخسـتنی گفتوگۆ یان دەنگدان، لە چوارچێوەی ڕێسـای ٢٠٠ دا ڕێکخراوە:

١- لە سـەرەتای گفتوگۆی بڕگەیەکی کارنـامە، گرووپێکی سیاسـی یـان ئەنـدامان کە بەلایەنـی کەمەوە کەمترینە، لەوانەیە کـاربکەن بـــۆ دواخســـتنی گفتوگـــۆکە بـــۆ بەروار و کـــاتێکی دیـــاریکراو، پێشـنیازێکی ئـاوا ڕاسـتەوخۆ دەخـرێتە دەنگـدانەوە. پێویسـتە سـەرۆک ئاگـادار بکرێتەوە بەلایەنی کەمەوە ٢٤ کـاتژمێر بەر لە وادەی پێشنیازکراو بۆ دواخستن، و دەبێت سەرۆک دەستبەجێ پەرلەمـــان ئاگـــادار بکـــاتەوە بە هەر بەرەوپێشـــچونێک لە حاڵەتەکەدا.
٢- ئەگەر پێشـنیازەکە پەسـەند کـرا، ئەوا پەرلەمـان دەسـتدەکات بە بڕگەی داهاتوو لە بەرنـامەی کـار و گفتوگۆ لە بـڕگەی داواکـراو دوادەخرێت بۆ کات و بەرواری دیاریکراو.

**بەڵام سـەبارەت بە هەڵپەسـاردن یـان داخسـتنی گفتوگـۆ یـان دەنگـدان، یاسـای ٢٠١ی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی ئەورووپـی، ڕایدەگەیەنێ:**

ڕەنــگە دانیشــتنەکە هەڵپەســێردرێ، یــان دابخرێــت لەکــاتی گفتوگـۆکردن یـان دەنگدانـدا. ئەگەر پەرلەمـان بڕیـار بـدات لەسـەر پێشـنیازی سـەرۆک یان لەسـەر داواکـاری ئەندامان یـان داواکـاری گروپێکی سیاسی یان گروپێک کە لانی کەم دەگاتە کەمترین ڕێژە. ئەم پێشنیازە یان داواکاریە ڕاستەوخۆ دەخرێتە دەنگدانەوە.

ئەگەر داواکــاری هەڵپەســاردن یــان داخســتنی دانیشــتنەکە پێشکەشکرا، پێویستە پرۆسەی دەنگدان لەسەر ئەم داواکاریە بەبێ دواخســتنی ناپێویســت دەســت پــێ بکــات. پێویســتە ئــامرازە ئاسـاییەکانی ڕاگەیانـدنی دەنگـدان لە کۆبـوونەوەی گشـتیدا بەکـار بهێنرێـت، بەپێـی کردارەکـانی ئێسـتا و کـاتی پێویسـت بـدرێت بە ئەندامان بۆ گەیشتن بە ژوورەکە.

بە بەراورد لەگەڵ بـڕگەی لقـی دووەمـی ڕێسـای ١٥٨، ئەگەر ئەم جـۆرە داواکـاریە ڕەتبکـرێتەوە، ناتوانرێـت لە هەمـان ڕۆژدا دووبارە داوایەکی هاوشێوە بکرێت. بەپێی ڕێسـای ١٧٤، سـەرۆک مافی ئەوەی هەیە کۆتایی بە بەکارهێنانی زیادەڕەوی داواکاریەکـان بهێنێت بە پێی ئەم ڕێسایە.

ئەوەی جێگـای ئاماژەپێـدانە، کە هاوشـێوەیی گشـتی لەخـاڵی پــەیڕەوی پەرلەمانیــدا ئەوەیە کە جەخــت لەســەر ئاراســتەکردنی ڕەچـاوکردنی حوکمـەکانی دەسـتوور و یاسـاو ڕێسـاکانی پەیـڕەوی نــاوخۆی پەرلەمــان، یــان دەرچــوون لە بەرنــامەو مەبەســتەکانی دانیشتنەکان دەکاتەوە.

### (٢-٢-٢) مەبەست لە خاڵی پەیڕەوی

پەیڕەوی ناوخۆ ئامرازێکی سیاسیە بۆ ڕێکخستنێکی باشی کاری ناوخۆی پەرلەمان، بەرزەفتکردن و داڕشتنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەکتەرە سیاسییەکان، هاوسەنگکردنی هاوکێشەی نێوان زۆرینە و ئۆپۆزسیۆن و مسۆگەرکردنی مافی کەمینە پەرلەمانییەکان، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی ئەرکەکان و دیاریکردنی پێشێلکاریەکان و سزاکانیشیان بۆ دادەنێت. بەکاردەهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیەکان.

ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆ چەندین بناغەی کارکردنی گونجاوی پەرلەمانی لەناو حەرەمی پەرلەمان یان لیژنەکان لەخۆ دەگرێت، خاڵی پەیڕەوی یەکێکە لەو ئامرازە بنەڕەتیانە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، چونکە ئامرازێکە بۆ بە عەقڵانیکردنی گفتوگۆکان و بەرزکردنەوەی ئاستەکەی، و چارەسەری کێشەکان لەکاتی ڕودانیاندا، لەگەڵ دۆزینەوەی وەڵام بۆ هەڵەو بارودۆخەکان.

سوودمەندی خاڵی پەیڕەوی پەرلەمانی لە ڕاستکردنەوەی ئەو پێشێلکاریانەدایە کە ڕوودەدەن لە بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەدا، لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی حوکمەکانی دەستوور کە پەیوەندیان بە کارەکانی پەرلەمانەوە هەیە، یان لە ڕێگەی حوکمەکانی پەیڕەوی ناوخۆ کە حوکمی کاری پەرلەمان دەکات، ئەمە خۆی لە خۆیدا دادەنرێت بە جۆرێک لە چاودێریکردن کە ئەندام پەیڕەوی دەکات بۆ ڕاستکردنەوەی سەرپێچیەکان لە ئامرازەکانی کۆبونەوەدا، جا لە پەرلەماندا بێت یان لە لیژنەکاندا(١).

خاڵی پەیڕەوی یان پچڕاندنی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوە سیاسیەکان، دادەنرێت بە یەکێک لەو ئامرازە سەرەکیانەی گەرەنتی کارکردنی گونجاوی کۆبوونەوەکان دەکەن

---

(١) د. زیاد خالید یوسف ئەلمفراجی، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥.

بۆ هەر کارێکی پەرلەمانی، سیاسی، دامەزراوەیی، دیموکراسی یان دەستەجەمعی. وە ئەمە مافێکە لەلایەن پەیڕەوە ناوخۆکان و عورفە پەرلەمانیەکان و سیاسی و ڕێکخستنە دامەزراوەییەکان بۆ هەموو ئەو ئەندامانەی لەو کۆبوونەوەنەدا ئامادەدەبن بەبێ جیاوازی.

سەبارەت بە پێوەرەکانی بەرفەرمان لە دروستکردنی تەشریعدا، خوێندکاران باس لەوە دەکەن کە زانایانی فەلسەفەی یاسا جیاوازی لە نێوان هەبوونی تەشریع و کاراییەکەی دەکەن. بوونی تەشریع دەرکردنی یاسایە لەدەسەلاتێک کە بەپێی حوکمەکانی دەستوور و ئەو یاساو ڕێسایانەی بۆ دەرکردنی یاسا دامەزراون ئەم ماف و ئەرکەی هەیە. بەلام کارایی یاسادانان تەنیا بە کەفالەتکردنی داخلبونی کۆمەلایەتییە لە حوکمەکان بۆناو بەستێنی ژیانی کۆمەلگا و پەیوەندییەکانی، ئەمە بەس نییە بۆ بەدەستهێنانی کاراییەکی وەها بۆ قایلکردنی ئەندامانی کۆمەلگا کە جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسا مەرجێکی پێویستە بۆ باشبەڕێوەچوونی ژیانی کۆمەلایەتی و بەرزەفتکردنی پەیوەندیەکانیان.

بۆ مسۆگەرکردنی ئەمە و دروستکردنی کەش و هەوایەک بۆ سەرخستنی یاسادانان لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە پێشتر دیاریکراوە، یاسادانەری زیرەک دەبێت ڕەچاوی ئەم پێوەرانەی خوارەوە بکات:[١]

(١) سري محمود صيام (نائب محكمة النقض ومساعدة وزير العدل لشؤون التشريع ورئيس أمناء مكافحة غسيل الأموال في مصر)، التشريع في العالم العربي ومواجهة تحديات العولمة، بحث منشور في: مجموعة قوانين ولوائح السلطة التشريعية في بعض النظم القانونية العربية، القاهرة، ٧-١٠ سبتمبر ٢٠٠٤، ص ٨-١١.

١- یاســادانان تەنیـا ئـامرازێکی زۆرەملێـی نیـیە کە نـوێنەرایەتی هێزێکــی رووت بکــات، بەڵکــو ئــامرازێکە بــۆ بەدەســتهێنانی بەرژەوەندی، کە دادپەروەری تێیدا باو بێت.
٢- هەر یاسـایەک لە ویژدانـی ئەنـدامانی کـۆمەڵگەدا جێگیـر بێـت و زوڵمی زیاتربێت لە دادپەروەری، چارەنووسی پشتگوێخستن و نکــۆڵیکردنە، و چەنــدیش بە ســزا یاســاکانی چەکــداربکات. لەبەرئەوە ڕەچــاوکردنی قەناعەتپێهێنانیــانی کۆمــەڵ پێویســتە بــەوەی کە رێســای تەشــریعی گــرنگە بــۆ ژیانیــان و هێنــانەدی بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ دادپەروەری نێوانیان.
٣- بۆ هێنانەدی قەناعەتی دەستنیشـانکراو، پێویستە بەرچاوڕوونی بدرێتە ئاخاوتنکـارانی یاسـادانان و دەسـەڵاتەکانی جێبەجێکـردن لەبــارەی ئامــانج و مەبەســت و گرنگــی و ســوودمەندی و دادپەروەریـی حوکمــەکانی، هەروەهــا گرنگیــدان بە بیــروڕا و ڕاپرسـی لەبـارەیەوە بەر لە ڕێکـاری دەرچوانـدن بـۆ بونیادنـانی قەنـاعەتی کەسـی و زامنکردنـی کاریگەریەکانی بە پەیڕەوکردنـی حوکمـەکانی و جێبەجێکردنـی بەپێـی مەبەست، و هێنانـەدی ئەو ئامانجەی لەپێناویدا هاتونەتە کایەوە.
٤- یاسادانانێک کە تێکەڵ بە نەریتی قسـەکارانی نەبێت و قەنـاعەت بەوان و بە بەرپرســیارانی جێبەجێکــردنەکەی نەکــات؛ دەبێــتە کاری وازهێنان و پەراوێزخستن، پشتگوێخستن و پێشێلکردن، و دەگۆڕێت بۆ دەقی بەتاڵ کە لە واقیعدا بوونی نییە، کە شـایەتیی تەواوە بۆ بێگانەبوونی یاسا لە واقیعی کۆمەڵگادا.
٥- یاســادانەری عەقڵانــی نابێــت پشــوو بــدات و دڵنیــا بێــت لە دەسەڵاتی ڕەهای خۆی بۆ دانـانی یاسـا و ئەو جـۆرە سـزایانەی کە تێیدایە، بەڵکو دەبێت ڕەچاوی ئەو ڕێسا ئەخلاقی و پرنسـیپە ئـایینی و رەوشـە کەلتوورییـانە بکـات کە لە ویژدانـی کـۆمەڵگەدا

جێگیربـــووه، و پێویســـته ئامـــانجێکی ڕەوای کـــۆمەڵایەتی بەدەستبهێنێت کە کۆمەڵگە قبوڵی دەکات و ڕەتی ناکاتەوە.

٦- لێـــرەدا و لەبەرئەوەی یاســـادانان گوزارشـــتە لە زیـــاترین بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا و بەتایبەتیش بەرژەوەندیە ئابووریەکـان، بەجۆرێـک کە هەر دەبێت هەنـدێک بەرژەوەنـدی کۆمەڵایەتی بەسەر هەندێکی تردا زاڵ بێت. دەبێت بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیە خواستراوەکان پشتگوێ نەخرێن. لێرەوە جەوهەری یاســـادانانی عەقڵانـــی لەســـەر بنەمـــای هاوســـەنگکردنی بەرژەوەنـدییەکان دێت، بـۆ بەدەسـتهێنانی ئەوپەڕی سـەرکەوتن لەنێوانیـان، و دەبێـت هەمـاهەنگی بکرێـت لەنێـوان بنەماکـانی تەشـــریع بـــۆ ئەوەی قبوڵنەکرێـــت کە سیســـتمێکی یاســـادانان لایەنگیـری بنەمـایەکی تـایبەت بکـات لەسـەر پشتگوێخسـتنی بنەمایەکی تر.

٧- دەبێـت ڕێکخسـتنی کاروبـاری کۆمەڵگـا بە تەشـریع شـێوازێکی جددی و زیرەک و عەقڵانی هەبێت، وەک ئەوەی ئەو کردەوانەی لەلایەن یاسـاکانەوە قەدەغەکـراون –لە چوارچێـوەی ڕێکخسـتنی جوڵەی بیناسـازی و خـانووبەرە و هـاتوچۆ و ئـاڵوگۆڕی کـاڵا و خزمەتگوزارییەکـان، و جۆرەکـانی تـر لە ڕێـگەی بەدەسـتهێنانی پێداویسـتیەکان بـۆ تـاکی کـۆمەڵگە – جێگـرەوەی ڕێگەپێدراویان هەبێـت، بـۆ ئامادەسـازی بەدیهێنـانی حوکمـەکانی تەشـریع و پابەندبوون پێیان. کاتێک پێداگری لەسەر دەرچواندنی ئەم جۆرە تەشریعانە دەکرێ، بەبێ بەردەسـتکردنی جێگرەوەکانیـان، هـانی تاکەکان دەدات بۆ یـاخیبوون، و نـاگوێڕایەڵبوون بـۆ کۆمەڵەکان، بۆیە شکۆی دەوڵەت دەشکێت، تەشـریعەکانیش دەبنە کردارێکـی ڕەوانبێژی و پێشێلکاریەکانیش دەبنە نەریتێکی باو لە فەلسەفەی تەشریعدا.

٨- دەبێـت یاسـادانەر لەهەر یاسـایەکدا لە فەلسـەفەیەکی ڕوون و دەستنیشـانکراوەوە دەسـپێبکات، کە هەمـاهەنگی و تەبـایی بەدەسـتبێنێت و ڕەوایەتـی خـۆی بـۆ کـارپێکردنی درێژخـایەن مسۆگەر بکات، بەبێ پەنـابردن بـۆ هەمـوارکردنەوەی ناوبەنـاو بەهـۆی ئەو جیـاوازی و پێچەوانێتـیەی لە جێبەجێکردنیـدا سەرهەڵدەدەن، و لە دەرئەنجامدا حوکمەکانی قورستر و ئاڵۆزتر دەبـن بـۆجێبەجێکردن. دوای ئەوە دەبێـتە شـتێکی نـامۆ بەهـۆی زۆری گۆڕانکاریەکان کە تێیداکراوە.

٩- دەبێت یاسادانەر جگە لە ئامێزگرتنی ئەو فەلسـەفە ڕوونەی کە ئاماژەی پێکرا، بەرژەوەندی باش بۆ هەمووان بکاتە ئامانج، نەک تەنیا بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەکان، یان ئامـانجێکی دیـاریکراو کە بەخێرایـی بگۆڕدرێـت، بـۆ بەرجەسـتەکردنی دادپەروەری ڕەهایی بەپێی توانا.

١٠- زۆر گـرنگە یاسـادانان و تەجروبەکردنـی گشـتی و تـایبەت بە شـێوەیەکی کـاریگەرانە بەدەسـت بهێنێـت، بـۆ ئەوەی لە ناوچەیەکی دیاریکراوی ئەو جۆرە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەدا کە بەنیازن بەردەوام بێت، جێبەجێبکرێن. بەبێ گوێدانە هەلومەرجی کـات و ڕێگریەکـان، بـۆ ئەوەی کـاری تەشـریع نـزمنەبێتەوە بـۆ ئاستی کاری تاکەکەسی کە بەرژەوەندیەکانی ئەو حوکمی بکەن، هەروەها بۆ ئەوەی بەریەککەوتن لە ئەرکی تەشـریعی و ئەرکی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانان و دەسـەڵاتی جێبەجێکردنـدا ڕوونەدات.

١١- لێرەوە بەرەودوا، دەبێت تەشریع خۆی بەدوور بگرێت لەوەی بریتیبێت لە کاردانەوەیەکی ڕێکخراوەیی بۆ چەند ڕووداوێک کە دەتوانرێت چارەسـەر بکرێت بە ئامرازە سیاسـی و ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و ئیـدارییەکانی تـر، بـۆ ئەوەی تەشـریع نەبێـتە

ڕێکخستنی بنچینەیەکی نەشیاو کە نیشانەکانی ئەو ڕووداوانە ڕابکێشن بۆ داماڵینی ڕوکەشی ژیانی کۆمەڵایەتی، و ناوەڕۆکەکانی دەقەکانیان بەتاڵ بمێننەوە لەپاش بەسەرچوونی بارودۆخەکانی هۆکاری دەرچواندنی ئەم جۆرە تەشریعانە.

١٢- جێگای ئاماژەیە، نابێت پەلە بکرێت لە وەرگرتنی بریار بە چارەسەری تەشریعی بۆ گرفتێک. لەوانەیە تەشریع ڕێگایەکی درەوشاوە بێت لە دیدی خێرایی دەرچوونی و ناپێویستی خەرجیدا، بەڵام زۆرجار ئەم درەوشانەوەیە ئەو کێشەیە دەشارێتەوە کە لە پێناویدا وروژێنراوە و ئاراستەی چارەسەری تەشریعی کراوە، هەرچەندە خۆی لەخۆیدا هیچ یاسایەک چارەسەری ناکات، بەڵکو لە -هەندێک حاڵەتدا- دەبێتە مایەی کەڵەکەبونی کاریگەریەکانی، لەبەرئەوەی چارەسەرە واقیعیەکان بۆ ئەم کێشەیە لە سەرچاوەی تردا دەدۆزرێتەوە کە تەشریعی نییە، وەیان لایەنی کەمەوە ڕۆڵی لایەنی یاسادانان لەچارەسەرکردنیدا لاوەکییە.

١٣- یەکێک لەگرنگترین ئەو لایەنانەی یاسادانەر دەبێت ڕەچاوی بکات بریتییە لەپێکهێنانی تەوافوق و تەبایی لەنێوان دەستوور و یاسا بۆ بەدیهێنانی سەقامگیریی یاسایی. ئەمە یەکێکە لەگرنگترین فاکتەر لە ئامادەکردنی کەش و هەوای دروست بۆ گەشەپێدانی تەواو و گشتگیر، بۆ سوودمەندی هاونیشتمانیان، کەکاریگەر دەبێت بە دەرچوونی حوکمەکانی ئەو یاساییانەی بە نادەستووریی دەقەکانیان دەرچوێنراوە.

مەبەست لەم تێڕوانینە یاساییە، چۆنێتی مامەڵەکردنە لەگەڵ یاسا و پرۆسەی یاسادانان، کە پەیوەستە بە کاری پەرلەمانی، بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەم کارکردن بە دیدی (خاڵی پەیڕەوی) و فەلسەفەکەی و مامەڵەکردن لە چوارچێوەکەی خۆیدا، بێ

ئیســـتیغلالکردن یـــان پابەنـــدنەبوون بە نـــاوەڕۆکەکەیەوە بـــۆ بەدەســـتهێنانی ئامـــانجێکی ناپەرلەمـــانی و بەدەر لە چوارچێـــوەی کاری پەرلەمانی پتەو و بەرپرسیارانە.

## (٢-٢-٣) جیـــاوازی نێـــوان خـــاڵی پەیـــڕەوی و نـــاڕەزایـــی و داواکاریەکانی تر

هەندێک داواکاری لە پەیڕەوە ناوخۆییەکانی پەرلەمانندا هـاتوە کە پێویسـتیان بەجیاکـاری هەیە لەنێـوان ئەوان و خـاڵی پـەیڕەوی پەرلەمانیدا.

هەندێک داواکاری لەو پەیڕەوە ناوخۆییانەدا ئاماژەیان پێدراوە وەکـو داواکـاری دواخسـتن، ڕەچـاوکردنی دواخسـتن، داواکـاری داخستنی دەرگای گفتوگۆ، داواکاری وەستاندنی گفتوگۆ، داواکاری هەڵگرتنـی دانیشـتن و داواکـاری وەڵام بـۆ زاراوەیەک کـاریگەری بکاتە سەر کەسی داواکار.

دیـارە جیـاوازی نێـوان خـاڵی پەیـڕەو و ئەو داواکاریـانەی باســـکران ئەوەیە کە ئەم داواکاریـــانە پەیوەنـــدییان بەو بـــابەتە ڕەسـەنانەوە هەیە کە داواکاریەکـان تێیانـدا دەکرێ، و پەیوەنـدییان نیـیە بەو پێشـێلکاریانەی لە ڕێـڕەوی گفتوگۆکانـدا رودەدەن، بەڵام خاڵی پەیڕەو پەیوەست نییە بە نـاوەڕۆکی ئەو بـابەتەی گفتوگۆیـان لەســـەر دەکرێـت، بەڵکـو پەیوەســـتە بە ڕێـڕەوی گفتوگـۆی نـاو دانیشتنی پەرلەمان.

هەروەهـا هەنـدێک نـاڕەزایی باسـکراون لە هەنـدێ پەیڕەوەی نـاوخۆی پەرلەمانـدا، وەکـو: (نـارەزایی لەســەر لیسـتی پـاڵاوتنی

لیژنەکـان لەلایەن نووســینگەی ئەنجـومەنەوە ڕاگەیێنـراوە،[١] یـان داواکاری ئەندام بۆ ڕوونکردنەوەی هەر بابەتێک لە کاروبارەکانی پەرلەمــان کە جێگــای پرســیاری بێــت). مــافی نــاڕەزایی لەســەر لیستەکانی پاڵاوتن بۆ پەرلەمان دەگەڕێتەوە بۆ کرۆکی بابەتەکە نەک بە میکانیزمەکانی گفتوگۆ. بەڵام داواکاری بۆ ڕوونکردنەوەکان بۆ بەدواداچوون و پرسیارە لەسەر بابەتێک، و ناچێتە چوارچێوەی ڕەچاوکردنی حوکمەکانی پەیڕەوی ناوخۆ .

بەڵام ئایا دەکرێت داواکاری ڕوونکردنەوە ببێتە هۆی خاڵی پەیــڕەوی؟ وەڵامەکە ئەوەیە لــە کــاتی داواکــاری ڕوونکــردنەوە، دەکـرێ داواکـار یـان ئەنـدامانی تـر سـودمەند بـن لەو وەڵامـانەی دەستیان دەکەوێت، کاتێک لەو وەڵامانە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەو گفتوگۆیانـەی هەیـە سـەرپێچی تێدایـە بـۆ ڕێسـاکانی دەسـتوور یـان یاسای پەرلەمان یان ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆ[٢].

## (٢-٢-٤) مەرجەکانی ئاخاوتن لەخاڵی پەیڕەویدا

وەک پێشــتر ئاماژەمــان پێـداوە، هەنـدێک حـاڵەت لە هەمـوو پەیڕەوە ناوخۆیەکانی پەرلەمانانـدا هەیە و دەقنوسیان بۆکراوە کە هەمیشـە داواکـاری مۆڵەت وەرگـرتن بـۆ ئاخـاوتن هەیـە، گـەرەنتی کـردووە بـۆ ڕەچـاوکردنی پابەنـدبوون بە حـوکمی دەسـتوور و

---

(١) ڕەچاوکردن: المادة ٥٠ من القانـون رقـم ٦ لسـنة ١٩٧٩ مـن اللائحـة الداخليـة لمجـس الشـورى القطـري، والمادة ٨٣ من اللائحـة الداخلية لمجلس الأمـة الكويـتي، والمـادة ١٠٣ من اللائحـة الداخلية للمجلـس الوطنـي الاتحـادي الإمـاراتي، بموجـب قرار رئيس الدولـة رقـم ١ لسـنة ٢٠١٦ ، والمـادة ٤٠ مـن لائحـة نظـام العمـل الداخلـي بمجلـس الدولـة العمـاني، الصـادرة بموجـب القـرار رقـم ٣٣ لسـنة ١٩٩٨ ، والمـادة ٥ مـن قواعـد عمـل المجلس واللجـان المتخصصـة في مجلس الشـورى السـعودي، والمـادة ٥٨ مـن اللائحـة الداخلية لمجلس الشـورى البحريني، والمـادة ٥٨ مـن اللائحـة الداخليـة لمجلـس النـواب البحريني.

(٢) د. زياد خالد يوسف المفرجي، مصدر سابق، ص١٨.

یاساکان و پەیڕەوی ناوخۆ. داواکردنی دواخستن، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بابەتێکی تر هەیە پێویستی بە چارەسەریە بەر لەو بابەتە سەرەکیەی بەردەستە و لە گفتوگۆکردندایە، ڕاستکردنەوەی حاڵەتێکە بۆ پاشخستنی گفتوگۆکردن لەسەری و وەڵامدانەوەی باسێکی کەسییە.

هەموو یان هەندێک لەو حاڵەتانە، و بە جۆرێک لە جۆرەکان لە سەرجەم پەیڕەوە ناوخۆییەکانی پەرلەمانانـدا دەقنووسکراون. هەریەک لەم داواکاریانە ئەولەویەتیان هەیە لەسەر بابەتە سەرەکیەکە و دەبێت گفتوگۆکردن ڕابگیرێت تا دەنگی لەسەر دەدرێت یان یەکلادەکرێتەوە.

ئەم داواکاریانە دوو حوکم لەخۆدەگرن، یەکەمیان تایبەتە بە حاڵەتی داواکاری ئاخاوتن و دووەمیشان پەیوەندی بە کاریگەری داواکاری مۆڵەتەوە هەیە بۆ یەکێک لەو حاڵەتانەی خوارەوە:

## یەکەم: مەرجەکانی ئاخاوتن

قسەکردن، بە بێ گوێدانە ڕیزبەندی داواکاری ئاخاوتن لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراودا، چوار مەرجی پێویستە، بە کورتی وەک خوارەوە[(١)]:

## مەرجی یەکەم: پێشکەشکردنی داواکاری

لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی ٥٦ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا هاتوە، دەڵێت: (... داواکردنی مۆڵەت لە سەرۆک بەبێ ڕەچاوکردنی تۆمارکردن و ریزبەندی). واتە مانای ڕاستەوخۆ و هەمیشەیی لە ئاخاوتن. وشەی (مۆڵەت) بە واتای داواکردنی ئاخاوتنە بەبێ ریزبەندی ئەولەویەتی داواکاری ئاخاوتن،

(١) د. زين بدر فراج، المكلمة البرلمانية – ضوابط الكلام تحت قبة البرلمان، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠٠٧، ص١٨٦

و هەروەهــا مــۆڵەتی ئاخــاوتن لەلایەن ســەرۆکی پەرلەمــانەوە دەدرێت. و (داواکاری مۆڵەت) نیشانەیە بۆ داواکاری بەتەنیا، بەبێ مۆڵەت.

## مەرجی دووەم: هەبوونی یەکێک لە حاڵەتەکانی ئاخاوتن:

وەکـو لە بـڕگەی دووەمـی مـاددەی ٥٦ی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمــانی کوردســتاندا هــاتووە، بــۆ ســوودمەندی، وا بەکــورتی تیشکدەخەینە سەر ئەم حاڵەتانە:

١- قســەکردن لەســەر نەشــیاوی و نادروســتی گفتوگــۆکردن لەســەر بــابەتی بەردەســت، و ئاڕاســتەکردن بــۆ ڕەچــاوکردنی حوکمــەکانی دەســتوور و یاســای پەرلەمــان. دەکرێـت ئەو ئەنـدامە ئاڕاســتەی پاڵپێوەنـانەکەی بەرەو گفتوگـۆنەکردن لەســەر ئەم دوو حاڵەتە بێت، واتە دەستوور و یاسای پەرلەمان.

بــۆ نمــونە: لەکــاتی گفتوگــۆکردن لەســەر ڕەشنووســی هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی میسردا، یەک ئەندام پێشنیازی گــۆڕینی وشــەی (نــوێنەران)ی کـرد بـۆ (ئەنـدامان)، کە لەیەکێـک لەماددەکـانی ڕەشنووسـەکەدا هـاتووە. بڕیـاردەری ئەو لیـژنەیەی ڕەشنووســەکەی دیراســەکردبوو نــاڕەزایی نیشــاندا، و ئامــاژەی بەوەدا کە وەرگرتنــی بۆچــوون لێـرەدا ڕێگەپێـدراو نیـیە چونکـە پێشێلکردنی ماددەی ٨٨ی دەستوورە و ئەو ماددانەی تـرە کە بـاس لە ئەندامانی ئەنجومەنی گەل دەکات بە ناوی "ئەندامانی ئەنجومەنی گەل". ئاڕاســتەی بیــروڕای یەکێــک لە ئەنــدامەکان ئەوەبــوو کە (ئەنــدامانی ئەنجــومەن) بــریتین لە نــوێنەرانی گەل، و دەرچــوون لەدەستوور تەنیا لەحـاڵەتی تێکگیرانـی روون دەبێت لەگەڵ دەقەکە، ئەو پێشـنیازە تێکگیـران دروسـت ناکـات لەگەڵ دەسـتووردا، بەڵکـو لەگەڵیــدا دەڕوات و دەستنیشــانی ناونالێنــانێکە کە لە پەیــڕەودا

هاوچەشنی واقیعە، و لە چوارچێوەی ناونانی ڕەهایە کە دەستوور دایناوە، پاشان سەرۆکی ئەنجومەنەکە ڕایگەیاند کە دەستەواژەی "نوێنەران" گونجاوە لەگەڵ واقیعی دۆخەکەدا، بەڵام دژیەکی و تێکگیرانی هەیە لەگەڵ دەقە یەکلاکەرەوەی دەستوور و بۆیە پێشنیازەکە پێشکەش ناکرێت بۆ ڕاوەرگرتن لەسەری.(١)

دەکرێ سوود لە دوو ڕێسای دابونەریتی پەرلەمانی وەربگرێت کە لەم بوارەدا گرنگن، بەکورتی بریتین لە:(٢)

**ڕێسای یەکەم:**

مافی داواکاری ئاخاوتن بۆ بەدواداچون لەسەر قسەی ئەو کەسەی داوای خاڵی پەیڕەوی یان گۆڕینی ئاڕاستەی گفتوگۆی کردووە، ئەمەش دوای گفتوگۆکردن لەسەر پێشنیازەکە و دژبوونی لەگەڵ دەستوور. واتە ئەگەر ئەندامێک پێشنیازێکی کردبێت، ئەندامێکی دیکە بڵێ گفتوگۆنەکردن دروست نییە چونکە پێچەوانەی دەستوورە، وەک نەریتێکی پەرلەمانی مافی پێشکەشکاری پێشنیازەکەیە کە بەدواداچون لەسەر ئەو ناڕەزاییبونە بکرێت.

**ڕێسای دووەم:**

دەبێ ئاگادار بین لەوەی کە کاتێ ئاخاوتن وەردەگیرێ بەناوی ئەوەی گفتوگۆی هەبوو پێشێلکاری دەستوورە، بەڵام وەکو ئامرازێک بۆ ئاخاوتن لەسەر بابەتەکە پەنای بۆ دەبردرێت.

پێویستە هۆشداری هەبێت کاتێک ئەندامێک داواکاری قسەکردن دەکات بە پاڵپێوەنان بەرەو گفتوگۆنەکردن بەهۆی

---

(١) مجلس الشعب – دور الانعقاد العادي الثالث – مضبطة الجلسة الثامنة في ١٩٧٨/٦/١٨، ص ٢٢٩ – ٢٣٠، مدونة التقاليد البرلمانية، ص٦٤٣، ق٩٩٩. نقلا عن د. زين بدر فراج، المصدر السابق، ص١٩٠.

(٢) د. زين بدر فراج، المصدر السابق، ص١٩٠–١٩١.

پێکدادانی دەستووری، و ئەگەر دەرفەتی بدرێتێ بۆ قسەکردن، ئەوا مشــتومڕی پەیوەندیــداری نابێــت لەســەر ئــەوەی کــە گفتوگــۆی پێچەوانــەی دەســتوور لــە ئارادایــە، بەڵکــو ڕای خــۆی لەســەر ئەو بــابەتە دەردەبڕێـت کە لە ژێـر گفتووگـۆدایە. ئەمەش ئاڕاسـتەیەکی نــاجوور و ڕەخنــەکراوە، چــونکە ئەنــدامەکە ئەم پاڵپێوەنــانە وەک فێڵێکی یاسایی بەکاردێنێت، بۆ ئەوەی ئەولەویەتی قسەکردنی خۆی بەدەستبێنێ.

٢- سـەرنجدان بۆ ڕەچاوکردنی مادده و بڕگەکانی پەیڕەوی نــاوخۆ و پێشــێلنەکردنیان: دەکــرێ لە کــاتی گفتوگــۆدا ســەرنج ڕاکێشــرێت بـۆ ڕەچــاوکردنی ڕێســاکانی پەیــڕەوی نــاوخۆ، وەک ئامرازێک بۆ پاراستن و پتەوکردنی.

دەکـرێ ئەم ڕێسـایانەی خـوارەوە لە نەریتــی پەرلەمــانییەوە وەربگیرێن:[1]

**ڕێسای یەکەم:**

ناکرێـت داواکـاری ئاخـاوتن بـۆ ڕاکێشـانی سـەرنج بێت بـۆ حوکمــەکانی پەیــڕەو، کاتێـک دەرگــای گفتوگـۆ لەســەر بــابەتەکە داخراوە.

بۆ نمونە، ئەنـدامێک داواکاری قسـەکردنی کرد لە ئەنجومەنی پیـران، لەســەر بنەمــای یەکێـک لە ڕێســاکانی پەیـڕەوی نـاوخۆ. و ئەنجـومەنەکە داواکاریەکـەی ڕەتکـردەوە، چـونکە گفتوگۆکە لەسـەر بــابەتەکە داخــراوە، بەڵام ئەو ئەنــدامە گەڕایەوە بـۆ ئەوەی هەمــان پـرس بـاس بکـات و ئەنجـومەنەکە بڕیاریـدا هۆشـداری بـداتێ بـۆ پەیڕەوکردنـــــی پەیــــڕەوی و تۆمــــارکردنی لە کۆنووســــی دانیشتنەکەدا[2].

(١) د. زين بدر فراج، المصدر السابق، ص١٩٧.
(٢) مجلس الشيوخ –دور الانعقاد الحادي عشر– مضبطة الجلسة الثانية–ص٢٧ – ٢٨، مدونة التقاليد البرلمانية، ص٦٣٩، نقلا عن المصدر السابق، ص١٩٧.

**ڕێسای دووەم:**

کاتێک ئەندامێک داواکاری ئاخاوتن دەکات بۆ سەرنج ڕاکێشان بۆ ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆ، دەبێت ئەو ماددەیە دیاری بکات کە دەیەوێت قسەی تێدابکات.

نمونە، لەدانیشتنی ئەنجومەنی نیشتمانی میسردا ئەندامێک داواکردنی قسەکردنی پێشکەش کرد، و سەرۆکی دانیشتنەکە داوای کرد ماددەی پەیوەست بە ئاخاوتنەکەی دەستنیشان بکات. ئەندام وەڵامیدایەوە کە بەهیوای قسەکردنە پاڵپشت بە پرینسیپی دەستووری گشتی. سەرۆک وەلامیدایەوە کە دەبێت ئەندامەکە ئاماژە بەماددەکانی پەیڕەو بکات بۆ ئەوەی مۆڵەتی پێ بدرێت و ئەنجومەن بەشداری لەگفتوگۆکەدا بکات، و ئەندامەکە داواکاریەکەی کێشایەوە.[(١)]

**ڕێسای سێیەم:**

دەکرێ ئاخاوتن لەسەر ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆ ڕێپێدراو بێت، دوای ئەوەی قسەکار ئاخاوتنی تەواو دەکات.

نمونە، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی گەلی میسردا لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٧٩دا[(٢)] ئەندامێک داوای کرد لە پەیڕەوی ناوخۆدا قسە بکات لە کاتێکدا ئەندامێکی تر قسەی دەکرد، سەرۆکی پەرلەمان وەڵامی دایەوە کە ئەو ئەندامە دەتوانێت لەسەر پەیڕەوەکە قسە بکات لەپاش وتاری هاوکارەکەی.

---

(١) مجلس الأمة، دور الانعقاد العادي الخامس، مضبطة الجلسة الثالثة والعشرين في ٣ إبريل سنة ١٩٦٨، ص ١٠٢٢، مدونة التقاليد البرلمانية، ص ٦٤٢، ٩٩٧، نقلا عن المصدر السابق، ص ١٩٨.

(٢) مجلس الشعب، مضبطة الجلسة السادسة والثلاثين، في ٣٠ يناير سنة ١٩٧٩، ص ١٦٨١، ١٦٨٩، مدونة التقاليد البرلمانية، ص٦٤٢، ق ٩٩٦، نقلا عن المصدر السابق، ص١٩٨.

**٣- داواکاری پاشخستن**

له بەنــدی ٣ی بــڕگەی دووەمــی مــاددەی ٥٦ی پەرلەمــانی کوردســتاندا هــاتووه: "داوای دواخســتنی گفتوگــۆ لەســەر بــابەتێکی تایبەت..."، مەبەست داواکاری دواخستنی گفتوگۆیه لەسەر بابەتی بەردەست له دانیشتنی پەرلەماندا.

وه کاتێک پێشنیازی زۆر دەخرێته پێش ئەنجومەن، ئەولەویەت بۆ پێشنیازی دواخستن دەبێت، لەسەر ئەو بنەمایەی پێشنیازەکه دوور مەودایه.

**٤- پەسەندکردنی گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی تر، یان جێگۆڕکێ له کارنامەدا:**

داواکاریه بۆ دواخستنی ڕەچاوکردنی بابەتی بەردەست تا دوای یەکلاکــردنەوەی بــابەتێکی تــر که دەبێــت ســەرەتا بڕیــاری لەسەر بدرێت. مەبەست لێرەدا ڕێپێدراوی داواکاریه بۆ ئاخاوتن بەبێ گوێدانه ئەولەویاتی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ ئاخاوتن، ئەگەر دەرکەوت پێویســته بڕیــار لەســەر ئەم بــابەته بــدرێت و بابەتێکی تر بخرێته گفتوگۆوه بەمەرجێک بەڵگه بۆ ئەم مەبەسته پێشکەش بکرێن.

**٥- وەڵامــدانەوه بــۆ لێــدوانێک که کــاریگەری هەیه له ســەر کەسی داواکاری ئاخاوتن.**

## مەرجی سێیەم: تەواوبونی ئاخاوتنکار له ووتەکانی:

ســەرۆک دەبێــت خــاڵی پــەیڕەوی وەربگرێــت له پــاش ئەوەی ئەندامی ئاخاوتنکار کۆتایی به ئاخاوتنەکەی دێنێت.

## مەرجی چوارەم: ڕێپێدان بۆ قسەکردن:

سەرۆک دەبێت ئەم مافه بدات به داواکار.

## دووەم: دەرئەنجامەکانی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ قسەکردن

ئەم کاریگەرییانە بریتین لە:

١- ئەولەویەت بۆ داواکاری قسەکردنە لە بەرامبەر قسەکردن لە بابەتی سەرەکی.

واتە خاڵی پەیڕەوی بۆ داواکار ئەولەویەتی قسەکردنی هەیە لەسەر بابەتی یەکەمی سەرەکی. بەو واتایەی کە مافی قسەکردنی هەیە بێ گوێدانە ڕیزبەندی داواکردنەکەی لە زنجیرەی داواکارییەکان کە پێشکەشکراون بۆ ئاخاوتن، لە پێش یان لە کاتی بەردەوامی دانیشتنەکەدا.

٢- وەستاندنی گفتوگۆ لە بابەتی سەرەکی .

واتە وەستاندنی گفتوگۆ لەسەر بابەتێک هەتا دەنگی لەسەر دەدرێت. لێرەدا پرسیار لەبارەی کاریگەری هەڵپەساردنەکە دەردەکەوێت لەسەر ئاخاوتنکار (قسەکار بۆ بابەتی سەرەکی).

ئایا بڕیار لەسەر داواکاری ئاخاوتن دەدرێت و دواتر دەگەڕێینەوە بۆ ئاخاوتن لەسەر بابەتە سەرەکیەکە؟ یان دەبێت چاوەڕێ بکرێت تا قسەکار ئاخاوتنەکەی لەسەر بابەتی سەرەکی تەواو بکات و دواتر بڕیار لەسەر داواکاری ئاخاوتنەکە بدرێت؟

پەیڕەوە ناوخۆکان ڕێگەی جیاوازیان لەسەر ئەم بابەتە وەرگرتوە، کە ئێمە بەکورتی لە خوارەوەدا ڕونیان دەکەینەوە:

دەستبەجێ وەستاندنی ئاخاوتنی قسەکار .

**مۆڵەتنەدان بە داواکار تا قسەکار تەواودەبێت.**

ناکرێت قسەببڕدرێت بە قسەکار، تەنها لە هەندێ حاڵەتی تایبەت نەبێ – ریز پەڕ.

ناکرێت قسەببڕدرێت بە قسەکار، بەدەر لە مۆڵەتی سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بڕگەی یەکەمی ماددەی ٥٦ دەڵێت: "داواکاری مۆڵەتی ئاخاوتن لە سەرۆکی پەرلەمان..." دەکرێت "... لە هەرکاتێکدا بێت لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا". بەڕای ئێمە ئەم دەقە دەسەڵاتی تەقدیری داوە بە سەرۆکی دانیشتن کە ڕێگە بدات بە داواکاری ئاخاوتن بەر لە کۆتاییهێنانی قسەکار لە ووتەکانی. بۆیە ڕەنگە هەمیشە لە هەر داواکاریەکدا ڕێگە بە ئاخاوتن بدرێت بەر لەوەی قسەکار وتەکەی خۆی تەواو بکات.

# (٣-٢)

# ڕێساکانی بەکارهێنانی خاڵی پەیڕەوی پەرلەمانی

ئێمە لەڕابردوودا، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژەمان بەو مەرجانــە داوە کە چۆنیــەتی بــەکارهێنانی خــاڵی پــەیڕەوی رون دەکەنــەوە. بەڵام بەسـوودی دەزانـین کە مەرجەکـانی پیـادەکردنی خاڵی پەیڕەوی بەکورتی باس بکەین، وەک مۆڵەتێکی ڕێگەپێدراوی ئاخــاوتن بــۆ ڕاســتکردنەوەی ڕێــڕەوی گفتوگۆکــان لە نێــو دانیشتنەکانی پەرلەماندا. مەسەلەی ئەولەویاتی خاڵی پەیڕەو لە نێو حاڵەتەکانی تری ئاخاوتنە و شێوازی هـاتنە پێشـەوەی بەم شـێوەیە پێشکەش دەکەین:

## (٢-٣-١) میکانیزمەکانی خستنەرووی خاڵی پەیڕەوی پەرلەمانی

پەیــڕەوە ناوخۆییەکــانی پەرلەمانەکــان مەرجیــان دانــاوە بــۆ جێبەجێکردنی خاڵی پەیڕەو کە هەندێکیان بەم شـێوەیەی خـوارەوە دەبینین[(١)]:

---

(١) د. زیاد خالید یوسف المفرجي، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٢-٢٣.

**یەکەم: ئەنجـومەنی شـورای قەتەر: بـەم شـێوەیە خـاڵی پـەیڕەوی خستۆتە روو:**

١- خـاڵی پـەیڕەوی لەڕێنمـاییە ناوخۆییەکـانی ئەنجـومەنی شـورادا پەیوەسـتە بەپێشـێلکردنی حوکمـەکانی پەیـڕەوی بنەڕەتـی کـاتی هەموارکراو، و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنەوە.

٢- ڕێپێدان بۆ ئاخاوتنله هەرکاتێکدا.

٣- دەبێت خاڵی پەیڕەوی بەر لە کۆتایی گفتوگۆی ئەو بـابەتەی کە سـەرپێچیەکەی تێـداکراوە پێشـکەش بکرێـت. ئەوەش مەرجێکـی لـۆژیکییە و پەیوەسـتە بە مەبەسـتی پێشکەشـکردنی خـاڵی پـەیڕەوی، چـونکە لە کۆتـایی گفتوگـۆکەدا هـیچ پێویسـتیەک لە داواکاری خاڵی پەیڕەو یدا نامێنێت، و لە ڕێگەی داواکاریەکانی ترەوە چارەسەر دەکرێت.

**دووەم: ئەنجومەنی نیشتمانی فیدراڵی دەوڵەتی ئیمارات.**

١- خـاڵی پـەیڕەوی لە یاسـای ئەنجـومەنی نیشـتمانی ئیتیحادیـدا پەیوەنـدی بە پێشـێلکردنی حوکمـەکانی دەسـتوور و پەیـڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنەوە هەیە.

٢- ڕاستەوخۆ ڕێپێدان بە ئاخاوتن.

٣- تـا پـێش کۆتـایی هـاتنی گفتوگـۆکە لەسـەر ئەو بـابەتەی کە سەرپێچی تێدا کراوە پێشکەش بکرێت.

## (٢-٣-٢) شێوازی دەربڕینی خاڵی پەیڕەوی

دیارە بنەچەی خاڵی پەیڕەوی بریتییە لە کارێکی زارەکی، ئەمە تێگەیشتنمانە لە دەقەکانی پەیڕەوە ناوخۆییەکاندا وەکو مۆڵەتی ئاخاوتن ناسراوە و لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە ڕێگەی پێدەدرێت.

بەوپێیەی کەخاڵی پەیڕەو پەیوەستە بەپێشێلکردنی ڕێڕەوی گفتوگۆی ئێستاو حوکمەکانی دەستوور و پەیڕەوە ناوخۆییەکانی پەرلەمانەکان؛ دەبێت نوێنەرەکە ئاماژە بە ژمارەی ئەو ماددە یاساییە بدات کە خاڵە پەیڕەوییەکەی لەسەر بونیاد دەنێت، بۆ ئەوەی دڵنیایی لەسەر بکرێتەوە. بەیاننامەی ماددەی یاسایی کە بنەمایە بۆ بونیادنانی خاڵی پەیڕەوی پەرلەمانی دەبێتە هۆی ئەوەی ووتەی ناوبراو وەک خاڵی پەیڕەوی ڕەچاودەکرێت یان نا، ئەمە لەسەر طووتنی پاڵپشتی یاسایی تایبەت بەخۆی بەندە.

سەبارەت بە کاتی دیاریکراو بۆ پێشکەشکردنی خاڵی پەیڕەو، دەبینین وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە - کە خاڵی پەیڕەو سروشتێکی ئاگادارکەرەوەی هەیە، بۆیە ئاگادارکردنەوەکە پێویستی بە ماوەیەکی کورت هەیە و وەستاوە لەسەر سەرۆک بۆ دیاریکردنی ئەم ماوەیە، بەپێی سروشتی ئاگادارکردنەوەکە.[1] پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی هەرێم ئاماژە بە (یەک خولەک) دەدات بۆ بەکارهێنانی خاڵی پەیڕەوی، تا نەبێتە هۆی خراپ سوود وەرگرتن لە بەکارهێنانی چوونە ناو ناوەڕۆکی بابەت و

(١) د. زیاد خالید یوسف المافرجی، سەرچاوەی پێشوو، پ ٢٤.

درێژکـردنەوەی کاتـدا، تـا سـنوورنەکردنی کـات نەبێـتە مەهـانە بـۆ درێژەدان بە قسەکردن.

## (٢-٣-٣) لایەنە کرداریەکانی خاڵەکانی پەیڕەوی پەرلەمانی

تیشـکدەخەینە سـەر لایەنە کرداریەکـانی ڕێسـاکانی پەیـڕەوی نـــاوخۆی پەرلەمـــان، کە لە مـــاوەی دانیشـــتنەکاندا داوادەکرێـــت، هەرچەنـدە ژمـارەیەکی زۆرن، چـونکە وەک - پێشـتر باسـکراوە - پەیوەســـتن بە ڕێـــڕەوی ئەو گفتوگۆیـــانەی کە بە پـــێچەوانەی بڕگەکـــانی دەســـتوور و ڕێســـاکانی پەرلەمـــانەوە بەڕێـــوەدەچن. لەخوارەوە چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو بۆ ڕوونکردنەوەی خاڵی پەیڕەوی.

### یەکەم: لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی شورای ئیماراتدا

خـــاڵی پەیـــڕەو ئەوەیە کە دەبێـــت گفتوگـــۆ لەســـەر بـــابەتەکە هەڵپەسێردرێت، تا ئەو کاتەی بڕیاری ئەنجومەن دەردەچێت لەسەر ئەو داواکاریانەی لە ماددەی ١٠٣ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتوون، ئەم داواکاریانە بریتین لە:

١- ســـەرنج راکێشـــان بـــۆ ڕەچـــاوکردنی حوکمـــەکانی دەســـتوور و ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن.
٢- وەڵامـدانەوە بـۆ لێـدوانێکی نەشـیاو بەرامـبەر کەسـی داواکـاری ئاخاوتن.
٣- داوای دواخستن، یان ڕەچاوکردنی دواخستنی بابەتی بەردەست بـۆ گفتوگـۆ، تـا یەکلاکـردنەوەی بـابەتێکی تـر کە دەبێت سـەرەتا بڕیاری لەسەر بدرێت.

٤- داواکاری داخستنی دەرگای گفتوگۆ.
٥- داواکاری کشانەوەی پێشنیاز.

**خاڵی پەیڕەوی ئەم حاڵەتانەی خوارەوەش دەگرێتەوە:**

- خاڵی پەیڕەوی پەیوەندیدار بەوەی ئەندام ناتوانێت دەستێوەردان بکات لە هیچ کارێکی لە کارەکانی دەسەلاتی دادوەری یان دەسەلاتی جێبەجێکردندا[١].
- خاڵی پەیڕەوی پەیوەندیدار بەوەی کە داواکاری هیچ ڕاستکردنەوەیەک ناکرێت لە کۆنوسی دانیشتنەکەدا لە پاش پەسەندکردنی[٢].
- خاڵی پەیڕەوی کە پەیوەندیدارە بە پێویستی وەرگرتنی بیروڕا لەسەر هەموارکردنەوەی بنکە فراوان، دوور لە دەقی سەرەکی[٣].
- خاڵی پەیڕەوی پەیوەست بەوەی کە ڕاپۆرتی لیژنە ناتوانێت ڕای کەمینەکان بگرێتەوە، ئەگەر هەبێت[٤].
- خاڵی پەیڕەوی پەیوەست بە ڕاپۆرتی لیژنە نابێ ئەو هۆیانەی لەخۆگرتنی کە بۆچوونەکەی لەسەر بنیات نرابێ[٥].
- خاڵی پەیڕەوی پەیوەست بەوەی ئەندام ناتوانێت زیاتر لە سێ جار لە بابەتێکدا قسە بکات، یان زیاتر لە پێنج خولەک قسە بکات و ناتوانێت قسەی خۆی و ئەوانی تر دووبارە بکاتەوە[٦].

---

(١) المادة ٢٧ من اللائحة الداخلية لمجلس الشورى الإماراتي.
(٢) المادة ١١٢ من اللائحة الداخلية لمجلس الشورى الإماراتي.
(٣) المادة ١٢٧ من اللائحة الداخلية لمجلس الشورى الإماراتي.
(٤) المادة ٦٧ من اللائحة الداخلية لمجلس الشورى الإماراتي.
(٥) المادة ١٠٠ من اللائحة الداخلية لمجلس الشورى الإماراتي.
(٦) المادة ١٩٥ من اللائحة الداخلية لمجلس الشورى الإماراتي.

- خـــاڵی پەیـــڕەوی پەیوەســـت بە ئاگـــادارکردنەوەی ئەنـدامان و سـکرتاریەتی گشـتی ئەنجـومەنی وەزیـران بـــۆ کارنـــامە، بـــەلایەنـــی کەمەوە ســـێ ڕۆژ بەر لە دانیشتنەکە[١].
- خـــاڵی پەیـــڕەوی پەیوەســـت بە دیـــاریکردنی ئـــەو پێشـنیازانەی بـۆ هەمـوارکردنەوە لەلایەن ئەنـدامانەوە پێشکەش دەکرێن، ئەگەر ڕاستەوخۆ پێش یان لە کاتی کۆبوونەوەکەدا پێشکەش بکرێن، چونکە ئەگـەر بـابەتی پێشنیاز دیارینەکرێ ، پێشنیازەکە نایاسایی دەکات[٢].
- خاڵی پەیڕەوی پەیوەست بە ڕونکردنەوەی هۆیـەکانی پەلەکـردن، لەکـاتی داواکردنـی ڕەچـاوکردنی بەپەلەی پـــڕۆژە یاســـای فیـــدراڵی، یـــان کاتێـــک ســـەرۆکی ئەنجـــومەنی نـــوێنەران بە شـــێوەی بـــەپەلە ڕەچـــاو بکرێت[٣].
- خاڵی پەیڕەوی پەیوەست بە فەرمـانی سـڕینەوەی هەر لێـدوانێک لە کۆنوســـی دانیشـــتندا، کە لە ئەنـدامێکەوە دەرچـووە، دەبێت لەکـاتی دەربڕینـی نـاڕەزایی لەسـەر ئەمە، پێشکەشی ئەنجومەن بکرێت[٤].

**دووەم: لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان**

تیشک دەخەینە سەر هەندێک لایەن کە دەکرێت لە بەردەوامی دانیشتنەکاندا بوروژێنرێن، کە پەیوەندیدارن بە ڕێڕەوی گفتوگۆکان

---

(١) المادة ٩٣ من اللائحة الداخلية لمجلس الشورى الإماراتي.
(٢) المادتان ١٢٥ و ١٢٦ من اللائحة الداخلية لمجلس الشورى الإماراتي.
(٣) المادة ١١٧ من اللائحة الداخلية لمجلس الشورى الإماراتي.
(٤) المادة ١١٥ من اللائحة الداخلية لمجلس الشورى الإماراتي.

و پێشێلکاریەکان لە حوکمەکانی دەستوور و یاسای پەرلەمان و ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە، لەوانە:

١- خاڵی پەیڕەوی بە هەڵپەساردنی گفتوگۆ لەسەر بابەتێک، تا بڕیار لەسەر ئەو داواکاریانە دەدرێت لە بڕگەی دووەمی ماددەی ٥٦ی پەیڕەودا هاتووە. کە هاتووە تەنها ئەم بارانە بە خاڵی پەیڕەوی دادەنرێت:

پێشێلکردنی یەکێک لە ماددەو بڕگەکانی دەستوور و یاسا بەرکارەکان، یان یەکێک لە ماددەو بڕگەکانی ئەم پەیڕەوە.

ئەگەر گفتوگۆکان لە بابەتی دانیشتنەکە ، دەرچوون.

داواکردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ، لەسەر بابەتێک و بڕیاردان، لەسەر گفتوگۆکردن، لە بابەتێکی تر یان ئاڵوگۆڕ، لەبەرنامەی کار.

٢- خاڵی پەیڕەوی بە ئاڕاستەی داواکردنی یەکێک لەو بابەتانەی لە ماددەی ٥٤ی پەیڕەو ناوخۆدا هاتووە. دەقنووسی ماددەکەش بەم شێوەیەیە:

یەکەم: ئەندام، بە مۆڵەتی سەرۆک، لەو جێگەیەی دانیشتووە، یان لەو سەکۆیەی بۆ مەبەستی ئاخاوتن ئامادەکراوە دەدوێت.

دووەم: لەگەڵ خستنە رووی هەر بڕگەیەک، لە بڕگەکانی بەرنامەی کار بۆ گفتوگۆکردن، سەرۆک داوا لە سکرتێری پەرلەمان دەکات ناوی داواکارانی مۆڵەتی ئاخاوتن ، تۆمار بکات.

سێیەم: سەرۆک بە رەچاوکردنی ریزبەندی تۆمارکردنی ناوی ئەندامان ریگە بە ئەندامان دەدات ئاخاوتن بکەن.

چوارەم: ئەندام، ئاخاوتنەکانی ئاڕاستەی سەرۆک دەکات و پێویستە بەم خاڵانە پابەند بێت:

ئەندام بۆی نییە لە ٣ خولەک زیاتر بدوێت، بێجگە لەو دانیشتنانەی تایبەتە بە گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژە یاسای بودجە و ئەو دانیشتنانەی دەستەی سەرۆکایەتی تایبەتمەندییان دەداتێ.

نابێت ئەندام، وەڵامی ئەندامانی تر بداتەوە و توانجیان لێ بدات، و ئاخاوتنی خۆی یان هی ئەندامانی تر دووبارە بکاتەوە، تەنیا دەتوانێت پشتگیری بکات.

دەبێت ئەندام ئاخاوتنەکانی لەسەر ئەو بابەتە چڕ بکاتەوە کە خراوەتە روو و نابێت بگەڕێتەوە سەر بابەتێک کە دەنگی لەسەر دراوە، یان گفتوگۆ لەبارەیەوە کۆتایهاتووە.

هەر ئەندامێک دەتوانێت تەنها یەک جار لەسەر هەر بابەتێک بدوێت.

پێنجەم: سەرۆک، دەتوانێت رێگە لەبەردەوام بوونی ئەندام لەسەر ئاخاوتنەکەی بگرێت، ئەویش لە یەکێک لەم ئەگەرانە:

- بێ مۆڵەت ئاخاوتنی کرد.
- لە کاتی ئاخاوتندا ووشەی نەشیاو، یان تانەو تەشەر، بەرامبەر هەر دەزگایەکی دەستووریی و یاسایی هەرێم یان ئەندامێک، یان فراکسیۆنێکی پەرلەمانی، یان هەر کەسێکی دی بەکار هێنا.
- باسی لە تایبەتمەندیەکانی ئەندامێک، یان هەر کەسێکی تر کرد.
- باسی لە نهێنییەکانی دۆسیەیەک کە لەبەردەم دادگایە کرد، یان هەر دۆسیەکی تر کە لەکاتی درکاندنی رێگە پێدراو نەبێت.
- ماوەی دیاریکراوی ئاخاوتنی ، کۆتایی هاتبێت.
- ئەگەر لە بابەتی گفتوگۆ دەرچوو.

٣- خاڵی پەیڕەوی پەیوەست بە سڕینەوەی لێدوانی ئەندامێکی تر، کاتێ مەرجەکانی بڕگەی دووەمی ماددەی ٥٥ی پەیڕەوەکە هاتنە ئاراوە. دەقەکەی دەڵێ:

ئەندام دەتوانێت، پێشنیازی سڕینەوەی ئاخاوتنی ئەندامێکی دی بکات، ئەگەر لە پەیڕەو لایدا، یان پێچەوانەی شێواز و مەرجەکانی گفتوگۆکردن بوو، سەرۆک بریار لەسەر داواکاری ئەندامەکە دەدات.

٤- خاڵی پەیڕەوی پەیوەست بە پەیڕەوکردنی کارنامەی دانیشتنەکە وەک لەماددەی ٤٧ و ٤٨ یان بەرنامەی هەفتانەی پەرلەماندا هاتووە وەک لەماددەی ٥١ی پەیڕەودا هاتووە.

٥- خاڵی پەیڕەوی سەبارەت بە ڕێزگرتن لەدامودەزگا دەستوورییەکان وەک لە بڕگەی دووەمی ماددەی ٢٤ و خاڵی ٢ لە بڕگەی پێنجەمی ماددەی ٥٥ی پەیڕەودا هاتووە. بڕگەی دووەمی ماددەی ٢٤ دەلێ:

ئەندام ئازادی ئاخاوتن و رادەربڕینی تەواوی هەیە لەکاتی ئەنجامدانی کاری پەرلەمانیدا، بە شێوەیەک رەچاوی ریزگرتن لە دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێم لە چوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکان بکات.

٦- خاڵی پەیڕەوی پەیوەست بە دەستێوەردانی ئەندامێک لە کاری دادوەری و جێبەجێکاردا. هەروەک لە بڕگەی شەشەمی ماددەی ٢٢ داهاتووە:

نابێت ئەندام دەست لە کارەکانی هەریەک لە دەسەڵاتەکانی دادوەری و جێبەجێکردن وەربدات، تەنها لە چوارچێوەی پسپۆرییەتی یاسادانان و چاودێری نەبێت.

٧- خاڵی پەیڕەوی پەیوەست بە داواکاری لە سەرۆکی دانیشتن بۆ بەرزەفتکردنی گفتوگۆکان و پارێزگاری هێمنی بەڕێوەچونی گفتوگۆکان و پاراستنی شکۆی پەرلەمان. هەروەک لە بڕگەی چوارەم لە ماددەی ١٨ ی پەیڕەودا هاتووە، سەرۆک دەبێ هەستێ بە:

بەرزەفتکردنی گفتوگۆکان و پارێزگاریکردن لە ڕێکارییەکان و پارێزگاریکردن لە شکۆی پەرلەمان.

٨- خاڵی پەیڕەوی بۆ داواکاری لە دەستەی سەرۆکایەتی سەبارەت بە دەرکردنی بەیاننامە یان هەڵوێست نیشاندان لەسەر ئەو بابەت و ڕووداو و پێشکەوتنانەی کە ئەندام بە پێویستی دەزانێت، بەپێی سروشت و گرنگیەکانیان، وەکو لە بڕگەی ١٠ی ماددەی ١٦ی پەیڕەودا هاتووە، لە دەسەڵاتی دەستەی سەرۆکایەتییە:

دەرکردنی بەیاننامە و دەربڕینی هەڵوێست لەسەر بابەت و ڕووداو و پێشهاتەکان.

٩- خاڵی پەیڕەوی سەبارەت بە بوونی بۆشاییەکی یاسایی، یان کەموکورتی لە دەقی یاسایەک یان بڕیارێک، لەسەر ئەو پێشنیازە یاسایانەی ئەندامان پێشکەشیان کردووە. هەروەک لە ماددەی ٧٩ ی پەیڕەودا هاتووە:

یەکەم: پێشنیازی یاسا و بڕیار، پێویستە مەرجە ڕواڵەتی و بابەتییەکانی پێشنیاز، یاسا و بڕیار لەخۆ بگرێت.

دووەم: گونجاندنی پێشنیاز لەگەڵ ئەم پێوەرانەی خوارەوەدا:

هەبوونی بابەتێکی گشتی" یان بۆشاییەکی یاسایی، یان بوونی کەم و کوڕی لە دەقەکانی یاسایەک یان بڕیارێک، کە پێویست بێت یاسایەک یان بڕیارێکی بۆ دەربچێت.

ئەگــەر بــووە مایــەی لێکەوتــەی دارایــی لەســـەر حکومـەت ، پـێش خوێندنـەوەی یەکـەم، ئاراسـتەیان دەکرێت بۆ وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی سـەبارەت بـەو لێکەوتـە داراییـەی کـە لـە ئـەنجامی دەرچووانـدنی یاساکە دەکەوێتە ئەستۆیان.

١٠- خاڵی پەیڕەوی سەبارەت بە بوونی ناکۆکی، یان نەبوونی، لە بنچیـــنە بنەڕەتییەکـــان لە نێـــوان پـــڕۆژە یاســـایەک و پێشـنیاز/پێشـنیازە یاسـایەک وەک لە بـڕگەی دووەمـی ماددەی ٨١ی پەیڕەودا هاتووە.

دووەم: ئەگـەر لیژنـەی تایبەتمەنـد بـۆی دەرکـەوت، کـە لـە نێـوان پڕۆژە یاسا و پێشنیازی یاسا دژیەکی هەیە لە ڕووی بنـەما بنەڕەتیەکانەوەئـەوا لیژنـە بـە ڕاپـۆرتی تایبـەت ڕای خـۆی پێشکەشی پەرلەمان دەکات، ئەگەر هەریـەکێکیان، لـە ڕووی بنەماوە ، پەسندکرا، مانای ڕەتکردنەوەی ئەوی تـرەو دواتـر لیژنە ڕێکاری یاسایی خۆی دەگرێتە بەر.

١١- خـاڵی پـەیڕەوی سـەبارەت بەڕاپـۆرتی لیـژنەی تـایبەت، یـان پەســـەندکردنی لەلایەن لیـــژنەی یاســـاییەوە کە پـــێچەوانەی مادەکـانی دەسـتوورە یـان یاسـا بەکاربەرەکـانە لەسـەر بنەمـای ماددەی ٨٥ی پەیڕەودا.

یەکـەم: ڕاپـۆرتی لیژنـەی تایبەتمەنـد، دەدرێتـە لیژنـەی یاسـایی بـۆ پێداچوونـــەوەی ڕاپۆرتەکـــە، لـــە مـــاوەی ١٠ دە ڕۆژ لـــە ڕێکەوتی گەیشتنی، تـەنیا لـە ڕووی داڕشـتنەوەی یاسـایی و دڵنیابوون لە دژنەبوونی دەقەکان، لەگـەڵ دەسـتوور و یاسـا کارپێکراوەکان.

سێیەم: راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند، خوێندنەوەی دووەمی بۆ ناکرێت، تا لە رووی دەستوورییی و یاسا کارپێکراوەکان ، لە لایەن لیژنەی یاساییەوە راستاندنی بۆ نەکرێت.

١٢- خاڵی پەیڕەوی پەیوەست بە ڕێگەنەدان بەگفتوگۆکردن یان وەرگرتنی پێشنیازی نوێ لەدانیشتنی دەنگداندا لەسەر بنەمای بڕگەی سێیەمی ماددەی ٩٠ی دەستووردا.

سێیەم: لە دانیشتنی دەنگدان، رێ بەگفتوگۆ یان پێشکەشکردنی پێشنیازی تازە نادرێت.

١٣- خاڵی پەیڕەوی بۆ پەلەکردن لە ڕەچاوکردنی پرۆژەیەک، چونکە بابەتێکی هەنوکەییە، بەپێی ماددەی ٩٢ی پەیڕەو.

پەرلەمان ، بە (خەسڵەتی پەلە) دەڕوانێتە پڕۆژە و بڕیاری تایبەت بە بودجەو ئیعتیماداتی زێدەگی و ژمێرەی کۆتایی، هەروەها دەتوانێت بڕیار لەسەر هەر بابەتێکی تری بەپەلە بدات.

# بەشی سێیەم

# مامەڵەکردن لەگەڵ سەرپێچیەکانی ئاخاوتن و خاڵی پەیڕەوی

## (٣)

لـەم بەشــەدا چۆنیـەتی مامەڵـەکردن لەگـەڵ ســەرپێچیکارانی ئادابی قسەکردن و سزادانی ئەوانەی پێشێلی ڕێڕەوی دانیشتنەکان و خـاڵی پـەیڕەوی پەرلـەمانی دەکـەن، و بـەم شـێوەیەی حـوارەوە شرۆڤەی دەکەین:

## ٣-١

# پەرلەمان و دانانی ڕێساکانی سزا بۆ پێشێلکارانی ڕێساکانی گفتوگۆ و خاڵی پەیڕەوی

هەر دامەزراوەیەک جا هەر ڕۆڵێکی هەبێت، پێویستی بە ڕێکخستنی کار و شێوازی کارکردن هەیە، بۆ ئەوەی ئەرکی خۆی بە شێوەیەکی کاریگەرانە، لە کەشێکی ڕێک و ڕێکخراودا جێبەجێ بکات. دەزگای یاسادانان وەکو دەزگایەکی دەستووریی و سیاسی گرنگ بەڕێژەیەکی زۆر پێویستی بە ڕێساکانی ڕێکخستنی کارو و چالاکیەکانی هەیە، لەبەرئەوەی پێکهاتەیەکە لە حزبی سیاسیی کە بیروبۆچوون و ئاڕاستەی جیاوازی هەیە و -هەندێک جار- پێچەوانەشە، هەر لایەنێک هەوڵ دەدات بەرگری لە تێڕوانینی خۆی و ئەو پێشنیازانە بکات کە پێشکەشی دەنگدەرانی خۆی کردووە و ئەمانەش دەبنە هۆی گفتوگۆی توندوتیژ و کەش و هەوای تاوانبارکردن، لەبەرئەوە پێویستیان بە پەرەپێدانی یاسایی و بەرزەفتکار هەیە بۆ ئەو جۆرە گفتوگۆیانە تا لە چوارچێوەی گونجاوی خۆیان لانەدەن و ئامانجی خۆیان پێکبێنن، کە ئەویش بریتییە لە لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پڕۆژە یاسا و

پێشـنیازانەی کاریگـەری لەسـەر کۆمـەڵگا هەیـە و لە بەرژەوەنـدی گشتیدایە.[1]

سـەبارەت بە بـەرزەفتکردنی نـاو پەرلەمـان، پێمـانوایە لە ئەنجامی ئەو بنەمایە دێت کە پەرلەمان دەزگایەکی سەربەخۆیە و وایکـردوە دەسـتوور دەسـەڵاتەکانی بـەرزەفتکردنی ئەنـدامان و پارێزگاریکردنی پەیڕەو لە خودی دەسەڵاتی پەرلەمان خۆیدا بێت لەڕێگـای سـەرۆکەکەیەوە، چـونکە تـەنها پەرلـەمان خـۆی دەبـێ پارێزگـاری لـە سیسـتەمی نـاوخۆی بکـات، ئەمـەش ڕێسـایەکی ترادیسـیۆنە و بـۆ ڕێگـرتنە لە دەسـتێوەردانی دەسـەڵاتەکانی تـری وەکـو جێبەجێکـار و دادوەری لە ژیـانی نـاوخۆی پەرلەمانـدا، ئەم دەسـەڵاتە لە پێشـەوەی ئەو دەسـەڵاتانەیە کە سـەرۆکی پەرلەمـان پیادەی دەکات.

دانیشـتنەکانی پەرلەمـان بە ئاسـتبەرزترین کۆبـوونەوەی سیاسـی دادەنـرێن، چـونکە گوزارشـتە لە خواسـتی خەڵـک و هەرکەسێک سـەرپێچی لە سیسـتمی کارکردنی ئەم کۆبـوونەوانەدا بکات؛ دادەنرێت بە دەستدرێژی لەسەر خواستی خەڵک بۆیە دەبێت سزا بدرێت.

پەرلەمانەکـان لە پێکهـاتەی چەنـد کـۆمەڵەیەک لە تـاکی مەیـل جیـاواز و فـرە بیـروڕا دروسـتبووە، کە ئاراسـتەو بیروبۆچـونی جیاوازیان هەیە و دەکرێ بەریەککەوتنی بیروبۆچوونەکان روبدەن و ببـنە هـۆی نائـارامی، لەبەرئەوە سروشـتیە بـۆ پەرلەمانەکـان کە ڕێسای تایبەت بە میکانیزمی پارێزگاریکردن و دڵنیابوون لە هێمنی دابنێن لەگەڵ هەندێک ئامرازی دژ وەستان بەرامبەر ئەوانەی لەو ڕێسایانە دەردەچن.

---

(١) سعيد حمدين، البرلمان في الدساتير، مصدر سابق، ص٦٥.

یاسا بنەڕەتیەکان لە هەر سێ قوتابخانەی پەرلەمانیدا کۆکن لەسەر ئەوەی شکاندن و پێشێلکردنی سیستەمی دانیشتنی گشتی بابەتێکی پڕ مەترسیدارە، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی لەکارکەوتنی کارەکانی دەسەڵاتی یاسادانان، بۆ ڕێگرتن لەمەش ئەژمارکردن بە بێڕێزی یان جۆرێک لە سزا و ناڕەزاییی و لەروو وەستانی ئەدەبی بەتەنیا بەس نیە.

هەر بۆیە سەرجەم سیستەمە پەرلەمانیەکان هاوڕابوون لەسەر گرنگی جێبەجێکردنی سزا ماددیەکان بۆ هەر کەسێک پێشێلکاری لە کۆبوونەوەکاندا ئەنجامدەدات. بیرۆکەی بەندی ماددی یان سزای پەرلەمانی تایبەتە بەو کەسانەی کە سەرپێچی سیستەم لە دانیشتندا دەکەن، بەو پێیەی کە دەستوور پارێزبەندی بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کردووە قەڵادکردووە (حەصانەیی داوەتێ) و لە سەروی یاسایەوە داینـاون، بۆ هەموو لێدوان و بۆچوونەکانیان کە لە ئەنجومەنەکەدا دەیکەن. ئەم جۆرە پاراستنانە بڕیاردراوە لەپێناو پاراستنی ئازادی فیکری و مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی بیروڕاکانیان. ئەم پارێزگاریە تایبەتە بە ئازادیی فکری و بیروڕا دەربڕین لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبونەوەکانی لیژنەکاندا جێدەکرێنەوە. کاتێک دەستوور بڕیاری پارێزبەندی پەرلەمانی دەدات ، ڕێگریش دەکات لە تێکچونی ڕێڕەوی دانیشتن و کارەکان یان پەکخستنیان، و ئەمەش دانپێنانێکی ڕاستەوخۆیە کە دانیشتن و کۆبوونەوە پەرلەمانیەکان ئاست بەرزترین کۆبونەوەی سیاسین و نابێت کاریگەری خراپ یان لاواز لەسەر ڕێرەوی کارەکانیان هەبێت[1].

---

(١) د. محمد سالم المزروعي، دليل نظام أعمال المجلس الوطني الإماراتي، المجلس الوطني الاتحادي، أبو ظبي، دبي، دون سنة طبع، ص١٥١-١٥٢.

سزا پەرلەمانیەکان لەلایەن خودی نوێنەرانەوە دەردەچوێنرێن و دواتر خۆیان پێیانەوە پابەند دەکەن، هەروەها هەموو ئەو یاسایانەی بۆ کۆمەڵگا دەریدەکەن خۆشیان دەگرێتەوە. جگە لەوەش هەر ئەنجومەنێک خۆی لە چۆنیەتی ڕێکخستنی گفتوگۆکانی خۆی دەزانێ و سزای ئەو کەسانەش دەدات کە سەرپێچی لە کۆبوونەوەکانیدا دەکەن. ناکرێت هیچ دەسەڵاتێک -هەرچەندە بەرز بێت- بڕیاری ئەنجومەن پێشێلبکات. ئەگەر لێبوردن لەلایەن سەرۆکی دەوڵەتەوە بڕیاری لەسەر بدرێت بۆ هەندێک سزا لە یاسای سزاداندا؛ کەس ناتوانێت بڕیاری لێبوردن لە سزاکانی پەرلەمان بدات جگە لە خودی پەرلەمان خۆی کە مافی پێچەوانەکردنەوەی ئەو سزایانەی هەیە دەریکردوون. ئەگەر کەسێک سزای پەرلەمانی بەسەردا جێبەجێ بکرێ و نارەزاییەکەی بنێردرێن بۆ هەر دەسەڵاتێکی تر تا سزاکە ڕابگیرێت؛ ئەوا -بەپێی یاسا بنچینەییەکان- هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت ئەم نامەیە ئاڕاستەی پەرلەمان بکات. ئەگەر ئەندامەکە بیەوێت ئەو نامەیە لە دانیشتندا بخوێنێتەوە کە ناردویەتی بۆ پەرلەمان ، ئەرکی سەرۆک پەرلەمانە ڕێگری لێبکات و دەکرێ سزایەکی دیکەشی بەسەردا بسەپێنرێت، بەو پێیەی کە هەوڵ دەدات سەربەخۆیی و سەروەری پەرلەمان بشکێنێت، و ئەمەش پێچەوانەی حوکمەکانی دەستوورە کە بڕیاری جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی داوە و نابێت هیچ یەکێکیان دەستێوەرنەدان لە کاروباری ئەوی تردا بکات[1].

---

(١) المصدر السابق، ص١٥٢–١٥٣.

لە پێشینەیەکی دادوەری لە فەرەنسا، کاتێ بەشێک لە پاداشتی پەرلەمانی ئەندامێک بڕا، ئەندامە سکاڵای لەسەر چاودێرانی ئەنجوومەن کرد وانتە ئەوانەی ئەو کارەیان کردبوو، بەڵگەی ئەندامەکە ئەوەبووکە پاداشتەکە بە یاسا کراوە، و بە یاسا نەبێ نابێ ببڕرێت، و پەیڕەوی ناوخۆ بە یاسا دەرنەچووە. بەڵام دادگا بەوە حوکمهی کرد کە ئەم داوایە لە

نابێت پەرلەمان هیچ سزایەکی تر واژۆبکات بەدەر لەوانەی لە پەیڕەوی ناوخۆی خۆیدا دەقکراون. نابێت ئەنجومەن بڕیار لەسەر سزایەکی تر بدات کە لەپەیڕەوەکەیدا نەهاتوە، بەڵام ڕەنگە پەرلەمان سزاکانی خۆی لەسەر ئەندامە دەستلەکارکێشاوەکان واژۆ بکات، ئەگەر پەرلەمان بڕیاری کۆتایی لەسەر فەرمانی دەستلەکارکێشانەوەکەی نەدابێ. دەسەڵاتەکانی پەرلەمان لە سزاکانیدا سنووردار کراوە بە هۆڵی پەرلەمانی خۆی و درێژ ناکرێتەوە بۆ دەرەوە.[1]

وە ناکرێت ئیستیغلالی خاڵی پەیڕەو بکرێت لەلایەن ئەندامانەوە، وەک دەرفەتی قسەکردن یان وروژاندنی کۆبوونەوە. دەبێت سەرۆکی دانیشتن کاربکات بۆ ڕێگری لەو جۆرە کارانە، چونکە خاڵی پەیڕەو لە بەرژەوەندی کاری پەرلەمانیدا دانراوە نەک بۆ بەرژەوەندی ئەو ئەندامەی دەیوروژێنێت.

---

تایبەتکاری ئەو نییە، و دادگای تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوەش پاڵپشتی حوکمەکەی کرد. و بڕیاری ئەوەی دا کە سەیرکردنی داوایەکی لەم چەشنە هێرسشە بۆسەر کاری ئەنجومەن، و پرینسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، و ئەنجومەن بەشێکە لەو دەسەڵاتە گشتیانەی کە نوێنەرایەتی سەروەری گەل دەکەن، و نابێ دەسەڵاتی دادوەری تەماشای هیچ کارێک لە کارەکانیدا بکات، و لەسەر ئەم ڕەوشەش دادگای باڵای ئەمریکا هەمان رای هەیە، و ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا دژی بڕیارێکی ئەنجومەن داوای هەبوو بەوەی کە ئەنجومەن ڕێگەی لەو ئەندامە گرتبوو کە پیادەی تایبەتکاریەکانی بکات، و دەیگوت گەلی ئەمریکا ئەم نوێنەرایەتیەی پێداوم.

(١) سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٣.

(١) سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٣.

## (٣-٢)

# پێشێلکردنی ڕێساکان لە بەڕێوەچوونی کاری دانیشتنی پەرلەمان

لە پەرلەمانـدا کاتێـک پەرلەمانتارێـک ڕێگـری لە ڕێـڕەوی دانیشـتن دەکـات، سـەرۆک هەلوێسـت وەردەگرێت بە پابەنـدکردنی ئەندامەکە. ئەگەر ئەندامەکە بە بڕیاری سەرۆک پابەند نەبوو، بۆ نمونە، لە ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا پەیڕەوی دیاریکراوی هەیە بۆ ئەم حاڵەتانەی لایخوارەوە[1]:

١- پەیوەنـدی نـەبوون یـان دووبـارەکردنەوە ( Irrelevant or repetition):

لە پاش سەرنجڕاکێشـانی سـەرۆک بۆ پەرلەمـان یان لیژنەکە، تایبـەت بـە ڕەفتـاری ئەنـدامێک لەسـەر دوورکەوتـنەوە یـان بـابەت دووبارەکردنەوەی ئەنـدام لەو کێشـە بێزارکەرە یان ئاماژەدان بەو دەمەقاڵێیـانەی کە ئەنـدامانی تـر کردویـانە لە گفتوگـۆکەدا، دەکـرێ لێدوانەکەی بوەستێنرێت.

٢- ڕەفتاری نادروست/ نەشیاو (Disorderly Condact):

سـەرۆک داوا لەو ئەنـدامە یـان ئەنـدامانە دەکـات، کە ڕەفتـاری نەشیاویان نواندوە، کە ڕاستەوخۆ دانیشتنەکە بەجێبێڵن، تـا کۆتـایی دانیشـتن. ئەگەر قسـەکار یـان سـەرۆک لە هەر بۆنەیەکدا وایبینـی

(1) Standing order, Public business 2019, Ordered by The House of Commons In British, to be printed 5 November 2019, P43-46 (shorturl.at/ghxEK).

دەسەڵاتەکانی کەمە، ئەوا دەتوانێت ئەو ئەندامە یان ئەندامانە بەناو بکات، لەم حاڵەتەدا دەبێت هەمان ڕێکار پەیڕەو بکرێت، بەو پێیەی کە بەم شێوەیە هاتووە[1]:

کاتێک ئەندامێک لەلایەن سەرۆکەوە ناودەبرێت، یەکسەر دوای پێشێلکاری پشتگوێخستنی دەسەڵاتی سەرۆک یان بەردەوامبوون لە ڕێگریکردن لەکاری پەرلەمان، بە ئەنقەست، لەڕێگەی خراپبەکارهێنانی ڕێساکانی کاری پەرلەمان یان هەر شتێکی تر، ئەگەر ئەو جۆرە پێشێلکارییانە لەلایەن ئەو ئەندامەوە لە ناو دانیشتن بکرێت، ئەوا سەرۆکی پەرلەمان ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای پێشنیازێک پرسیار دەکات "ئەندامێتی ئەو کەسە لە خزمەتی پەرلەمان هەڵدەپەسێردرێت"،

ئەگەر کارەکە لە لیژنەکاندا ڕویدابێت، ئەوا سەرۆک دەستبەجێ کاری لیژنەکە هەڵدەپەسێرێ و ئەنجومەن لە بارودۆخەکە ئاگادار دەکاتەوە. ئەرکی سەرۆک پەرلەمانە دەستبەجێ هەمان پرسیار بکات وەک ئەوەی تاوانەکە لەناو دانیشتنی هۆڵی سەرەکیدا ئەنجامدرابێت. بەپێی ئەم بڕگەیە و سەرەڕای ناڕەزایی، دەکرێت پرسەکە ڕاپۆرتبکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت لە پاش ئەو کاتەی بۆ کاری نارەزایی تەرخان کراوە.

ئەگەر هەر ئەندامێتیەک هەڵبپەسێردرێت لەژێر بڕگەی سەرەوەدا، ئەوا ڕادەگیرێت بۆ ماوەی (٥) ڕۆژی دانیشتن و لەکاتی دووبارەکردنەوە بۆ ماوەی (٢٠) ڕۆژ بەردەوام دەبێت. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، لە ڕۆژەوە دەسپێدەکات کە ڕاگیراوە. هەرچۆنێک بێت

(1) Ibid.

له هەر بارودۆخێکی دواتردا، هەڵپەساردنەکە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی ئەنجومەن کۆتایی بە بڕیاری ڕاگرتنەکە دێنێت.

ناکرێت لە یەک کاتدا بەناوکردنی زیاتر لە یەک ئەندام ئەنجامبدرێت، مەگەر دوو ئەندام یان زیاتر پێکەوە بە هاوبەشی دەسەڵاتی سەرۆکیان پشتگوێ خستبێ.

ئەگەر ئەندامێک، یان دوو ئەندام، یاخود زیاتر پێکەوە پێشێلکاریەکەیان ئەنجامدا و ڕاگیران لەخزمەتکردنی پەرلەمان، کاتێک پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکانی سەرۆکەوە، ئەوا سەرۆک پەرلەمان سەرنجی پەرلەمان ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی کە بەکارهێنانی هێز پێویستە بۆ ناچارکردنی بە گوێڕایەڵی بۆ ڕێنماییەکان. بەوپێیەش ئەو ئەندامە/ ئەندامانەی کە دەستنیشانکراون بە ڕەتکردنەوەی پابەندبوون بە ڕێنماییەکان، دەبێت لە بەردەوامی کۆبوونەوەکەدا ڕابگیرێن بەبێ هیچ وردەکاری و پرسیارێکی زیاتر.

ناکرێ ئەنجومەن هیچ ڕێکارێک نەگیرێتەبەر لەپێناو هێزی کرداری دژی هەر ئەندامێک، بەپێی نەریتە کۆنەکان.

٣- ڕاگرتنی ئەندامان، و کشانەوە لە ناوچەی پەرلەمان (Members suspended، etc. to withdraw from precincts):

ئەو ئەندامانەی کە بەهۆی (ڕەفتاری نادروست) فەرمانی کشانەوەیان بۆ دەرچوێنراوە، یان لە خزمەتی پەرلەمان ڕاگیراون، دەبێت دەستبەجێ لە ناوچەی پەرلەمان بکشێنەوە.

ڕاگرتن لەخزمەتکردنی پەرلەمان بۆ ئەو ئەندامە ئەو خزمەتگوزاریانەی ناگرێتەوە کە لە لیژنەکەیدا دەیکات لە

ڕەچـــاوکردنی پـــڕۆژە یاســـایەکی تـــایبەت کە ڕەنـــگە پـــێش لەکارخستنەکەی دیاریکرابێت بۆی.

٤- ڕاگرتنی مووچەی ئەندامە ڕاگیراوەکان ( Suspension of salary of Members suspended):

ڕاگرتنـی مـووچەی ئەنـدامە ڕاگیـراوەکە بـۆ مـاوەی ڕاگرتنـی ماوەی هەڵپەساردنەکەی دەخایەنێت.

٥- دەسەڵاتی سەرۆک بۆ دواخستن یان هەڵپەساردنی کۆبوونەوە ( Power of the Speaker to adjourn House or suspend sitting):

لە ئەگەری ناهاوســەنگیەکی جــدی لە ئەنجومەنــدا، ســەرۆک پەرلەمــان دەتوانێــت -ئەگەر بە پێویســتی بزانێــت- دانیشــتنەکە دوابخـات، بـێ ئەوەی هـیچ پرسـیارێک بکـات وە یـان بـۆ مـاوەیەک کۆبوونەوەکە هەڵپەسێرێت.

٦- سـنووری کـات بـۆ ووتەکـان ( Time Alocation for Speeches):

لەوانەیە سـەرۆک مەبەسـتی خـۆی ڕابگەیەنێت بـۆ بـانگکردنی ئەندامەکان بۆ قسـەکردن لە گفتوگۆکانـدا، یـان لە کـاتی دیـاریکراوی ئەو گفتوگۆیە، بۆ مەودایەک زیاتر نەبێت لەوەی دەستنیشـانیدەکات. دەتوانێـت - لە هەر کاتێکـدا بێـت - ڕاگەیانـدنی دواتـر بـدات بـۆ گۆڕینی مەرجەکانی ئەم ڕاگەیاندنە، لە ژێر ئەم بڕگەیە.

## (٣-٣)
# سزای پێشێلکردن
# لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی وڵاتاندا

پەیڕەوی ناوخۆی وڵاتان بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی بەراوردکاری و ئەزموونی خودی پەرلەمانی خۆیان و گونجان لە گەڵ ژینگەی کاری پەرلەمانییان، ڕێسای جیاواز و هاوڕێک لە جەوهەردا بۆ ئەم پرسە ڕێکخستووە.

### ا. پەرلەمانی میسر

لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی میسردا هاتوە، ئەگەر هەر ئەندامێک، لە دوای مۆڵەتدان بۆ ئاخاوتن، لە ووتەکانیدا پێشێلکاریەک دەرکەوت بەپێی هەر بڕگەیەک لەو ماددانەی ئاماژەیان پێدراوە، ئەوا سەرۆکی ئەنجومەن دەتوانێت ئاخاوتنەکەی لێ بکشێنێتەوە. هەروەها ئەنجومەن دەتوانێ لەسەر پێشنیازی سەرۆکی ئەنجومەن بڕیاری ئاگادارکردنەوەی بداتێ کە ئەوە دووبارە نەبێتەوە یان تا کۆتایی کۆبوونەوەکە لەقسەکردن لەسەر بابەتەکە بێبەشبکرێت[1].

---

(١) المادة ٢٩٨ من اللائحة الداخلية لمجلس النواب المصري، الصادرة بموجب قانون رقم ١ لسنة ٢٠١٦.

سەبارەت بە دەرچوون لە ڕێساکانی ئاخاوتن لە دانیشتنەکاندا، لەماددەی ٣٠٢ی پەیڕەوی میسردا هاتووە: پێویستە قسەکار بۆچوون و تێڕوانینی خۆی دەرببڕێت و هاوکات شکۆ و هەیبەتی دامەزراوە دەستوورییەکانی دەوڵەت و کەرامەتی ئەنجومەن و کەرامەتی سەرۆکی ئەنجومەن و ئەندامەکانی بپارێزێت. قسەکار نابێت قسەی خۆی و ئەوانەی تر دووبارە بکاتەوە و ناشبێت لە بابەتی بەردەست دەربچێت و بە گشتی نابێت کارێک بکات کە سیستەم و شکۆمەندی کۆبوونەوەکە بشکێنێت. بەهەرحاڵ قسەکار نابێت جنێو یات ووشەی نەشیاو بەکاربێنێت ، هەر سەرپێچییەک لەمانە بکات دەبێتە هۆی ڕەوانەکردنی بۆ لیژنەی هەڵسەنگاندنی بەها.

هیچ کەسێک -جگە لە سەرۆک بۆی نییە - قسەکار بپچڕێنێت و هیچ تێبینیەکی ئاڕاستە بکات. بە تەنیا سەرۆک مافی ئەوەی هەیە قسەکار ئاگادار بکاتەوە لە هەر ساتێکی ئاخاوتنەکەیدا بێت لەسەر پێشێلکردنی ماددەی ٣٠٢ی پەیڕەو، یان هیتر، یان بیروڕای قسەکار بە تەواوی ڕوونە و پێویست بە قسەکردنی زیاتر نیە[١]. ئەگەر پابەند نەبوو، ئەوا سەرۆک ئاگاداری دەکاتەوە بۆ دەرنەچون لە پەیڕەو[٢]. سەرۆک پەرلەمان بۆی هەیە فەرمان بکات بە سڕینەوەی هەر قسەیەکی ئەندام لە کۆنوسی دانیشتن کە بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوەوە بێت. و لەکاتی ناڕەزاییدا، مەسەلەکە

(١) المادة ٣٠٣ من اللائحة الداخلية لمجلس النواب المصري الصادرة بموجب قانون رقم ١ لسنة ٢٠١٦.
(٢) المادة ٣٠٤ من اللائحة الداخلية لمجلس النواب المصري الصادرة بموجب قانون رقم ١ لسنة ٢٠١٦.

دەخرێتە پێش ئەنجومەن بۆ ئەوەی بە بێ گفتوگۆ بڕیاری لەسەر بدات[1].

ئەگەر قسەکار هەر شتێک بکات کە کاریگەری هەبێت لەسەر شکۆ و هەیبەتی دامەزراوە دەستوورییەکانی دەوڵەت و کەرامەتی ئەنجومەن و سەرۆکەکەی یان ئەندامەکانی، ئەوا سەرۆک دەتوانێت بەناوی خۆیەوە بانگی بکات و ئاگاداری بکاتەوە لە پێشێلکردنی پەیڕەو یان نەیهێڵێت بەردەوام بێت لە ئاخاوتن. ئەگەر ئەندامەکە نارەزایی دەربڕی لەسەر بڕیاری سەرۆک؛ ئەوا سەرۆک ڕای ئەنجومەن وەردەگرێت و بەبێ گفتوگۆ بڕیاری ئەنجومەنەکە دەردەچوێنێ[2].

بەپێی ماددەی ٣٠٧ی پەیڕەو، ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان بەپێی ماددەکانی پێشوو هۆشداری بداتە قسەکار، و دواتر لەهەمان کۆبوونەوەدا جارێکی تر ئەنجامی بداتەوەو لە سیستەمی ئاخاوتن دەربچێت، ئەوا سەرۆکی پەرلەمان دەتوانێت بابەتەکە بخاتە بهردەم ئەنجومەن کە قەدەغەی بکات لە لێدوان لەسەر هەمان بابەت یان تا کۆتایی دانیشتن. و بڕیاری ئەنجومەن بەبێ گفتوگۆ لەبارەیەوە دەدرێت.

سەبارەت ڕێکار وەرگرتن دژ بە ناپابەندبوونی ئەندام بۆ سزاکان، ماددەی ٣٠٨ ئاماژەدەدات کە ئەنجومەن لەسەر پێشنیازی سەرۆک دەبێت ڕێکار بگرێتەبەر لە دژی ئەو ئەندامە کە

---

(١) المادة ٣٠٥ من اللائحة الداخلية لمجلس النواب المصري الصادرة بموجب قانون رقم ١ لسنة ٢٠١٦.

(٢) المادة ٣٠٦ من اللائحة الداخلية لمجلس النواب المصري الصادرة بموجب قانون رقم ١ لسنة .

کۆبوونەوەکەی شێواندوە، یان پابەند نەبوە بە بڕیاری ئەنجومەن، بە یەکێک لەو ڕێوشوێنانەی خوارەوەیە:

ڕێگەگرتن لە ئاخاوتن تا کۆتایی دانیشتنەکە.

لۆمەکردن.

ڕێگەگرتن لە ئامادەبوونی هۆڵی کۆبوونەوە بۆ یەک دانیشتن.

ڕێگەگرتن لەبەشداریکردنی کارەکانی ئەنجومەن و لیژنەکان بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لەدوو دانیشتن

ڕێگەگرتن لەبەشداریکردنی کارەکانی ئەنجومەن و لیژنەکان بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە پێنج دانیشتن.

ئەو ڕێکارانەی لە بڕگەکانی آ، ب ، ج دا هاتوون، دەکرێ ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنەوە ئەنجام بدرێن. بە لەبەرچاوگرتنی دوابڕگەی ماددەی ناوبراو، ئەنجومەن بڕیاردەدات لەسەر یەکێک لەو ڕێکارانەی پێشتر و لە هەمان دانیشتندا، لە دوای بیستنی لێدوانەکانی ئەندام یان لەسەر بنەمای لێدوانی نوێنەری ئەو، و بەبێ گفتوگۆ.

بڕیاری بێبەشکردن لە کاروباری ئەنجومەن بۆ ماوەی زیاتر لەدوو دانیشتن لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنەوە دەردەکرێت و لەوانەیە بابەتەکە ڕادەستی لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت بۆ ڕاپۆرتێکی بەپەلە لەبارەیەوە[1]. بەپێی ماددەی ٣١٠ی هەمان پەیڕەو، ئەگەر ئەندامەکە پابەند نەبێت بەبڕیارەکەی ئەنجومەن؛ ئەوا سەرۆک دەتوانێت هەر ڕێکارێکی پێویست بگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە لەپاش بەئاگاهێنانەوەی

(١) المادة ٣٠٩ من اللائحة الداخلية لمجلس النواب المصري ٢٠١٦.

ئەنـــدامەکە و ڕەنـــگە ســـەرۆک دانیشـــتنەکە بوەســـتێنێ یـــان هەڵپیپەسێرێت، و لەم حاڵەتەدا مەودای ڕاگرتن دەبێت دوو هێندەی بڕیاری ئەنجومەن.

لەهـــەموو حاڵەتێکـدا، بەپێـی مـاددەی ٣١١، هەر ئەنـدامێکی بێبەشـکراو لەبەشـداریکردنی کارەکـانی ئەنجـومەن، دەتوانێـت داوابکات کەحوکمەکانی ئەم بڕیارە هەڵپەسێردرێت –بەنووسراو- بـۆ سـەرۆکی ئەنجـومەن کە "پەشـیمانە لە ڕێزنەگرتنـی پەیـڕەوی ئەنجـــومەن"، و ئەمە دەخوێنـــدرێتەوە لە دانیشـــتن، و بڕیـــاری ئەنجوومەن وەردەگیرێت لەبارەیەوە بەبێ گفتوگۆ.

بەڵام ئەگەر هەر لەو کۆبـــوونەوەیەدا هەمـــان ئەنـــدام هەر ســـەرپێچی دووبـارە کـردەوە کە پێویسـت بێـت بە بێبەشـکردنی لەبەشداریکردنی کارەکانی ئەنجومەن، ئەوا بەپێی ماددەی ٣١٢ی پەیڕەو، داواکاری لێبوردنی لێ وەرناگرێت. و ئەنجومەن دەتوانێت بڕیـــاری بەشـــدارینەکردنەکەی بـــۆ زیـــاتر لە ١٠ کۆبـــوونەوە درێژبکاتەوە، یان ئاماژە بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکات بۆ نوسینی ڕاپۆرت سەبارەت بەو پێشێلکردنەی پەیڕەو.

بەشـــێوەیەکی گشـــتی ئەگەر ســـەرۆک پەرلەمـــان نەیتـــوانی کۆنترۆڵی دۆخەکە بکات، ئەوا بەپێی ماددەی ٣١٣ مەبەستی خۆی بۆ وەستاندنی دانیشتننەکە ڕادەگەیەنێت، و ئەگەر دۆخەکە بۆ باری ئاسـایی نەگەڕایەوە، ئەوا دانیشـتنەکە هەڵـدەگرێت بـۆ مـاوەی نیـو کـــاژێر، و ئەگەر هەراســـانکردنەکە هەر بەردەوام بـــوو، ئەوا دانیشتنەکە دوادەخات و بەرواری دانیشتنی داهاتوو رادەگەیێنێت.

## ٢. پەرلەمانی مەغریب

سەبارەت بە مەودای ئاخاوتن، لە ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی مەغریبدا هاتوە:

نابێت گفتوگۆکان لە مەودای دەستنیشانکراوی خۆیان تێپەڕ بکەن. سەرۆک دەتوانێت مۆڵەتبدات بە ڕوونکردنەوەی دەنگدان و بۆی هەیە ڕێگەبدات بە ئەنجامدانی داواکاری ئاخاوتنەکان بەمەرجێ لە ماوەی پێنج خولەک زیاتر نەبێت، بەدەر لە گفتوگۆ سنوردارکراوەکان کە لەچوارچێوەی کارنامەدا دانراوەن، ئەگەر باسێک بێت کەکاتی ئاخاوتنی تێدا دیارینەکراوە[1] ئەگەر نوێنەرێک لە بابەتی مۆڵەتپێدراو دەرچوو، یان بەبێ مۆڵەت قسەی کرد، یاخود سنوری کاتی تەرخانکراوی تێپەڕ کرد، ئەوا مافی سەرۆکە ئەم ڕێکارانە هەندێک یاخود هەموویان بەرامبەری ئەنجام بدات:

١- بیرخستنەوەی پەیڕەو.

٢- ڕێگری لە بەردەوامی ئاخاوتن.

٣- کوژاندنەوەی مایکی قسەکار[2].

وەهەروەها لە یاساکانی پەرلەمانی مەغریبدا ئەمە هاتووە[3]:

ماددەی ١٥١: پێشەکی دەدرێت بە ووتە، بۆ هەر ئاگادارکردنەوەیەک لەسەر ڕێساکانی بەڕێوەچوونی دانیشتن، یان بە جێبەجێکردنی مەرجەکانی ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە، لەو حاڵەتەدا ئاخاوتن بە شێوازی (خاڵی پەیڕەوی) دەکرێت، بە مۆڵەتی سەرۆک

---

(١) المادة ١٥٣ من النظام الداخلي لمجلس النواب المغربي.

(٢) المادة ١٥٤ من النظام الداخلي لمجلس النواب المغربي.

(٣) راشد المواد: النظام الداخلي لمجلس النواب المغربي في الفترة التشريعية ٢٠٠١ – ٢٠٠٢، دراسة وتعليق، منشورات مجلس النواب الفترة التشريعية ٢٠٠١ – ٢٠٠٢، ط١، ٢٠٠٥.

پەرلەمـــان و لە یەک خولەکـــدا، کە تێیـــدا ئەولەویەت دەدرێـــت بە سـەرۆک تیمەکـان. ئەگەر تێبینیکـرا کە قسـەکە - فێچێنەکـە - هـیچ پەیوەنـدیەکی بە ڕێسـاکانی پەیـڕەوی نـاوخۆ یـان ئەنجامـدانی کۆبـوونەوەکەوە نییە، ئەوا دەبێـت سـەرۆک دەسـتبەجێ قسـەکار ڕابوەستێنێت[1].

هەروەهـا لە دەروازەی سـێیەمی هەمـان پەیـڕەو، لەژێـر ناونیشـانی (ئاگادارکردنەوەکـان و دیسـپلینەکان – بـەرزەفتکاری) و لە مـاددەی ١٦٥دا هـاتوە، کـرداری دیسـپلین بەرامـبەر ئەنـدامانی ئەنجـومەن دەکرێـت لە دانیشـتنە سـەرەکیەکان و کۆبـونەوەی لیژنەکاندا، بریتیە لە:

بەبیرهێنانەوەی پەیڕەوی ناوخۆ،

ئاگادارکردنەوە،

ئاگادارکردنەوە لەگەڵ دورخستنەوەی کاتی.

ڕێکـارە دیسـپلینەکان سروشـتێکی کاتییـان هەیە و بە کۆتـایی ئەو دانیشـتنە یـان کۆبـونەوەیە کە سـەرپێچیەکە تێیـدا ڕوویـداوە بەسـەر دەچێـت. بەبـێ پێشـێلکردنی مەرجەکـانی مـاددەی ١٦٧ و ١٦٨ی پەیڕەو.

---

(١) يرى النائب المغربي، والمقرر لإعداد النظام، وتعديله: رشيد المدور، بأن الجديد عند تعديل هذه الفقرة، هو تخفيض الوقت المخصص للتدخل في إطار نقطة النظام، حتى لا يأخذ وقتاً أكثر على حساب جدول الأعمال المقرر، خاصة عندما يتعلق الأمر بحصة الأسئلة الشفوية، التي يوزع الوقت فيها بالتمثيل النسبي، حيث إن ما يستهلك من الوقت بسبب نقاط النظام، يكون على حساب أسئلة النواب المبرمجة في نهاية جدول الأعمال، التي تحرم من البث التلفزي. انظر: رشيد المدور، النظام الداخلي لمجلس النواب المغربي دراسة وتعليق، منشورات مجلس النواب، الفترة التشريعية ٢٠٠١–٢٠٠٢، ط١، ٢٠٠٥، ص٩٧.

بەپێی ماددەی ١٦٦، تەنیا سەرۆکی پەرلەمانی مەغریب دەسەڵاتی بەبیرهێنانەوەی پەیڕەوی هەیە و هەر ئەو دەتوانێت ئاگاداری بدات بە:

هەر نوێنەرەکە بەربەست دروست بکات، یان پێشێلکاری پەیڕەو بکات.

هەر نوێنەرەکە بەبێ مۆڵەتی سەرۆک ئاخاوتن بکات.

هەروەها بەپێی ماددەی ١٦٧، نوێنەرەکە لەم حاڵەتانەی خوارەوە ئاگاداردەکاتەوە:

ئەگەر دووجار ئاماژە بە پەیڕەو بکات.

ئەگەر جنێو، سوکایەتیکردن یان هەڕەشەی ئەندامێک/ ئەندامانی ئەنجومەن بکات.

ئاگادارکردنەوەکە بۆ نوێنەرەکە دەبێتە هۆی بڕینی چارەکێک لە موچەی مانگانە بۆ ماوەی یەک مانگ.

بەپێی ماددەی ١٦٨ی پەیڕەو، بەبیرهێنانەوە/هۆشداری لەگەڵ ڕاگرتنی کاتی لە کۆبوونەوە، لە یەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا ئاڕاستەی نوێنەر دەکرێت:

ئەگەر پابەند نەبێت بەو سزایەی بەسەریدا سەپێندراوە، بەشێوەیەک ببێتە هۆی ڕێگریکردنی کارەکانی ئەنجومەن.

ئەگەر توندوتیژی بەکاربهێنێت لە کاتی دانیشتنی سەرەکیدا.

ئەگەر ڕەفتارێکی کرد کە سوکایەتیکردن بێت بە ئەنجومەن یان بە سەرۆکەکەی.

ئاگادارکردنەوە لەگەڵ دوورخستنەوەی کاتی دەبێتە هۆی بڕینی نیوەی موچەی مانگانە بۆ ماوەی دوو مانگ، بەبێ ئەوەی

پێشێلکاری بکرێت بۆ داواکاریەکانی بەشی ٩ی ئەم پەیڕەوە، کە پەیوەندی بە کۆدی ڕەفتار و ئاکاری پەرلەمانییەوە هەیە.

لەماددەی ١٦٩ی پەیڕەوکەدا هاتووە: ئەگەر نوێنەرەکە پابەند نەبێت بەو ڕێکارە دیسپلینیانەی بەرامبەری کراوە، ئەوا سەرۆک دانیشتنەکە ڕادەگرێت و لەگەڵ دەستەی کۆدەبێتەوە بۆ پێشنیازکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی کە بەپێویستی دەزانێت دژ بەئەندامی سەرپێچیکار بکات.

## ٣. ئەنجومەنی نیشتمانی فیدراڵی ئیمارات

بەپێی پەیڕەوی ئەنجومەنی نیشتمانی فیدراڵی ئیمارات، سەرۆک پەرلەمان بۆی نییە ڕێگەی ئاخاوتن لەکەس بگرێت بەبێ بنەمایەکی یاسایی، و ئەنجومەنەکە لە کاتی ناکۆکیدا بەبێ گفتوگۆبڕیار دەدات(١).

قسە بە ئاخاوتنکار لە کاتی ئاخاوتن نابڕدرێت، و هەروەها نابێت ئاخاوتن لەسەر کاروباری کەسی بکرێت، و سەرۆک دەتوانێت ئاخاوتنێکی زۆری ئەندام ڕابوەستێنێ و بابەتەکە بخاتە پێش ئەنجومەن بۆ بڕیاردان(٢). تەنیا سەرۆک مافی سەرنجڕاکێشانی قسەکاری هەیە بە پێویستی ڕەچاوکردنی ڕێساکانی پەیڕەو لەکاتی ئاخاوتن، و بۆ پارێزگاریکردنی سیستمی ئاخاوتن و ڕەچاوکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکە. ئەگەر سەرۆک لە

(١) ببينه: المادة ١٠١ من اللائحة الداخلية للمجلس الوطني الاتحادي الإماراتي، الصادرة سنة ٢٠١٦.

(٢) ببينه: المادة ١٠٢ من اللائحة الداخلية للمجلس الوطني الاتحادي الإماراتي، الصادرة سنة ٢٠١٦.

یەک کۆبوونەوەدا دووجار سەرنجی قسەکار ڕابکێشێت و ئەویش دواتر بگەڕێتەوە بۆ هەمان کاری خاڵی سەرنجڕاکێشانەکە؛ ئەوا سەرۆکی پەرلەمان دەتوانێت ئەم پرسە بخاتە بەردەم ئەنجوومەن بۆ قەدەغەی ئاخاوتن لەو ئەندامە تا کۆتایی دانیشتنەکە، و بڕیاری ئەنجومەن لەبارەیەوە بەبێ گفتوگۆ دەربکات[١].

نابێت قسەکار زاراوەی نەشیاو بەکاربهێنێت کە کاریگەر بێت لە کەرامەتی کەسەکان، دامەزراوەکان، یان زیان بە بەرژەوەندی باڵای وڵات بگەیەنێت، یاخود کارێکی پێشێلکاری لە ڕێساکانی پەیڕەودا بکات. ئەگەر ئەندامێک شتێکی وەکو ئەوانە بکات، دەبێت سەرۆک سەرنجی ڕابکێشێت و ئەگەر ناکۆکی دروست بکات؛ ئەوا ئەنجومەن بەبێ گفتوگۆ بڕیاری لەسەر دەدات[٢]. هەروەها نابێت ئەندام هیچ دەستێوەردانێک لە کاری دەسەڵاتەکانی تری جێبەجێکار یان دادوەری بکات[٣].

هەروەها ئەنجومەن دەتوانێت یەکێک لەم سزایانەی خوارەوە بسەپێنێ بەسەر ئەو ئەندامەی پێشێلکاری پەیڕەو دەکات، یان پابەند نییە بە بڕیاری ئەنجومەن بۆ ڕێگریکردنی لە ئاخاوتن[٤]:

ئاگادارکردنەوە.

ئاڕاستەکردنی لۆمە/ سەرزەنشتکردن.

ڕێگریکردن لە ئاخاوتن بۆ ماوەی کۆتایی دانیشتنەکە.

---

(١) يبينه: المادة ١٠٦ من اللائحة الداخلية للمجلس الوطني الاتحادي الإماراتي، الصادرة سنة ٢٠١٦.

(٢) يبينه: المادة ١٠٧ من اللائحة الداخلية للمجلس الوطني الاتحادي الإماراتي، الصادرة سنة ٢٠١٦.

(٣) يبينه: المادة ٢٧ من اللائحة الداخلية للمجلس الوطني الاتحادي الإماراتي، الصادرة سنة ٢٠١٦.

(٤) يبينه: المادة ١٠٨ من اللائحة الداخلية للمجلس الوطني الاتحادي الإماراتي، الصادرة سنة ٢٠١٦.

دەرکـردن لە هـۆڵی دانیشـتن لەگەڵ ڕێگـری بەشـداریکردن لە چالاکیەکانی تری دانیشتنەکە.

ڕێگری بەشـداریکردن لەکارەکانی ئەنجومەن و لیژنەکـانی بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لەدوو هەفتەدا.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری ئەنجومەن لەسـەر ئەم بابەتە دەردەکرێـت، ئەنجـومەن دەتوانێـت بڕیـارەکە لە دژی ئەنـدامەکە هەڵپەسـێرێت، ئەگەر لە کۆبـوونەوەی داهـاتوودا داواکـاری لێبوردنێکی بە نوسین پێشکەش کرد.

ئەگەر لە کۆبوونەوەیەکدا دۆخی گفتوگۆکە تێکچوو و سەرۆک نەیتـوانی بیگەڕێنێـتەوە، ئەوا مەبەسـتی خـۆی ڕادەگەیەنێـت بـۆ هەڵپەساردنی کۆبوونەوەکە. ئەگەر چیتر دۆخەکە نەگەڕایەوە باری ئاسـایی، ئەوا دانیشـتنەکە بـۆ مـاوەی کەمتـر لە نیـو کـاتژمێر ڕادەگیرێـت. وە ئەگەر دۆخەکە هەر نەگەڕایەوە لە دوای گەڕانەوە بۆ دانیشتن؛ ئەوا سەرۆک دەتوانێت کۆبوونەوەکە دوابخات[1].

ماددەکانی سنووربەزاندن، کاتێک ئەندامێکی ئەنجومەنی پیرانی ئوردون ئاخاوتن دەکات، ئەمانەی خوارەوەن:

نابێـت ئەنـدام بەبـێ داواکـاری و بەر لەمۆڵەتپێـدانی سـەرۆک ئاخـاوتن بکـات. ئەگەر وا نەبـوو؛ ئەوا سـەرۆک پەرلەمـان ڕێـگەی پێنـادات و فەرمـان دەدات ئاخـاوتنەکەی لە کۆنوسـی دانیشـتنەکەدا تۆمـار نەکرێـت. دەبێـت ئەنـدام ڕەچـاوی دووبـارەنەکردنەوەی لێدوانەکانی خۆی یان لێدوانی ئەندامانی پێشتر لە خۆی بکات، و نابێـت لەبـابەتی بەردەسـت لابـدات. بەتەنیـا سـەرۆک بـۆی هەیە سـەرنجی ئەنـدام ڕابکێشـێت و هەر ئەو دەتوانێـت سـەرنجی

---

(١) ببينه: المادة ١٠٩ من اللائحة الداخلية للمجلس الوطني الاتحادي الإماراتي، الصادرة سنة ٢٠١٦.

ڕابکێشێت کە بۆچوونەکەی بە تەواوی ڕوونە و پێویست ناکات بە بەردەوامی و قسەی زیاتر. و نابێت ئەندام زاراوەی نەگونجاو بەکاربهێنێت کە کاریگەر بێت لەسەر کەسەکان، دامەزراوەکان، یان بە بەرژەوەندیە گشتیەکان، و نابێت سەرپێچی لە حوکمەکانی پەیڕەودا بکات. وە هەروەها نابێت ئەندامێک لێدوانی ئەندامێکی تر بپچڕێنێت و تێبینیەکی بداتێ. تەنیا سەرۆک مافی هەیە کە سەرنجی ئەندام ڕابکێشێت لە هەر ساتێکی ئاخاوتن بۆ چاودێریکردنی حوکمەکانی پەیڕەوی ئەنجومەن. ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان لە درێژەی قسەکانیدا دوو جار سەرنجی ئەندامەکە ڕابکێشێت و پاشان بەردەوام بێت لە ڕاکێشانی سەرنجی، ئەوا ئەنجومەن لەسەر داوای سەرۆک پەرلەمان دەتوانێت ڕێگری بکات لە ئاخاوتنی ئەندامەکە لەسەر ئەو بابەتەی کە سەرنجڕاکێشانی لەسەر دراوە و نابێت هیچ ووتەیەکی تۆمار بکرێت. هەر ئەندامێک کە ڕێگری لە ئاخاوتنی کراوە و گەڕایەوە بۆ پێشێلکردنی پەیڕەوەکە دوای ئەوەی دوو جار لە یەک دانیشتندا ئاگادار دەکرێتەوە؛ ئەوا ئەنجومەن لەسەر داوای سەرۆک پەرلەمان بڕیاری لابردنی لە هۆڵی دانیشتنەکە دەدات و دەبێتە هۆکاری ڕێگریکردنی بەشداریکردن لە کارەکانی ئەنجومەن تا کۆتایی دانیشتنەکە و تۆمارنەکردنی ووتەکانی لە کۆنوسدا، هەروەها هەژمارکردنی وەک ئەندامێکی ئامادەنەبوو، هەتا ئەگەر نەچێتە دەرەوە. ئەگە بڕیاری ئەنجومەن دەربکرێت بۆ ڕێگری ئەندامێک لە دانیشتن و خۆکارانە جێبەجێی نەکات؛ ئەوا سەرۆکی پەرلەمان بۆی هەیە دانیشتنەکە هەڵپەسێرێت و ڕێکارە پێویستەکان بگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە، لەو حاڵەتەدا بێبەشکردنە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بۆ ماوەی دوو هەفتە درێژدەبێتەوە[1].

(١) المواد ٦٩ و ٨١ و ٨٢ و ٨٤ من النظام الداخلي لمجلس الأعيان الأردني لعام ٢٠١٤.

## ٤. پەرلەمانی لوبنان

**ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی لوبنان:**

بەتەنیا سەرۆکی پەرلەمان مافی ڕاگرتنی ئاخاوتنی هەیە لە چوارچێوەی ئەو سنورانەی لە پەیڕەوی ناوخۆدا دانراوە، و بەم شێوەیە دیاریکراون[1]:

١- ئەگەر بەبێ مۆڵەتی سەرۆکایەتی ئاخاوتن بکات

٢- ئەگەر ناوی سەرۆک کۆمار بێنێت بەبێ ئەو ناونیشانەی لە دەستووردا ئاماژەی پێدراوە، یان زاراوەیەکی نەشیاوی بەرامبەر بەکارهێنا یان بەرپرسیارێتییەکی پەیڕەو کرد جگە لەوەی لە دەستووردا دەقیگرتوە.

٣- ئەگەر زاراوەی نەشیاوی بەکارهێنا بەرامبەر حزبەکانی ئەنجومەن یان کوتلەکان یان نوێنەران یاخود لیژنەکان.

٤- ئەگەر ژیانی تایبەتی ئەوانی تری باس کرد.

٥- ئەگەر سوکایەتی بە کەسێک یان دەستەیەک کرد، مەگەر لێدوانەکانی بە بڕیاری کۆتایی دادگا پشتگیری بکرێت.

٦- ئەگەر لە ناوەڕۆکی بابەتی مۆڵەتدراوی خۆی دەرچێت.

٧- ئەگەر لە ئاخاوتنەکەیدا ئاماژە بە ڕاستییەکانی دۆسیەیەک بکات کە هێشتا لەژێر لێکۆڵینەوەدایە یان لەلایەن دەسەلاتی دادوەرییەوە کاری تێدا دەکرێت.

٨- ئەگەر ماوەی تەرخانکراوی خۆی تەواوکردوە.

بەدەر لەو حاڵەتانە قسەکار لە ئاخاوتنەکەی ڕاناگیرێت بەبێ بڕیاری ئەنجومەن.

---

(١) المادة ٧٥ من النظام الداخلي لمجلس النواب البناني، ١٩٩٤.

هەروەها بەپێی ماددەی ٧٦ی هەمان پەیڕەو، هەر نوێنەرێک مافی وەڵامدانەوەی هەیە بۆ یەک جار ئەگەر قسەکار زاراوەیەکی ئاڕاستەی کەسی خۆی، حیزبەکەی یان فراکسیۆنەکەی ئەو دەربڕێت.

ئەگەر ئەندامێکی ئەنجومەن یاخی بێت لە پەیڕەوی دانیشتنەکان، یان پەیڕەوی ئاخاوتن؛ ئەوا یەکێک لەو سزایانەی خوارەوەی بەسەردا دەسەپێنرێت[1]:

١- هۆشداریدان لەسەر گەڕانەوە بۆ پەیڕەو.

٢- هۆشداریدان لەگەڵ تۆمارکردنی لە کۆنوسی دانیشتنەکە.

٣- سەرزەنشتکردن، لەگەڵ تۆمارکردنی لە کۆنوسی دانیشتنەکە.

٤- دەرکردن لە دانیشتنەکە.

ئەو سزایانەی لە بڕگەکانی یەکەم و دووەمدا هاتووە لەلایەن سەرۆکەوە دەسەپێنرێت، بەڵام بۆ سزاکانی تر دەبێت ڕاوێژ بە دەستەی نوسینگەی ئەنجومەن بکات لەبارەیانەوە.

لە هەندێک ماددەی تایبەت بە (٢٥) و (٨٦) بۆ (٩١) پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی کوێت دا دەردەکەوێت، سەرۆکی کۆبوونەوەکە یان ئەنجومەن دەتوانێت ڕێکارەکان – بەپێی حاڵەت- پیادەبکات، یان سزا واژۆ بکات بەرامبەر کەسی پێشێلکار. لێرەدا تێبینییەکی بنەڕەتیی هەیە، کە یاسادانەر لە هەندێک ماددەدا، بەهای بەرزەفتکردنی داناوە، و سزای بۆ سەرپێچییەکان دەستنیشان

(١) المادة ٩٩ من النظام الداخلي لمجلس النواب البناني، ١٩٩٤.

نەکـردوە، یـان سـزایەکی نەگونجـاو یـان قورسـی بـۆ دانـاوە یـان جێبەجێکردنی قورس بێت.[1]

ئەوەی شایانی باسە، بێبەشکردنی ئەندامی پێشێلکار لە کاری ئەنجومەن، بۆ نموونە پێویستی بە سازانی سیاسی هەیە کە ڕەنگە زەحمەت بەدی بێت، و ڕۆڵی سەرۆک بەپێی حوکمەکانی پەیڕەو سنووردارکراوە بۆ سەرنجڕاکێشان. ڕەنگە ئەنجومەن بەپێی ماددەی ٨٩، ئاگاداریەک ئاڕاستەی ئەندامی سەرپێچیکار بکات یان سەرزەنشتی بکات، بەبێ ئەوەی بگاتە قەدەغەکردن لە ئاخاوتن تا کۆتایی دانیشتن، یان لابردنی لە هۆڵی دانیشتن و بێبەشکردنی لەدانیشتنەکانی تر، یاخود بێبەشیبکات لە کاروباری ئەنجومەن و لیژنەکان بۆ ماوەیەک لە دوو هەفتە زیاتر نەبێت. هەموو ئەوەی سەرۆک دەتوانێت بیکات وەک لەماددەی ٩٠دا هاتووە: ئەگەر سیستیمەکە تێکدرا و سەرۆک نەیتوانی بیگەڕێنێتەوە، مەبەستی خۆی ڕادەگەیەنێت بۆ هەڵپەساردنی کۆبوونەوەکە و ئەگەر چیتر ئارامی نەگەڕایەوە؛ ئەوا مافی ڕاگرتنی دەبێت بۆ ماوەیەک لە نیو کاتژمێر زیاتر نەبێت، و ئەگەر ئەو پشێوییە هەر بەردەوام بوو لە دوای گەڕانەوە بۆ دانیشتن؛ دەکرێ سەرۆک دانیشتنەکە دوابخات. هەروەها کاتێک سیستمی ئاخاوتن پێشێلدەکرێت چ لە بەردەوامی یان لە دووبارەکردنەوە (ماددەی ٨٦) یان بە بەکارهێنانی زمانی نەشیاو یان بە سوکایەتیکردنی کەسێک (ماددەی ٨٨) کرابێت، ئەوا ڕۆڵی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوێت سنووردارکراوە بۆ سەرنجڕاکێشان[2].

---

(١) د. بلال الصندید، قيم العمل البرلماني، ٢٠٢٠، متاح على العنوان التالي – https://www.aljarida.com

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## ٥. پەرلەمانی ئوردون

لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی ئوردوندا هاتووە:

بەپێـــی مـــاددەی ١١٠، دەبێـــت ئەنـــدام ڕەچـــاوی دووبارەنەکردنەوەی لێدوانەکانی خۆی یان ئەندامەکانی تر بکات کە پێشتر کردویانە و نابێت لە ناوەڕۆکی بابەت دووربکەوێتەوە. تەنیا مـافی سـەرۆکە بـۆ سەرنجڕاکێشـان و ڕاگەیانـدنی ئـەوەی کە بۆچـوونەکەی بە تەواوی ڕوون بـۆتەوە و هـیچ پێویسـتیەک بـۆ بەردەوامـی وتەکـانی نەمـاوە. بەڵام لە مـاددەی ١٠٨دا ئەوە هـاتووە کەئەنـدامێک ناتوانێت زمـانی نەشـیاو بەکـار بهێنێت کە تێیدا زیـان بەکەسـان و دامەزراوە و سیسـتەمی گشـتی و مۆراڵی بگەیەنێت و نابێت کارێکی پێچەوانەی پەیڕەو ئەنجام بدات.

ماددەی (١١٠/ب) ی پەیـڕەوەکە جەختدەکاتەوە لەسـەر ئەوەی کە هیچ ئەندامێک ناتوانێت ووتەی ئەندامێکی تر ببڕێت و نابێت هیچ تێبینیەکـی بـداتێ، و تەنیـا سـەرۆک پەرلەمـان مـافی ئەوەی هەیە سـەرنجی ئەنـدامەکە ڕابکێشـێت لە هەر سـاتێکی ئاخـاوتنەکە بـۆ ڕەچـاوکردنی حوکمـەکانی پەیـڕەوی ئەنجـومەن. ئەگەر سـەرۆک دووجـار سـەرنجی ئەندامەکە ڕابکێشێت لە ئاخـاوتنەکەی و لە یەک دانیشـتندا، و پاشـان هـەر بەردەوام بێـت لەسـەر ئـەوەی کـە لێـی ئاگادارکراوەتەوە، ئەوا بەپێی بڕگەی (ج) ی هەمـان مـاددە سـەرۆک بۆچوونی ئەنجومەن وەردەگرێت بۆ ڕێگری لە ئاخاوتن تـا کۆتـایی دانیشتن لەسەر هەمان بابەتە و دەرکردنی بڕیارەکە بەبێ گفتوگۆ. هەرکاتێـک بڕیـاردرا ڕێگـری لە ئاخاوتنەکـانی بکرێـت، نابێـت ووتەکانیشی لە کۆنوسدا تۆماربکرێت.

ئەگەر ڕێگری ئاخاوتن لە هەر ئەندامێک بکرێت و ئەویش پەیڕەو پێشێلبکات بە گەڕانەوە بۆ ئاخاوتن، و دوو جار لە یەک دانیشتندا ئاگادار بکرێتەوە، ئەوا ئەنجومەن دەتوانێت لەسەر بنەمای ماددەی (١١١) و لەسەر داوای سەرۆک پەرلەمان ئەندامەکە دەربکات لەو دانیشتنە. بڕیاری لابردن دەبێتە هۆی ڕێگریکردنی ئەندام لە بەشداریکردنی چالاکیەکانی کۆبونەوەکە تا کۆتایی دانیشتنەکە و تۆمارنەکردنی ووتەکانی لە کۆنووسی دانیشتنەکە، و ئەژمارکردنی وەکو ئەندامێکی ئامادەنەبوو ئەگەر پاشگەز نەبۆوە. و ئەگەر ئەندام بڕیارەکەی جێبەجێ نەکرد، ئەوا سەرۆک- بەپێی ماددەی (١١٢) دانیشتنەکە ڕادەگرێت و ئامرازی پێویست بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە بەکاردەهێنێت، و لەو حاڵەتەدا دەبێتە هۆی بێبەشکردنی ئەندامەکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە سێ کۆبوونەوەی داهاتوودا.

سەرۆکی پەرلەمان بە ناوی ئەنجومەنەوە پارێزگاری لە پەیڕەوی ناوخۆ دەکات، بە هەموو پەیوەندیدارییەکانیەوە. هەر خۆشی فەرمان دەردەکات بۆ هێزەکانی ئاسایشی تایبەت بۆ پارێزگاریکردنی ئاسایشی ناو ئەنجومەن.[1]

## ٦. ئەنجومەنی نیشتمانی جەزائیر

بەڵام ڕێکارە دیسپلینیەکان (الإنضباطية) کە دەکرێت بەرامبەر هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی نیشتمانی جەزائیر بگیرێتە بەر ئەمانەیە:[2]

(١) المادة ١٥٧ و١٥٨ من النظام الداخلي لمجلس النواب الأردني لسنة ٢٠١٣.
(٢) المادة ١١٧ من النظام الداخلي لمجلس الأمة الجزائري لعام ٢٠١٧.

به بیرهێنانەوەی پەیڕەو.
هۆشداریدان/ ئاگادارکردنەوە.
کێشانەوەی قسە (سحب الكلمة).
ڕێگەپێنەدان لە ئاخاوتن .

بەبیرهێنانەوەی پەیڕەو لە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی یان سەرۆکی کۆبوونەوەدایە. هەر ئەندامێکی ئەنجومەن کە پێشێلکاری پەیڕەو بکات یان ڕێرەوی گفتوگۆکان بشێوێنێت، دەبێت هۆشداری پەیڕەوی بدرێتێ یان ئاگاداربکرێتەوە. هەر ئەندامێک بۆ جاری دووەم بەبیرهێنانەوەی پێدرا، ئەوا ئاگادارکردنەوەشی دەدرێتێ، هەروەها دەکرێ ووتەکەی بکشێنرێتەوە تا گفتوگۆ لەسەر بابەتی لێکۆڵینەوە تەواو دەبێت. هەروەها قسەی کرد بە بێ مۆڵەت، و هۆشداری پێدرا بە پابەندبون بە سیستەم، لەگەڵ ئەوەشدا سوور بوو لەسەر ئاخاوتن(١).

بەپێی ماددەی ١١٩ی پەیڕەو، لە یەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا ڕێگری لە ئەندامێکی ئەنجومەنی نیشتمانی دەکرێت بۆ ئاخاوتن:

١- ئەگەر لە یەک دانیشتندا سێ جار ئاگادار بکرێتەوە.
٢- ئەگەر ببێتە هۆی خۆپیشاندانێک کە ئارامی ناو هۆڵی دانیشتن تێکبدات.
٣- ئەگەر لە کاتی دانیشتندا ببێتە هۆی خرۆشاندن (استفزاز) یان هەڕەشە لە هاوکارێکی بکات.
٤- ئەگەر توندوتیژی بەکاربهێنرێت لە ماوەی دانیشتنەکەدا.

---

(١) المادة ١١٩ من النظام الداخلي لمجلس الأمة الجزائري لعام ٢٠١٧.

ئـــەو لێکەوتانـــەی لـــە ڕێگەنـــەدانی ئەنـــدامێک بـــۆ ئاخـــاوتن دەکەونـــــەوە وەک لەمـــــاددەی ١٢٠ی پەیـــــڕەودا هـــــاتووە، : بەشدارینەکردنێتی لەگفتوگۆکانی ئەنجومەن بۆ سێ کۆبوونەوەی یەک لەدوای یەک. لەحـــــاڵەتی دووبارەکردنەوەشـــــدا، یـــــان ڕەتکـردنەوەی پابەنـدبوون بە فەرمانەکـانی سـەرۆکی ئەنجـومەن، ئـــەوا ڕێگەنەدانەکـــە بـــۆ شـــەش دانیشـــتنی یەک لەدوای یەک درێژدەکرێتەوە.

وەک دڵنیابوونێـــک بـــۆ ئەو ئەنـــدامە، وەک لەمـــاددەی ١٢١دا هـاتووە، کاتێـک سـەرۆکی پەرلەمـان ڕێگـری دەکـات لە ئاخـاوتنی ئەندامی ئەنجومەن، نووسینگەی ئەنجومەنی نیشتمانی ڕاستەوخۆ بانگدەکرێت بۆ گوێگرتن لە ئەندامی ئەنجومەنی پەیوەندیدار پێش ڕەچاوکردنی حاڵەتەکە و بڕیاردان لەسەری.

لە نێو ئەو قەدەغەکاریانەی کە لە پـەیڕەودا هـاتووە، مـاددەی ١٢٢ ئامـاژە بەوە دەدات کە قسـەکار – تێچێنـەر، هەرگیـز ناتوانێت ووتەی ناشیرین و گوزارشتی نەشیاو بەکاربهێنێت، یان کەماسی بەرامبەر هەیبەتی ئەنجومەن و سەرۆک و ئەندامەکان و کەرامەتی کەسـەکان و ناوبـانگی دەسـتە و دامەزراوەکـان، یـان پێشـێلکردنی پەیڕەو یان ئاکارە گشتیەکان بکات.

هەروەهـا سـەرۆکی دانیشـتن بەرپرسـە لەسـەر ڕێگریکردنـی دەســتێوەردانکەر لە بەردەوامــی ئاخــاوتنەکەی، وەک لە مــاددەی ١٢٣ی ئەم پەیڕەوەدا هاتووە، لەم حاڵەتانەی لای خوارەوەدا:

ئەگەر دەسـتدرێژی بکـرێتە سـەر ئـەو بنەمـا گشـتییانەی کـە حوکمڕانی کۆمەڵگای جەزائیری دەکەن.

ئەگەر بە شێوازێکی ناشایستە دەستدرێژی کردە سەر پێگەی سەرۆک کۆمار.

ئەگەر بەبێ مۆڵەتی سەرۆکی دانیشتن دەستیکرد بە ئاخاوتن.

ئەگەر زاراوەیەکی نەشیاوی ئاڕاستەی ئەندامێکی ئەنجومەن، یان گروپێکی پەرلەمانی، یان حکومەت، یاخود ئەندامێکی کرد.

ئەگەر دەستێوەردان بکات لە ژیانی تایبەتی کەسانی تردا.

ئەگەر تێـوەگلانی کـردە سـەر بابەتێـک کـە لەژێـر رێکـاری دادوەرییدایە.

تەنیا لە دەسـەڵاتی سـەرۆکی دانیشـتندایە کە سـەرنجدان بداتە دەستێوەردەر ئەگەر لە بابەتەکە لایدابێت، یان سـەرپێچی پەیـڕەوی گفتوگۆی کردبێت. بەدەر لە سـەرۆکی دانیشـتن هـیچ کەسـێکی تـر بـۆی نیـیە ووتە بە دەسـتێوەدەر ببڕێـت، یـان تێبینـی لەسـەر ئاخاوتنەکانی بکات. هەروەها سـەرۆکی دانیشـتن مـافی ئەوەی هەیە کە رێگـە بگرێت لە ئەنـدام بـۆ داواکـاری خـاڵی پەیـڕەوی زیـاتر لە جارێک. ئەم جۆرە دەسـتێوەردانانە تۆمارنـاکرێن لە مەحزەرەکـانی دانیشتنەکاندا.

## ٧.پەرلەمانی غانا

لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی غانادا[١]:

تێهەڵچوونەوە لەسەر حوکمی سەرۆک پەرلەمان ناکرێ مەگەر بە داواکارییەکی بابەتی و بەپێی ماددەی ٩٥ نەبێت، و پاڵپشت بە بنەمـــای مـــاددەی ٩٦، ســـەرۆکی ئەنجـــومەن بەرپرســـیارە لە رەچـاوکردنی پەیـڕەوی ئەنجـومەن، و ڕێسـاکانی گفتوگـۆ، و هـیچ بڕیـارێکی ئەو لەســەر هەر خــاڵێکی پــەیڕەوی کــراوە نیــیە بــۆ تێهەڵچوونەوە، و پێداچونەوەشی بۆ ناکرێت لەلایەن ئەنجومەنەوە،

(1) Parliamentary Standing Orders Of Gana, http://elibrary.jsg.gov.gh/fg/indexae/PARLIAMENTARY%20STANDING%20ORDERS.htm.

مەگەر لەسەر بنەمای پێشنیازێکی بابەتی پێشکەشبکرێت لە دوای ڕاگەیاندنەکە.

لەحاڵەتی ڕەفتاری نەشیاودا، بەپێی ماددەی ٩٧ی ئەو پەیڕەوە دەکرێت ڕاستەوخۆ ئەندامی پێشێلکار داوابکرێت لەلایەن سەرۆکەوە یان لەلایەن هەر ئەندامێکی تر کە لەئاستی خاڵی پەیڕەودا بێت. دەکرێت سەرۆک ئەندامەکە ئاڕاستە بکات بۆ وەستاندنی ئاخاوتنەکەی، پاش ئەوەی سەرنجی ئەنجومەن ڕادەکێشێت بۆ ڕەفتاری ئەندامەکە لە بەردەوامی باسێک کە ناپەیوەندیدارە، دووبارەکردنەوەی بێزارکەر، یان دوبارەکردنەوەی ووتەی ئەندامانی تر.

دەبێت ئەندامەکە بکشێتەوە لە ئەنجومەن، بەپێی فەرمانی سەرۆک، چونکە بەپێی ماددەی ٩٨، سەرۆک دەتوانێت فەرمان بداتە ئەو ئەندامە کە ڕەفتارەکەی بە شێوەیەکی ئاشکرا نەشیاوە، بۆ ئەوەی دەستبەجێ لە ئەنجومەن بکشێتەوە تا کۆتایی دانیشتنەکەی ئەو ڕۆژە. بەهەرحاڵ ئەگەر سەرۆک پەرلەمان ڕەچاوی ئەوە بکات لە هەر بۆنەیەکدا، کە دەسەڵاتەکانی لەژێر بڕگەی ئەم بڕگەیەدا کەمن و ناتوانێ وەڵامگۆی پێشێلکاریەکە بێت، ئەوا ئەندام یان ئەندامەکان بەناو دەکات، لەو حاڵەتەشدا دەبێت هەمان ڕێوشوێن پەیڕەوبکات کە لەفەرمانی ٩٧ و فەرمانی ٩٩ دا هاتووە. هەروەها سەرۆکی پەرلەمان ڕەنگە ناونانی هەر ئەندامێک بکات کە دەسەڵاتی سەرۆک پشتگوێ دەخات.

بەپێی هەمان ماددە، کاتێک ئەندامێک لەلایەن سەرۆکەوە ناودەبرێت، دەستبەجێ لە دوای ئەنجامدانی تاوانەکەی لە

گـوێپێنەدانی دەسـەڵاتی سـەرۆک، یـان ڕێگریکردنـی بەردەوام و مەبەستدار لە کاروباری پەرلەمان، لە میانەی خراپ بەکارهێنانی ڕێساکانی پەرلەمان، یاخود هەر کارێکی تر؛ پێویستە دەستبەجێ لەلایەن سەرۆکی زۆرینەوە نارەزایی پێشنیازبکرێت، و لە حاڵەتی شکستهێنانی ئەوە، ئەوا لەڕێگەی ئەندامێکی ترەوە، "کە ئەو ئەندامە تاوانبارە بە بێڕێزیکردن بە پەرلەمان". و لەم حاڵەتەدا پێویستە سەرۆک بانگهێشتی ئەو ئەندامە بکات بۆ ئەوەی نیشانی بدات بۆچی لەلایەن پەرلەمانەوە ئەو مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە کە سووکایەتیکردنە بە پەرلەمان. و سەرۆک دەتوانێ لەپاش بیستنی ڕوونکردنەوەی ئەندامەکە، ڕایبگەیەنێت کە ئایا ئەو ئەندامە تاوانبارە بە بێڕیزیکردن یان نا، پەرلەمان بەپێی یاسای ٩٩ هەڵسوکەوت دەکات مەگەر بڕیار بدات بە پێچەوانەوە.

وە بەپێی ئەم ماددەیەش ئەگەر ئەندامێک بە بێڕێزیکردنی پەرلەمان تۆمەتبار بکرێت، ئەوا دەستبەجێ لە خزمەتکردنی پەرلەمان هەڵدەپەسێردرێت، مەگەر پەرلەمان بە پێچەوانەوە بڕیار بدات. و دەبێت ڕاگرتنەکەی بۆ ماوەی ٥ ڕۆژ بۆ جاری یەکەم لە بەردەوامی هەر دانیشتنێک، و ١٠ ڕۆژ بۆ جاری دووەم لە بەردەوامی هەر دانیشتنێکدا، و ١٤ ڕۆژ بۆ جاری سێیەم یان دواتر لە بەردەوامی هەر دانیشتنێکدا، بەمەرجێک ماوەی ڕاگرتنی ئەندامەکە لەژێر ئەم بڕگەیەدا لە ڕۆژی هەڵپەساردنەکەیەوە ئەژماربکرێت. مەگەر پەرلەمان بە پێچەوانەوە بڕیار بدات، ناکرێت هەڵپەساردن تا کۆتایی خولەکە درێژبکرێتەوە. لە حاڵەتی ڕەتکردنەوەی فەرمانەکە لەلەیەن ئەندامەکەوە، ڕادەوەستێنرێت لە

خزمەتکردنـی ئەنجـومەن بەپێـی ڕێسـای خزمەتکردنـی پەرلەمـان، پابەنـدبوون بە ڕێنماییەکـانی سـەرۆک، لە کـاتی بـانگکردن بەپێـی فەرمـــانی ســـەرۆک، لەلایەن مارشـــاڵەوە، بـــۆ پابەنـــدبوونی ئەم ئاڕاســـتەکردنە، پێویســـتە ســـەرۆک ســـەرنج ڕابکێشـــێت بـــۆ ئەو ڕاستیەی کە بەکارهێنانی هێز پێویستە بۆ ناچارکردنی ئەندام بۆ گوێڕایەڵبوون، و لەسەر ئەم بنەمایە دەبێت ئەندامەکە بەزۆرەملێی لە پەرلەمـــــان دەربکرێـــــت. ئەمەش پەرلەمـــــان ڕاناگرێـــــت لە بەردەوامبـوون بـۆ سـزادانی هـیچ ئەنـدامێک لەسـەر هەر تاوانێـک لێـرەدا دەستنیشـان کـراون، بە هەر شـێوەیەک پەرلەمـان دەیبینێـت گونجـاوە، یـان بـۆ بەرزکـردنەوەی هەر داواکـاریەکی دژ بە هەر تاوانێک لەم بەڵگەنامەیەدا دیاری نەکراوە.

### ٨. کۆماری ئەڵمانیای فیدڕاڵی:

ســـەبارەت بە هۆشـــداریکردن لە پابەنـــدبوون بە بـــابەتەکە و ڕەچـاوکردنی پەیـڕەو، و کشـاندنەوەی ووتە، لە پەیـڕەوی نـاوخۆی بوندســـتاگی (کۆمەڵـــەی گشـــتی) ئەڵمانیـــادا، ســـەرۆک مـــافی هەیە ئاخاوتنکار ئاگاداربکاتەوە بۆ ئەوەی لە بابەت دەرچوە تا پابەندبێت بە بـابەتەکە. هەروەهـا سـەرۆک مـافی هەیە ئەنـدامانی بوندسـتاگ بەنـاو بکـات لەبـارەی پێشـێلکاریەکانیان یـان بـۆ سـنووربەزاندنی پیرۆزییەکـانی بوندسـتاگ، و ئاگاداریـان بکـاتەوە بـۆ ڕەچـاوکردنی پەیـڕەو. ئەگەر سـەرۆک سـێ جـار هۆشـداریدا بە ئاخاوتنکارێک لە کـاتی ئاخـاوتنەکەی بـۆ پابەنـدبوون بە بـابەت، یـان ڕەچـاوکردنی پەیڕەو. ئەوا دەبێت ووتەکەی لێبستێنرێتەوە و ناکرێت جارێکی تر

مۆڵەتی پێبدرێتەوە بۆ ئاخاوتن لە هەمان دانیشتن و لەسەر هەمان بابەت.[١]

غەرامەی پەیڕەوی دەسەپێنرێت بەسەر ئەندامدا، سەرۆک مافی هەیە غەرامەی پەیڕەو بە بڕی ١٠٠٠ یۆرۆ بسەپێنێت بەسەر ئەندامێکی بوندستاگ بۆ سەرپێچیەکی ناسادەی پەیڕەو، یان بێڕێزیکردنی پیرۆزییەکانی بوندستاگ، تەنانەت ئەگەر هۆشداریشی نەداتێ لەسەر ئەو کارە و لەحاڵەتی دووبارەبوونەوەدا، غەرامەکە بەرزدەبێتەوە بۆ ٢٠٠٠ یۆرۆ. ماددەی (٣٨/ بڕگەی ٢) بەهەمان شێوە جێبەجێ دەکرێت.[٢]

وە ماددەی ٣٨ بۆ دوورخستنەوەی ئەندامانی بوندستاگ دەقنوسکراوە، کە بەپێی ئەو ماددەیە سەرۆک دەتوانێت فەرمانی هەر ئەندامێکی بوندستاگ بدات کە هۆڵەکە بەجێبهێڵێت، لەبەردەوامی دانیشتنی گشتیدا، بەهۆی ئەنجامدانی سەرپێچیەکی جددی پەیڕەو، یان بۆ بێڕێزیکردنی پیرۆزی بوندستاگ، تەنانەت ئەگەر هۆشداریشی نەداتێ بۆ پابەندبوون بە پەیڕەو، یان غەرامەی نەکردبێت. پێویستە سەرۆک بەر لە تەواوبوونی دانیشتنە گشتیەکە، ژمارەی ئەو کۆبوونەوانە ڕابگەیەنێت کە نابێت ئەندامی پەیوەندیدار بەشداریان تێدا بکات. و دەکرێت ئەندامی بوندستاگ دووربخرێتەوە لە کۆبوونەوەی گشتی بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژی دانیشتنەکان.

سەرۆک مافی هەیە دواتر ئەندامێک لابدات، ئەمەش لە دانیشتنی پاش ئەو دانیشتنەی ئەندامەکە سەرپێچیەکەی تێداکردوە،

---

(١) المادة ٣٦ من اللائحة الداخلية للبوندستاغ واللائحة الداخلية للجنة الوساطة.
(٢) المادة ٣٧ من اللائحة الداخلية للبوندستاغ واللائحة الداخلية للجنة الوساطة.

ئەگەر لەماوەی دانیشتنەکەدا سەرۆک بۆی ڕوونبۆوە پێشێلکاری پەیڕەو ڕوویداوە، مافی دوورخستنەوەی هەیە بۆ دانیشتنیەکانی دواتر. بڕگەی ١، ڕستەی ٢ و ٣، بە هەمان شێوە جێبەجێ دەکرێت. ئاگاداركردنەوە پابەندبوون نییە بە پەیڕەوی پێشوو، و دوورخستنەوە لە دانیشتنە گشتیەکانی دواتر. و ئەندامە پەیوەندیدارەکە دەبێت ڕاستەوخۆ هۆڵی دانیشتنەکە بەجێ بهێڵێ. ئەگەر وەڵامی دوورخستنەوەکەی نەدایەوە، دەبێت سەرۆک ئاگاداریبکاتەوە کە ڕەفتارەکەی دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی ماوەی دوورخستنەوەکەی. و ئەگەر ئەندامە لابراوەکە هەوڵیدا بەشداری لە دانیشتنەکانی بوندستاگ، یان لیژنەکانیدا بکات، بە پێچەوانەی فەرمانی دوورخستنەوەکەی، ئەوا بڕگەی ٣، ڕستەی ٢ی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت. ئەو ئەندامە ڕەچاو ناکرێت بە مۆڵەتپێدراو، نابێت ناویشی لە لیستی ئامادەبواندا تۆماربکرێت.

ئەندامەکە بۆی هەیە ناڕەزایی دەربڕێت لەسەر ڕێکارەکان، ئەندامی پەیوەندیداری بوندستاغ، بەپێی ماددەی ٣٩، دەتوانێت ناڕەزاییەکی نووسراو پێشکەش بکات بەپێی، یان غەرامەی پەیڕەو، یان دوورخستنەوە لە دانیشتنەکان، لەگەڵ هۆکارەکانی تێیدا باس بکات، ئەمەش بەر لە دانیشتنی گشتی داهاتوو. هەروەها پێویستە ئەم ناڕەزاییە لە کارنامەی ئەو دانیشتنەدا تۆماربکرێت. بوندستاگ بەبێ گفتوگۆ بڕیاری خۆی دەدات، و ناڕەزایی جێبەجێکردنی بڕیارەکە دواناخات.

ئەگەر ژاوەژاوێکی بێزارکەر لە بوندستاگ روبدات کە ڕێگر بێت لە بەردەوامبوونی گفتوگۆکان، سەرۆک دەتوانێت بۆ ماوەیەکی

دیاریکراو دانیشتنەکە ڕاگرێت یان دوایبخات. و ئەگەر ئەم هەنگاوە وەڵامدانەوەی نەبوو، ئەوا دەبێت کورسی سەرۆکایەتی بەجێ بهێڵێت، بەمەش کۆبوونەوەکە بپچڕێنێت. تەنیا سەرۆک دەتوانێت بەردەوامبوونی دانیشتن ڕابگەیەنێت بەپێی ماددەی ٤٠ی ڕێنماییەکان.

## ٩. پەرلەمانی سەنغافورەدا

له پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی سەنغافورەدا،

بەپێی ڕێساکانی پەرلەمان لە ماددەی ٥٥دا هاتوە، لە کاتی ووتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران یان سەرۆکدا، نابێت هیچ ئەندامێک هاتوچۆ بکات، بچێتە هۆڵی پەرلەمان یان هۆڵەکە جێبهێڵێت، و دەبێت هەموو ئەندامەکان لە حاڵەتی دانیشتن و بێدەنگیدا بن، نابێت هیچ ئەندامێک یان لیژنەیەک ووتەکانی سەرۆک ببڕێت و دەبێت هەمووان گوێگری تەواوی سەرۆک بن.

سەرۆکی پەرلەمان یان سەرۆکی لیژنە بەرپرسە لە چاودێریکردنی ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و لیژنەکان ، لە ماددەی ٥٦دا هاتووە کە بڕیار لەسەر هەر خاڵێکی پەیڕەوی کراوە نییە بۆ تێهەڵچوونەوە و لە لایەن پەرلەمانەوە پێداچوونەوەی بۆ ناکرێت، جگە لەوەی لەسەر بنەمای پێشنیازێکی بابەتی کە بۆ ئەو مەبەستە پێشکەشکرابێت. و ئەو جۆرە پێشنیازانە پێویستیان بە زیاتر لە دوو ڕۆژی ئاشکرا نیە.

کاتێک ئەندام هەڵسوکەوتێکی نەشیاو ئەنجام دەدات، بەپێی ماددەی ٥٨، سەرۆک پەرلەمان ڕاشکاوانە فەرمان دەداتە ئەندامەکە

دەستبەجێ لە پەرلەمان بکشێتەوە تا کۆتایی دانیشتنی ئەو ڕۆژە، و بەپێی ئەم پەیڕەوە بەرپرسی ئاسایشی پەرلەمان فەرمانی سەرۆک جێبەجێدەکات. بەڵام ئەگەر سەرۆک لە هەر بۆنەیەکدا ڕەچاوی ئەوە بکات کە دەسەڵاتەکانی لە ژێر حوکمەکانی پێشووی ئەم پەیڕەوەدا کەمە، ئەوا ئەو ئەندامە، یان ئەندامانە بەناو دەکات، لەو حاڵەتەدا دەبێت ئەو ڕێکارانە پیادەبکات کە لە ڕێسای ٥٩دا دانراوە {هەڵپەساردنی ئەندام}.

هەڵپەساردنی ئەندامێتی بەپێی ماددەی ٥٩، ئەم ڕێکارانە دەگرێتەوە:

١- کاتێک ئەندامێک لەلایەن سەرۆکەوە بەناو دەکرێت، دەبێت دەسبەجێ لەپاش تاوانی پشتگوێخستنی دەسەلاتی سەرۆک، یان ڕێگریکردن لەکارەکانی پەرلەمان بەبەردەوامی و بەئەنقەست، لەڕێگەی خراپ بەکارهێنانی ڕێساکانی پەرلەمان، یان هەر کارێکی تر. ئەگەر تاوانەکە لەلایەن ئەندامێکی پەرلەمانەوە ئەنجام بدرێت، دەبێت بە پێشنیازێکی وەزیر، یان سکرتێرێکی پەرلەمان، ئامادەبوو: "بەڕێز .... هەڵپەسێردراوە لە خزمەتگوزاریەکانی پەرلەمان"، و دەسبەجێ سەرۆک پرسیاری ئەم پێشنیازە دەکات، و مۆڵەت بە هیچ هەمووارکردن و دواخستن و گفتوگۆیەک نادات. ئەگەر تاوانەکە لە لیژنەیەکی پەرلەمانیدا رویدابێت؛ ئەوا سەرۆکی لیژنەکە دەستبەجێ کاری ئەو لیژنەیە هەڵپەسێرێت و پەرلەمان لە بارودۆخەکان ئاگادار دەکاتەوە. و دەبێت سەرۆکی پەرلەمان لەسەر ئەو پێشنیازەی سەرەوە ڕاستەوخۆ بیخاتە ڕوو، ئەو پرسیارە بکات، و مۆڵەت

به هیچ هەموارکردن و دواخستن و گفتوگۆیەک نەدات هەروەکو ئەوەی تاوانەکە لە هۆڵی سەرەکیدا ئەنجام درابێت.

٢- ناکرێت لە یەک کاتدا زیاتر لە یەک ئەندام بەناو بکرێت، مەگەر دوو ئەندام یان زیاتر پێکەوە ئامادەبن و بە هاوبەشی دەسەڵاتی سەرۆک پشتگوێ بخەن.

٣- ئەگەر ئەنـدامەکە بە پێـی حوکمـەکانی ئەم پەیـڕەوە ڕاگیـرا/ هەڵپەسـێردرا، ئەوا سـەرۆک کشـانەوەی ئەنـدامەکە ئاراسـتە دەکـات. هەڵپەسـاردنی دەبێـت بەردەوام بێـت بـۆ ئەو مـاوەیەی لەلایەن پەرلەمانەوە دیاری دەکرێت.

٤- ئەگەر ئەنـدامێک یـان دوو ئەنـدام یـان زیـاتر پـێکەوە ئەو کـارە بکەن، و لەخزمەتکردنی پەرلەمـان لەژێر سایەی ئەم پەیڕەوەدا لادراون، و پابەنـدبونیان بـۆ بڕیـاری سـەرۆک پەرلەمـان ڕەتبکەنەوە، ئەوا سـەرۆک فەرمـان دەدات بەبەرپرسـی ئاسـایش بـۆ گـوێڕایەڵی و جێبەجێکردنـی فەرمـانەکە. و دەبێـت سـەرۆک سـەرنجی پەرلەمـان ڕابکێشـێت بۆ ئەو ڕاسـتیەی کە ناچاربوون لەبەکارهێنانی هێز کارێکی پێویست بووە لەپێناو ملکەچبوون بۆ گـوێڕایەڵی بڕیارەکـانی خـۆی. کاتێـک ئەنـدامێک، یـان ئەو ئەندامانەی ناویـانبراوە بە ڕەتکردنەوەی فەرمانەکانی سـەرۆک، وە یـان لابـراون لە پەرلەمـان، دەبێت بەبێ هـیچ پرسـیارێکی تـر دووربخرێنەوە لە خزمەتی پەرلەمان تا کۆتایی دانیشتنەکە.

٥- هـیچ شـتێک ڕێگـر نییە لە پەیڕەوی نـاوخۆدا بـۆ بێبەشـکردنی پەرلەمـان لە دەسـەڵاتی هەڵوێسـت گـرتنەبەر بەرامـبەر هەر ئەندامێک، بەپێی هەر بڕیارێکی پەرلەمان.

ئەگەر ئەنــدامەکان ڕاگیــرابن لەســەر بنەمــای مــاددەی ٦٠ی پەیڕەو، ئەوا ئەو ئەندامانەی فەرمانی کشانەوەیان بۆ دەرچوێنراوە، بەپێــی فەرمــانی هەمیشــەیی ژمــارە ٥٨ (ڕەفتــاری نەشــیاو)، یــان هەڵپەسـێردراون بە فەرمـانی هەمیشـەیی ژمـارە ٥٩ (هەڵپەسـاردنی ئەنـدام)، دەبێـت دەسـتبەجێ لە پەرلەمـان بکشـێنەوە و تـا کۆتـایی دانیشتنەکە دووربخرێنەوە، یان بۆ ماوەی هەڵپەساردنەکە، بەپێی پێویستیەکانی حاڵەت.

### ١٠. ئەنجومەنی نیشتمانی پاکستان

لە یاساکانی ئەنجومەنی نیشتمانی پاکستاندا، ماددەی ١٩ باس لە ڕۆڵـی سـەرۆک دەکـات لە پاراسـتنی پەیـڕەو و جێبەجێکردنـی بڕیارەکانی وەکو لای خوارەوە:

١- ســەرۆک پارێزگــاری لــە پەیــڕەو دەکــات، هەمــوو ئەو دەسەڵاتە پێویستانەی هەیە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان.

٢- بەمەبەســتی جێبەجێکردنــی فەرمانەکــانی ســەرۆک، بەرپرسێکی ئاسایش هەیە.

بەپێـی مـاددەی ٢٠، دەکـرێ سـەرۆک هەر ئەنـدامێک ئاڕاسـتە بکات، کە بەڕای ئەو، هەڵسوکەوتی بە شێوەیەکی ئاشکرا نەشیاوە، بـۆ ئەوەی دەسـتبەجێ لە ئەنجـومەن بکشـێتەوە. و هەر ئەنـدامێک داوای کشــانەوەی لێکـراوە، دەبێـت دەسـتبەجێ ئەو کـارە بکـات و ئامادەنەبێت بۆ تا کۆتایی ڕۆژی دانیشتنەکە.

هەروەها سەرۆک دەتوانێت ئەندامێک هەڵبپەسێرێ لەسەر بنەمای ماددەی ٢١ی پەیڕەوە، تێیدا هاتووە:

١- سەرۆک دەتوانێت، ئەگەر بە پێویستی بزانێت، بەناوکردنی ئەندامێک بکات کە دەسەڵاتی سەرۆکی پشتگوێ خستوە، یان بە بەردەوامی و بە ئەنقەست ڕێساکانی پێشێلکردوە و ڕێگری لە کارەکانی ئەنجومەن دەکات.

٢- ئەگەر ئەندامێک بەو شێوەیە لەلایەن سەرۆکەوە ناوبراو بکرێت، ئەوا دەبێت دەستبەجێ پرسیاری ڕاگرتنی ئەندامی (بەناوکراو) بخاتەڕوو، بۆ ماوەیەک تا کۆتایی دانیشتنەکە تێپەڕنەکات: بەمەرجێک کە ئەنجومەنەکە لە هەر کاتێکدا بێت، لەسەر داواکاریەکی پێشکەشکراو، بڕیار بدات بە کۆتایی هێنانی هەڵپەساردنەکەی.

٣- ئەندامە ڕاگیراوەکە لە ژێر سایەی ئەم ڕێسایەدا یەکسەر لە هۆڵی ئەنجومەن دەکشێتەوە.

نابێت بڕیاری پێشکەشکراوی سەرۆکی ئەنجومەن ، و حوکمەکانی کە دادەنرێت بە کۆتا بڕیار، والابێت بۆ گفتوگۆ، لەسەر هەر مەسەلەیەک، لەسەر ئەنجومەن یان لە نووسینگەکەیدا، لەسەر هەر دۆسیەک و بە پێی دۆخەکە، کە پێویستە کۆتایی بێت، مەگەر لەسەر پێشنیازی بۆ هەڵوەشانەوەی ئەمە بکرێت.[1] سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی تری سەرۆک، ڕێکخستنی هەموو ئەو مەسەلانەی دەقیان لەسەر نییە لەم ڕێسایەدا ڕێکدەخرێن، و هەموو ئەو پرسیارانەی پەیوەستن بە ووردەکاریەکانی ئەم ڕێسایانە، بەو

(١) المادة ٢٨ من النظام الداخلي للجمعية الوطنية الباكستانية

شـێوازە دەکـرێن کە سـەرۆکی ئەنجـومەن جاروبـار ئاڕاسـتەیان دەکات[1].

سەبارەت بەهەڵسوکەوتی ئەندامان لەکاتی ئامادەبوونیان لە ئەنجـومەن، و لەکـاتی دانیشـتنەکانی ئەنجومەنـدا، دەبێـت پابەنـدی ئەمانە بن بەپێی ماددەی ٣٠ی پەیڕەو:

ا- نابێت هیچکام لە کتێب و ڕۆژنامە و وتار بخوێنرێتەوە جگە لەوانەی پەیوەندیان هەیە بە کاری ئەنجومەنەوە؛

ب- جـوڵەکردن نییە لەکـاتی ئاخـاوتن/ ووتەکـانی سـەرۆک و هەر ئەندامێکی تر؛

ج- هیچ ئەندامێک ناتوانێت ئاخاوتنی ئەندامێکی تـر بپچڕێت بە زاراوەی نەشـیاو، یـان دەنگەدەنـگ، یـاخود هەر شـێوازێکی تری کێشە؛

د- هەمیشە ئەندام ووتەکانی ئاڕاستەی سەرۆک دەکات؛

ه- هەمیشە ئەندام لەسەر کورسی ئاسایی خۆی دەمێنێتەوە لە کاتی ئاخاوتنی بۆ ئەنجومەن؛

ر- هەمیشـە ئەنـدام بێـدەنگ دەبێـت لەو کـاتەی کە ئاخـاوتنی نییە؛

ز- نابێـت ئەنـدام ڕێگـری ڕێکارەکـان بێـت و دەبێـت خـۆی بەدوور بگرێـت لە دوبـارەکردنەوەی لێـدوانەکان، لە کـاتی ئاخاوتن و پێشکەشکردنی وتارەکانیدا؛

س- دروشمەکان ناڵێتەوە، لافیتە پیشـان نـادات، دۆکیومێنت و ڕاپۆرت و بابەتەکانی تر نادڕێنێت؛

---

(١) المادة ٢٩ من النظام الداخلي للجمعية الوطنية الباكستانية.

ش- نابێت تێهەڵکێشی هیچ ڕەفتارێکی نەشیاو بێت؛
ص- نابێت بە شێوازێکی هەڕەشە ئامێز نزیک بێتەوە لە سەکۆی سەرۆک نوێنەران؛
ض- نابێت کاربکات بۆ لاوازکردنی پیرۆزییەکانی ئەنجومەن، یان ڕەفتارکردن بە شێوەیەک کە شکۆی ئەنجومەن کەم بکاتەوە؛
ط- نابێت بە هیچ شێوەیەک ڕەفتارێک بکات کە زیان بە پەیڕەو و بێگەردیی ئەنجومەن بگەیەنێت؛
ظ- نابێت چەپڵەلێبدات کاتێک کاتێک کەسێکی نامۆ دێتە ناو هۆڵی پێشکەشکردن، مەگەر شاندێکی بیانی یان کەسایەتیەکی بیانی بانگهێشت بکرێت بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنەکەدا؛
غ- نابێت کورسی تر بگرێ، یان لەگەڵ هیچ سەردانکەرێک گفتوگۆ بکات، لە کاتێکدا لەناو هۆڵدایە؛
ف- نابێت مۆبایل بەکاربهێنێت؛
ق- نابێت بنێشت بجوێت، خواردن بخوات، خورادنەوە بخواتەوە یان جگەرە بکێشێت؛
ک- نابێت هیچ گۆچانێک بهێنێتە ژوورەوە، مەگەر لەلایەن سەرۆکەوە ڕێگەی پێ بدرێت.

هەروەها بەپێی ماددەی ٣١ی پەیڕەو، دەبێت ئەندام پەیڕەوی ئەم ڕەفتارانە بکات لەکاتی قسەکردندا:
١- بابەتی هەر وتارێک دەبێت پەیوەندی بەهێزی بە بابەتی بەردەستی ئەنجومەنەوە هەبێت.

٢- هیچ ئەندامێک ناتوانێت ووتە بخوێنێتەوە تەنیا بە مۆڵەتی سەرۆک نەبێت، بەڵام لەوانەیە ئاماژە بە گەڕانەوە بدات بۆ تێبینیەکانی خۆی.

٣- نابێت هیچ ئەندامێک ئەمانە بکات لەکاتی ئاخاوتندا:

أ- گفتوگۆکردنی هەر بابەتێک لەژێر پرسیارکردندایە؛

ب- بیرکردنەوە لە خودی کەسی سەرۆک: بەمەرجێک هیچ شتێک لەم بڕگەیەدا ڕێگر نەبێت لەهەر ئاماژەیەک بۆ سەرۆک پەرلەمان، بەڵام سەبارەت بە هەر کارێک کە بەشێوەی فەرمی کردوویەتی، بە لەبەرچاوگرتنی حوکمەکانی دەستوور؛

ج- باسکردن لە بەڕێوەچوونی هەر دادوەرێکی دادگای باڵا لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا؛

د- تاوانبارکردنی کەسی بەرامبەر ئەندامێک، وەزیرێک یان بەرپەرسی پۆستێکی گشتی، جگە لەوەی کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە لە بەردەم ئەنجومەندا؛

ه- بەکارهێنانی مافی ئاخاوتنی خۆی، بۆ ڕێگریکردن لە کاری ئەنجومەنەکە بە ئەنقەست و بەردەوام؛

ر- بەکارهێنانی زمانی هێرشبەر سەبارەت بە بەڕێوەچوونی کارەکان لە کۆبوونەوەی هاوبەشدا، یان ئەنجومەنی نیشتمانی، ئەنجومەنی پیران، ئەنجومەنی هەرێم، لیژنە یان لیژنەی لاوەکیەکان؛

ز- بیرکردنەوەی ناپێویست لە ڕەفتاری هەرکەسێک کە ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات لەبەردەم ئەنجومەندا؛

س- بیرکــردنەوەی لە هەر بڕیــارێکی ئەنجــومەن، جــگە لەو پێشنیازانەی تایبەتن بە هەڵوەشاندنەوە؛

ش- بەکارهێنــانی نــاوی ســەرۆک بە مەبەســتی کــاریگەری لەسەر گفتوگۆ؛ یان

ص- بەکارهێنانی وشـەکانی خیانەت، هاندان، ناوزڕاندن، یان بەکارهێنانی دەربڕینێکی هێرشبەرانە یان ناپەرلەمانی.

## II. ئەنجومەنی نیشتمانی لەفەرەنسا

بەڵام سـەبارەت بە پەیـڕەوی نـاوخۆی ئەنجـومەنی نیشـتمانی لەفەرەنسا،[1] بەشی ١٤ لە ژێر ناونیشـانی دیسـپلین و پارێزبەندیدا تەرخــان کــراوە و هــیچ ســزایەکی تــایبەت بەپێشــێلکاریی (خــاڵی پــەیڕەوی) نیــیە، بەڵکــو بەگشــتی پەیوەنـدی بەڕەوشــتی ووتــار و پێشێلکردنی پەیڕەوەوە هەیە.

لە ماددەی ٧٠ی ئەو پەیڕەوە جەخت دەکاتەوە لەسەر:

١- ڕێکارە دیسپلینیەکان کارپێکراون بۆ ئەندامانی ئەنجومەن ئەمانەن:

داواکردن بۆ پابوندبوون بە سیستەم؛

تۆمارکردنی ووتەکان لە کۆنووسدا.

سەرزەنشتکردن.

سەرزەنشتکردن لەگەڵ هەڵپەساردنی کاتی.

لە ماددەی ٧١ی پەیڕەودا هاتووە:

(1) Rules Of Procedure Of The National Assembly, 2010.

١- تەنیا سەرۆک توانای ڕاگەیاندنی پەیڕەوی هەیە.
٢- هـیچ خۆپیشـاندانێک، یـان پچڕانـدنێک، کە ڕێـڕەوی سیسـتیم تێکبدات ڕێگەپێدراو نیە. هەر قسەکارێک کە ڕەفتارێکی نەشیاوی هەبێت، دەبێت بانگ بکرێت.
٣- هەر ئەنـدامێک داوایلێبکرێـت کە پابەنـدبێت بە پەیـڕەو، بەهـۆی وەرنەگرتنی مۆڵەتی ئاخـاوتن، تـا کۆتـایی کۆبـوونەوەکە مـۆڵەتی ڕوونکردنەوەی ڕەفتارەکەی پێنادرێت، مەگەر سـەرۆک بڕیـار بە پێچەوانەوە بدات.
٤- ئەگەر ئەندامێک کە پێشـتر یەک ئاگـاداری پێدرابێت، و جـارێکی تر ئاگاداربکرێتەوە، و داواکاریەکەی لە کۆنووسـی دانیشـتنەکەدا تۆماردەکرێت.
٥- هەر ئەنـدامێک کە بە شـەخسـی داوای لێپرسـینەوەی لێبـدەکرێت، یـانگێچەڵکردن، سـوکایەتیکردن، سـوکایەتی، یـان خرۆشـان یـان هەڕەشـــەکردن لە یەکێـک یـــان زیـــاتر لە هاوکارەکـــانی، داوای پابەنـدبوونی پەیـڕەوی لێـدەکرێت و نـاڕەزاییەکە لە کۆنووسـی دانیشتنەکەدا تۆماردەکرێت.
٦- تۆمـارکردنی هەر نـاڕەزاییەک لە کۆنووسـی دانیشـتنەکاندا، بە شـێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی دەبێـتە هـۆی لە دەسـتدانی شایسـتەی دارایـی، بـۆ مـاوەی یەک مانـگ، بـۆ چـارەکی ئەو بـڕە پـارەیەی پەرلەمان پێشکەشی نوێنەرەکەی دەکات.

دەبێت ئەندام سەرزەنشت بکرێت لەسەر بنەمای ماددەی ٧٢، بۆ:
پشتگوێخستنی دەسەڵاتی سەرۆک، دوای ئەوەی داواکارییەکە لە کۆنووسی دانیشتندا تۆمار دەکرێت؛
پشێویەکی ئەنجامداوە لە ئەنجومەندا.
بە پێی ماددەی ٧٣، ڕێکارەکان توندەدەکرێن لەسەر ئەندام، لەڕووی سەرزەنشتکردنەوە یان ڕاگرتنی کاتی، بەم شێوەیە:
سەرزەنشتکردنی ئاسایی فەرامۆش بکات، یان دوو جار سەرزەنشت بکرێت؛
پەنابەرێت بۆ توندوتیژی دژی ئەنجومەن، یان سەرۆکەکەی؛
سوکایەتی، خرۆشان، هەڕەشە بکات لە سەرۆک پەرلەمان، سەرۆک وەزیران، ئەندامانی حکومەت یان ئەو ئەنجومەنانەی لە دەستووردا هاتوون.
نابێت ئەو ئەندامەی سەرزەنشتکراوە یان بەشێوەیەکی کاتی ڕاگیراوە، بەشداری لە کاری ئەنجومەندا بکات، یاخود لە هۆڵی دانیشتندا ئامادەبێت، بەر لە ڕۆژی پازدەهەمی دانیشتنی پاش ئەو دانیشتنەی کە ڕێکارەکەی تێدا دەرچوێنراوە.
ئەگەر ئەندامەکە پابەندبوونی خۆی بۆ فەرمانی سەرۆک لە کشانەوە ڕەتکردەوە، ئەوا کۆبوونەوەکە هەڵدەسپێردرێ.
لەو حاڵەتەی کە ئەندامەکە سەرزەنشتکراوە، یان بە شێوەیەکی کاتی ڕاگیراوە، بۆ جاری دووەم، ڕاگرتنەکە بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە دانیشتنەکاندا دەبێت.

لەمـــاددەی ٧٦ی پەیـــڕەوی نـــاوخۆی ئەنجـــومەنی نیشـــتمانی فەرەنسادا هاتووە:

١- ئەو ئەنـدامەی سـەرزەنشـتێکی ئاسـایی بەسـەردا سـەپێنراوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نیوەی شایستە داراییەکەی لە بڕە پارەی پەرلەمان بۆ ماوەی مانگێک لە دەست دەدات.

٢- ئەوانەی کە سـەرزەنشـــت کـــراون و بە کـــاتی ڕاگیـــراون، بە شـــێوەیەکی ئۆتۆمـــاتیکی نیـــوەی شایســـتە داراییەکانیـــان لە بڕەپارەی پەرلەمان بۆ ماوەی دوو مانگ لە دەست دەدەن.

**لە مـــاددەی ٧٧دا هـــاتووە:** ئەگەر ئەنـــدامێک ڕێگـــر بێـــت لە ڕێـڕەوی ئـازادی گفتوگۆ یـان دەنگدان، لە نـاو ئەنجومەن، و پـاش هێرشـــکردنە ســـەر یەکێـــک یـــان زیـــاتر لە هاوکارەکـــانی، و ڕەتکـــردنەوەی فەرمـــانی ســـەرۆک؛ ئەوا ســـەرۆک کۆبـــوونەوەکە دوادەخـــات، و نووســـینگەی ئەنجـــومەن بانگهێشـــتدەکات بـــۆ کۆبـوونەوە، و دەکـرێ لەوکـاتەدا نوسـینگە پێشـنیازی ئەنجـومەن (ئەنجـومەنی نیشـتیمانی فەرەنسـا) بکـات بـۆ سەرزەنشـتکردن، و ئەنـدامی پەیوەندیـدار ڕادەگیـرێ بەشـێوەیەکی کـاتی، و بە پێـی مـاددەی ٧٦ی پەیـڕەو، نیـوەی شایسـتە داراییەکـانی لە بڕەپـارەی پەرلەمـــان بـــۆ مـــاوەی شـــەش مانـــگ بوەســـتێنرێت. بەڵام ئەگەر سـنووربەزاندنێکی گەورەی ئەنجامـدابێ لەکـاتی دانیشـتنەکاندا، ئەوا سەرۆک دەستبەجێ مەسەلەکە بۆ داواکاری گشتی دەگەڕێنێتەوە.

لێـرەدا - وەک ئامـــاژەیەکی مێژوویـــی، ئامـــاژە بە پەیـــڕەوی ناوخۆی ساڵی ١٩٢٥ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەین، تێیدا

هـاتووه، ئەو ڕێوشـوێنانەی بەرامـبەر بە پەرلەمانتـار دەكـرێ سـێ ڕێسایە[١]:

هۆشداریدان/ ئاگاداركردنەوە.

سەرزەنشتكردن/ لۆمەكردن.

دەركردنی كاتی.

لەگـەڵ ئەوەشــدا دەبێـت هەمـوو بڕیـارو جێبەجێكردنـی ئەو ڕێوشوێنانە لە مەحزەرەكانی دانیشتندا تۆمار بكرێن.

پەیڕەو ئەم سزایانەی پێناسـەكردووە، و بەم شـێوەیە ئامـاژەی پێ دەدات، بە پێی خودی پەیڕەوەكە:

ئاگـاداركردنەوە: سـەرنجپێدانی سـەرۆك بـۆ ئەو نـوێنەرەی سەرپێچی دەكات لە حوكمەكانی ئەم پەیڕەوە و ڕێگری دەكات لەو كـارە. ئەمە بەتەنیـا لەلایەن سـەرۆكەوە ئەنجـام دەدرێـت، و ڕەنـگە سـەرۆك لەكـاتی دەنگدانـدا نـوێنەران ئاگاداربكـاتەوە كە دانیشـتنەكە بەجێنەهــێڵن، كاتێــك دەزانێــت دانیشــتنەكە ڕێــژەی یاســایی بە دەرچوونیان تەواو نابێت[٢].

سەرزەنشـتكردن/ لـۆمەكردن: بـریتیە لە ناشـیرینكردنی كـاری نوێنەرێــك بەشــێوازێكی ئاشــكرا، كاتێــك ســووردەبێت لەســەر پێشێلكاریەكی پەیڕەو، و دووبارەكردنەوەی. دەبێت وا باوەڕبكرێت كە ئەو ئاگاداریكردنەوەیەی لەڕابردوودا كـراوە كـاریگەری نەبـووە، كـارەكەی بەنیـازی یـاخیبوون و ملكەچـی نەكردنـی حوكمـەكانی ئەم پەیـڕەوەیە. لە كـاتی ڕودانـی ئەم جـۆرە حاڵەتـانە، سـەرۆك، یـان

(١) المادة ١١٧ من النظام الداخلي لمجلس النواب العراقي سنة ١٩٢٥.
(٢) المادة ١١٨ من النظام الداخلي لمجلس النواب العراقي سنة ١٩٢٥.

یەکێـک لەنــوێنەران پێشــنیاز دەکــات کە ئەنجــومەنی نــوێنەران دەستبەجێ و بەبێ گفتوگۆ بڕیار بدات. و لە ڕاپۆرتەکەدا سـەرۆکی پەرلەمان سەرزەنشتی نوێنەرەکە ڕادەگەیەنێت بۆ ئەو کردەوانەی کە بە ئاشکرا ئەنجامیداوە، و لەدانیشتنەکە دەریدەکات و ڕێگری لێ دەکات لەبەشداریکردنی دانیشتنەکانی ئەو ڕۆژەی ئەنجومەن[1].

دەرکردن: بریتیە لە بێبەشکردنی نوێنەر- بە شێوەیەکی کاتی لە بەشــداریکردنی دانیشــتنەکانی ئەنجــومەن و ئەم ســزایە لەم حاڵەتانەدا جێبەجێ دەکرێت[2]:

سووکایەتیکردن بە نوێنەر و هاوکارەکانی، بە زارەکی یان بە کرداری.

هاندانی ئامادەبوان، یان هاوکارەکانی، لە کاتی خوێندنەوەکاندا، بۆ یاخی بوون و هەڵگەڕانەوە.

ســوکایەتیکردن بە نــوێنەر/ نوێنەرەکــان، یــان ســەرۆکی ئەنجومەن، یان وەزیرەکان، وە یاخود نوێنەرەکانیان.

سوکایەتیکردن بە پاشایەتی یان بنەماڵەی پاشایەتی، سەرۆکی حکومەتە بیانیەکان کە نوێنەرانیان (هەروەها) دۆستن، یان هەیبەتی خاوەن شکۆکان. لەحاڵەتی ڕودانی ئەم جۆرە کارانە، سەرۆک یان یەکێک لەنوێنەران پێشنیازی دیاریکردنی سزای ناوبراو دەکات. ئەگەر ئەنجــومەنەکە پشــتیوانی بکــات، ئەوا ســەرۆک فەرمــانی جێهێشــتنی دانیشــتنەکە دەدات. ئەم ســزایە وا داوادەکــات کە قەدەغەبکرێت لە بەشداریکردن تا کۆتایی دانیشتنەکە، بەڵام ڕەنگە

---

(١) المادة ١١٩ من النظام الداخلي لمجلس النواب العراقي سنة ١٩٢٥.
(٢) المادة ١٢٠ من النظام الداخلي لمجلس النواب العراقي ١٩٢٥.

ئەنجومەن بڕیار بدات لە هەڵگرتنی ئەم سزایە هەر کاتێک سەرۆک بیەوێت، و پاشان ڕێگە بدرێت بە نوێنەر بەشداری لە دانیشتنەکاندا بکات.

بەڵام سزای دەرکردن بەپێی هەمان پەیڕەو، ڕێگری ناکات لەئامادەبوون و بەشداریکردن لە تێبینیەکانی خەڵک و لیژنەکان کە خۆی ئەندامە تێیدا.

سەبارەت بە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق، تێیدا هاتووە: ئەم ڕێکارانەی خوارەوە بەرامبەر بە ئەندامی ئەنجومەن دەکرێت، بەپێی بارودۆخ و ڕاستییەکانی هەر حاڵەتێک[1]:

یەکەم- بەبیرهێنانەوەی پەیڕەو.

دووەم- هۆشداریدان.

سێیەم-بێبەشکردنی لە بەردەوامی بەشداریکردنی دانیشتن.

چوارەم- بێبەشکردنی کاتی لەبەشداریکردن لەکارەکانی ئەنجومەندا.

دەکرێ سەرۆکی ئەنجومەن بەبیرهێنانەوەی ئەندامەکە بدات بۆ پابەندبوون بە ڕێساکانی دانیشتن، و ئەگەر سەرپێچی لە ڕێساکانی دانیشتندا کرد، یان بەبێ مۆڵەتی سەرۆک[2] قسەبکات. ئەگەر ئەندامەکە بەبیرهێنانەوەی پەیڕەوی پێدرا و گرنگی پێ نەدا؛ ئەوا دەبێت سەرۆک پەرلەمان ڕێکاری پێویست لە دژی بگرێتەبەر. دەبێت ئاگادارکردنەوەی بداتێ، ووتەکانی لێبسەندرێتەوە لە هەمان

(١) المادة ٣٣ النظام الداخلي لمجلس الوطني العراقي لعام ٢٠٠٠.
(٢) المادة ٣٤ النظام الداخلي لمجلس الوطني العراقي لعام ٢٠٠٠.

کۆبـوونەوەدا[1]. ئەگەر ئەنـدامەکە لەدوای ئاگـادارکردنەوەی یەکەم جار، سەرپێچی لەحوکمەکانی پەیڕەو بکات، یان پێشێلکاری بکات لە ڕێسـاکانی دانیشـتنەکانی ئەنجـومەن، یـان زاراوەی نەشـیاو بەکاربێنێت کە کاریگەری لەسەر کەرامەتی ئەندامێک هەبێت، ئەوا دەکرێـت سـەرۆک پەرلەمـان بە کـۆی زیـادەی دەنگـی ئەنـدامانی ئامـادەبوو دەریبکـات لە دانیشـتنەکە. و لەحـاڵەتی بەردەوامبـوونی نـــوێنەر لە ئەنجامـــدانی ئەو تاوانـــانەی کە لەم مـــاددەیەدا دەستنیشـانکراوە، ئەوا لەوانەیە سـەرۆک پەرلەمـان پێشـنیازی ئەوە بکات کە بە شێوەیەکی کاتی بێبەشی بکات لە کارەکانی ئەنجومەن و لیژنەکـان بـۆ مـاوەیەک زیـاتر نەبێـت لە مانگێـک، و دەبێـت ئەنجـومەن بە زۆریـنەی دوو لەسـەر سـێی ئامـادەبووان بڕیـاری لەسەر بدات. دەکرێ ئەندامە پەیوەندیدارەکە ئامادەبێت لە دانیشتنی ئەنجومەنەکە بۆ بڕیاردان لەسەر بابـەتی هـەبوو بۆ گـوێگرتن لە ڕوانگەی ئەو[2].

## ١٢. ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

### پەیڕەوی ناوخۆی ساڵی ٢٠٠٧ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

بەپێـی مـاددەی ٤٣ی ئەم پەیـڕەوە، دەبێـت ئاخاوتنکـار گوزارشت لە بیر و بۆچوونەکانی خۆی بکات، لەگەڵ ڕێزگرتن لە دامودەزگا دەستووریەکانی دەوڵەت و هەیبەتیان، لەگەڵ ڕێزگرتن لە ئەنجـومەنی نـوێنەران و سـەرۆکایەتی و ئەنـدامەکانی. نابێـت

(١) المادة ٣٥ النظام الداخلي لمجلس الوطني العراقي لعام ٢٠٠٠.
(٢) المادة ٣٦ النظام الداخلي للمجلس الوطني العراقي لعام ٢٠٠٠.

کـارێکی وا بکـات ببێـتە مـایەی پێشـێلکاری پەیـڕەو و ویقـاری گفتوگۆکـانی نـاو دانیشـتن. مـاددەی ٤٤ ئامـاژە بەوە دەدات، هـیچ کەسێک جگە لە سەرۆک- ڕێگەپێدراو نییە ئاخاوتنکار بپچڕێنێت و هـیچ تێبینیەکـی بـداتێ، و تەنیـا سـەرۆک مـافی ئاگـادارکردنەوەی ئاخاوتنکـــاری هەیە لە هەر ســـاتێکی ووتەکـــانی، یـــان لە ســەرپێچیکردنی حوکمــەکانی مــاددەی پێشــوو، یــان بــۆ هەر مــاددەیەکی ئەم پەیــڕەوە، و هەروەهــا ڕاگەیانــدنی کە بیــروڕای ئاخاوتنکار بە تەواوی ڕوونە و پێویست بە بەردەوامی ووتەکانی ناکات.

ئەگەر سیستیمی ناو ئەنجومەن تێکچوو و سـەرۆک نەیتوانی بیگەڕێنێتەوە، ئەوا بە پێی مـاددەی ٤٦ی پەیـڕەو بڕیـار دەدات کە دانیشتنەکە دوابخات، یان هەڵیبگرێت.

سـەرۆک یەکێک لەم ڕێکارانەی خـوارەوە دەگرێتەبەر دژ بەو ئەندامەی لێپرسراوێتی شێواندنی دانیشتنەکەی دەکەوێتە سەر[1]:

بەبیرهێنانەوەی ئەندام بۆ سیستەمی دانیشتن.

ئەگەر ئەنـدامەکە زۆر دوور بـڕوات، ئەوا سـەرۆک هۆشـداری دەداتـێ، و ئەم هۆشـداریە دەبێـتە هـۆی سـڕینەوەی ووتەکـانی لە کۆنووسی دانیشتنەکە.

ڕێگەگرتن لە ئاخاوتن تا کۆتایی دانیشتنەکە.

وە ئەگەر ئەندامەکە پابەند نەبێت بە بڕیارەکەی سـەرۆک، ئەوا مافی هەیە ڕێکاری تایبەت وەربگرێت بۆ جێبەجێکردنی بڕیـارەکەی لە پـاش ئاگـادارکردنەوەی ئەندامەکـە. پاشـان سـەرۆک دەتوانێـت

(١) المادة ١٣٩ من النظام الداخلي لمجلس النواب العراقي، ٢٠٠٧.

دانیشتنەکە هەڵپەسێردێت یان دوابخات، لەو حاڵەتەدا ڕێگریەکە بۆ دووهێندی ماوەی دیاریکراو لەلایەن ئەنجومەنەوە درێژدەکرێتەوە، هەروەک لە ماددەی ١٤٠ی ئەو پەیڕەوەدا هاتووە.

ئەندامی بێبەشکراو لە بەشداریکردنی کارەکانی ئەنجومەن دەتوانێت داواکاری وەستاندنی بڕیارەکە بکات بەپێی ماددەی ١٤١ی پەیڕەو، ئەمەش بە نووسراوێکی پەشیمانبوونەوە بۆ سەرۆکی ئەنجومەن و "دانپێدانان کە پەشیمانە لە ڕێزنەگرتنی پەیڕەوی ئەنجومەن"، و ئەم نوسراوە لە دانیشتنەکەدا دەخوێنرێتەوە و بڕیاری ئەنجومەنی بۆ دەردەکرێت بەبێ گفتوگۆ.

ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

سزای سەپاندوە بۆ داواکاری خاڵی پەیڕەوی کە ووتەکەی دەلالەت ناکاتە سەر ئەوە. لەو کاتەدا دەبێت سەرۆک ئاخاوتنەکەی پێببڕێت، و ئەگەر دووبارەیکردەوە، ئەوا دەرفەتێکی تری پێ نادرێت بۆ ئاخاوتن لە "خاڵی پەیڕەو"دا[(١)].

نابێت هیچ ئەندامێک وەڵامی ئەندامانی تر بداتەوە، و ڕەخنەیان لێبگرێت، یان ووتەکانیان دووبارەبکاتەوە. بەتەنیا دەتوانێت پشتگیری لێدوانەکانیان بکات[(٢)]. دەبێت ئەندام ووتەکانی چڕبکاتەوە بۆ بابەتی بەردەست، و نابێت بگەڕێتەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر

---

(١) بڕگەی سێیەمی ماددەی ٥٦ لە یاساکانی پەیڕەوی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ٢٠٢٠.

(٢) بڕگە ٢ ماددەی چوارەمی وتارەکە ٥٤ لە یاساکانی پەیڕەوی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

بابەتێک دەنگی لەسەردراوە یان کۆتایی هاتووە[1]، و دەبێت ئەندام تەنها یەک جار لەسەر بابەتێکی تایبەت قسە بکات[2].

هەروەها ئەندام ئازادە لە ئاخاوتنو دەربڕینی بیروڕای خۆی لە کاری پەرلەمانیدا بە لەبەرچاوگرتنی ڕێز لە دامەزراوە دەستوورییەکانی ناو هەرێم، و لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکاندا.[3]

بەڵام ئەگەر ئەندامێک بەبێ مۆڵەت قسە بکات، یان زاراوەیەکی نەشیاو بەکاربهێنێت، سوکایەتی بکات بە هەر دەزگایەکی دەستووری و یاسایی هەرێم، هەر ئەندامێک، فراکسیۆنێکی پەرلەمانی، یان هەر کەسێکی تر. یان ئەگەر باسی لە تایبەتمەندیی ئەندامێک بکات، یان تایبەتمەندیی هەر کەسێکی تر، یان نهێنیەکانی دۆسیەیەکی پێش دەسەڵاتی دادوەری ئاشکرا بکات، یان ماوەی ئاخاوتنەکەی تەوابووبێت، یاخود لە گفتوگۆی بابەتەکە دەرچوبێت؛ ئەوا سەرۆک دەتوانێت ئاخاوتنەکەی پێببڕێت[4].

کاتێک ئەندامەکە ئەم سنوورانە دەبەزێنێت و مەرجەکان پێشێل دەکات، دەبێت سەرۆک فەرمانی سڕینەوەی هەموو لێدوانەکانی لە پرۆتۆکۆڵدا بدات ئەگەر پێچەوانەی شێوازی گفتوگۆ و مەرجەکانی سەرەوە بێت. و لەکاتی ڕەتکردنەوەدا، دەبێت سەرۆکایەتی بڕیاری خۆی لەم بارەیەوە بدات، بەبێ گفتوگۆ. و

---

(١) بڕگە ٣ لە پەرەگرافی چواری وتارەکە ٥٤ لە یاساکانی پەیڕەوی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
(٢) بڕگە ٤ لە پەرەگرافی چواری وتارەکە ٥٤ لە یاساکانی پەیڕەوی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
(٣) بڕگەی دووەمی ماددەی ٢٤ لە یاساکانی پەیڕەوی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
(٤) ماددەی ٥٤ لە یاساکانی پەیڕەوی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

هەروەهــا دەكرێــت ئەنــدامێك پێشــنیازی ســڕینەوەی ئاخــاوتنی ئەندامێكی تر بكات ئەگەر پێشێلكاری پەیڕەو بێت یان پێچەوانەی شێوازی گفتوگۆ و مەرجەكانی بێت، و لەم حاڵەتەدا سەرۆك بڕیار لەسەر ئەم جۆرە پێشنیازانە دەدات(1).

لە كاتی هەر سەرپێچیەكی ئەندام لە دانیشتنەكانی پەرلەماندا كە كاربكاتە سەر ڕێڕەوی دانیشتنەكە، یان زاراوەی نەشیاو بە مافی پەرلەمان، یان دژ بە دەستەی سەرۆكایەتی، یاخود هەر ئەنـدامێكی تـر بەكاربهێنێـت، دەبێـت سـەرۆك بەبیرهێنـانەوەی حوكمـەكانی پاراسـتنی پەیـڕەوی دانیشـتن بـداتە ئەنـدام، ئەگەر ئەندامەكە پابەند نەبێت، ئەوا سەرۆك هۆشداری دەداتێ، و ئەگەر زمانی نابەجێی بەكارهێنا، ئەوا سەرۆك لەگەڵ ئاگاداركردنەوەكەدا فەرمانی سڕینەوەی ووتەكانی لە پرۆتۆكۆلدا بۆ دەردەكات، و لە حاڵەتی بەردەوامبووندا، سەرۆك دەتوانێ دەریبكات لە دانیشتنەكە. ئەگەر پێویستیش بوو ئەوا سەرۆك دانیشتنەكە هەڵدەگرێ یان دوایدەخات(2).

لێرەدا پێشێلكاریەكانی پەیڕەو چەندین ڕوخساری جیاجیایان هەیە، وەكو: ووتەبڕین، یان ئاخاوتن بێ مۆڵەتی سەرۆك، و ڕەخنەگرتن لە سەرۆك لە بەڕێوەبردنی دانیشتن، هوتافدان بە دەنگی بەرز لە كاتی پرۆسەی دەنگدان، بۆ ناڕەزایی، یان پشتگیری، یاخود ناڕەزایی دەربڕین لە بڕیاری پەرلەمان. بەڵام سەبارەت بە سنووربەزاندنی كەسایەتییەكان، چەندین دەركەوتەی هەیە، وەكو:

(١) ماددەی ٥٥ لە یاساكانی پەیڕەوی پەرلەمانی هەرێمی كوردستان.
(٢) ماددەی ٥٧ لە یاساكانی پەیڕەوی پەرلەمانی هەرێمی كوردستان.

ڕەخنەگـرتن یـان هێرشـکردنە سـەر یەکێـک لە هاوپیشـەکانی لە کۆبوونەوە، یان ڕەخنەگرتن لە بیروبۆچونەکانیان، تەنانەت ئەگەر ناویشـیان نەهێنێـت، یـان دەرخسـتنی کەسـی، بەگشـتیکردن یـان تـایبەتیکردن، لە دەرەوەی دانیشـتنەکاندا (لێـرەدا مەبەسـت لە خستنەڕووی کەسیە، نەک خستنەڕووی کارەکانی، چونکە ئەمە مافی ئەندامە).

دەکرێت لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانـدا مـافی وەڵامـدانەوە بـدرێت بەو کەسـەی کـارەکەی بەرامبەرکـراوە، و ئەولەویەتـی قسـەکردنی پـێ بـدرێت بـۆ وەڵامـدانەوە. بـابەتەکە لەوەوە سـەرچاوەدەگرێت کەدەبـێ ووتەکە لەکـاتی کۆبـوونەوەکەدا ڕویـدابێت، و لەلایەن سـەرۆک و ئەنـدامانەوە ببیسـترابێت. ناکرێت ئەنـدامێک ئیـدیعای سـتەملێکراوی بکـات و داوای ئەولەویەتـی ئاخاوتن بکات بۆ وەڵامدانەوەی ووتەیەکی لاوەکی ئەندامێکی تر، یـان تەنیـا بـۆ گفتوگـۆیەک کە لە دەرەوەی هـۆڵی پەرلەمانـدا ڕویدابێت، یان لە کاتی دانیشتندا ئەنجام نەدرابێت. هەروەها ڕێسا بنچینەییەکـانی پەرلەمـان جێبەجـێ نابێـت ئەگەر نـاوی ئەنـدامێک بەسادەیی بهێنرێت لەنێو ئاخاوتنی ئەندامێکی تردا، و ئەمە هێزی تەواوی ناداتێ بۆ وەڵامدانەوە. دەبێت ووتەکە کاریگەری لەسەر شکۆمەندی کەسەکە هەبێت، ئەمە ئەو لایەنەیە کە پەیڕەوەکان لە ڕێساکانیاندا ڕەچاویان کردوە کاتێک باس لە (زاراوەیەک دەکەن کە کاریگەری هەیە لەسەر شکۆی کەسی).(١)

---

(١) د. محمد سالم المزروعي، مصدر سابق، ص١٠٣. ومن المقرر في فرنسا أن الرئيس هو الحكم فيما إذا كان القول يعتبر ماساً بالشخص أم لا، ويخول لطالب الكلام حق الرد، أو لا يخوله.

له یاسـا بنچینەگەریەکـان: ئەوەیە کە نابێـت ئەنـدامێک قسـە لەسـەر ئەو کـارانە بکـات کە لە لیژنەکانـدا دەگوزەرێـت، یـان لە کۆبـوونەوە نهێنیەکانـدا دەوترێـت، بەدەر لە سـەرۆک. هەروەهـا ناتوانێـت سـەکۆی پەرلەمـان بەکاربهێنێـت بـۆ وەڵامـدانەوەی ئەو لێـدوانانەی لەدەرەوەی پەرلەمانـدا کـراوە، ئەوەی لەدەرەوەی پەرلەمان دەوترێت لە دەرەوەی پەرلەمان وەڵام دەدرێتەوە، مەگەر پەرلەمـان خـۆی ئەو بڕیـارە بـدات، و ئەژمـار بکرێـت بەوەی کە وتراوە دژ بە شکۆی پەرلەمان و ئەندامەکانی کراوە. بەدەر لەمانە، هەر ووشەیەک لە دەرەوەی پەرلەمان گوتراوە هیچ شوێنێکیان لە دانیشـتنەکاندا نیـیە، و هەمیشـە گفتوگۆکـان تـایبەتن بە ئەرک و کاروبارەکانی پەرلەمان و خودی پەرلەمان خۆی[١].

هەروەک لە نەریتـی پەیڕەوەکـانی پەرلەمانیـدا هـاتوە کاتێـک سـەرۆک سـەرنجی ئەنـدامێک ڕادەکێشـرێت، ئەمە هۆکـاری خـۆی هەیە. ئەمە بـۆ هۆشـداریە، یـان ئاگـادارکردنەوەیە، هاوکـات لەگەڵ ڕودانـی سـەرپێچییەکەیە، یان لانیکەم بەر لە کردنەوەی گفتوگۆی نـوێیە، یـان بەر لە دەسـپێکی ووتەی ئەنـدامێکی نـوێیە. ئەگەر گفتوگۆیەکی نوێ هەبێت، یان ئەندامێکی نوێ دەرفەتی پێدرا بۆ ئاخاوتن، ئیدی سەرۆک ناتوانێت سەرنجی ئەندامەکە ڕابکێشێت، بەڵام لەو حاڵەتـانەدا تەنیـا ووتەکـانی لە کۆنووسـی دانیشـتنەکەدا دەسڕدرێتەوە. وەک ئەوە وایە کە سـەرۆک دەیەوێت خۆبەخشـانە

(١) سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٥.

واز لە مافی خۆی بهێنێت و بێتە سەر سەرنج ڕاکێشانێک و تەنیا فەرمانی ووتە سرپینەوەکەی بە سزا داناوە[1].

دەکرێت بڕیاربدرێت بە بێبەشکردنی ئەندام ئەگەر پابەند نەبێت بە سزاکانی پێشوو، و بێبەشکردنەکە درێژبکرێتەوە بۆ کاری لیژنەکانیش. ڕێگری لە ئەندام بکرێت لە ئامادەبوونی کۆبوونەوەکانی لیژنەکەی، ڕەنگە سەرۆک هەندێک ڕێکاری تریش بگرێتەبەر بۆ دڵنیابوون لەجێبەجێکردنی بڕیارەکەی و داواکاری ئەفسەرانی پۆلیس بکات بۆ هێشتنەوەی فەرمان لەناو پەرلەماندا، ئەگەرنا بڕیارەکەی ئەنجومەنەکە بێبایەخە ئەگەر بەشێوەیەکی کرداری لەلایەن سەرۆکەوە جێبەجێ نەکرێت.

سزای قەدەغەکردنی بەشداریکردن لەکاروباری پەرلەمان و لیژنەکانی، ڕێگریە لە ئامادەبوونی ئەندام لە پەرلەماندا، جا لە (هەولێر) بێت یان لە نوسینگەکانی لە شوێنێکی تر، یان لە هەر نوسینگەیەکی تری پەرلەمان بێت. ئەگەر ئەندامی پەیوەندیدار بێتە هۆڵی لیژنە یان ئەنجومەن لەکاتی دانیشتندا، ئەوا سەرۆکی لیژنە یان سەرۆکی پەرلەمان دانیشتنەکە هەڵپەسێردرێت و هۆکاری هەڵپەساردنەکە لە ئامادەبوونی ئەندامەکە لە کۆنووسی دانیشتنەکەدا تۆماردەکات، و دواتر دەبێت سەرۆک پەرلەمان ئەو ڕێکارە پێویستە بگرێتە بەر بۆ لابردنی ئەندامەکە لە هۆڵی

---

(١) د. محمد سالم المزروعي ، سەرچاوەی پێشوو، پ١٥٨. "وكان في فرنسا نظام يقضي بأن العضو إذا ما حاول حضور جلسة البرلمان، أو اجتماع لجنة، في أثناء مدة حرمانه من أعمال البرلمان، فإنه يتم حبسه داخل البرلمان، في غرفة خاصة، لمدة أقصاها ثلاثة أيام. ولا يطلق سراحه إلا إذا قدم العضو تعهداً كتابياً لرئيس البرلمان باحترامه لقرار البرلمان، وعدم العودة إلى مخالفته". هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کۆبوونەوە. سووربوونی سەرۆک پەرلەمان لەسەر پیادەکردنی ئەو ڕێکارانە ئەرکە و پێویستە، چونکە بڕیاری پەرلەمان جێبەجێ دەکات کە هیچ کەسێک ناتوانێت پەکیبخات، یان لێخۆشبوون دەربڕێت، جگە لە خودی پەرلەمان خۆی، کە مافی ڕاگرتنی بڕیارەکەی هەیە، و ئەگەر ئەندامەکە لە کۆبوونەوەی داهاتوودا داواکاری لێبوردنی کرد بە نوسین؛ ئەوا پەرلەمان دەتوانێت ئەم داواکاری لێبوردنە قبوڵ بکات یان ڕەتی بکاتەوە[١].

ئێمە لەگەڵ زەرورەتی پەرەپێدانی میکانیزمی سزایی و ئاکاریی کاریگەردراین بۆ ڕێگەگرتن لە پێشێلکردنی سیستمی کاری پەرلەمانی، لەپێناو دابینکردنی ئاسایش بۆ لێپرسینەوەی دەستبەجێ لە ژیانی سیاسی و پەرلەمانیدا.

جیاوازی هەیە لە هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی سەرۆک پەرلەمان بۆ پیادەکردنی ڕێکارەکان، و سەپاندنی سزاکان، و ئەم ڕاستییە پێچەوانەیە – بە پلەی جیاواز- لەگەڵ ئەوەی لە زۆرێکی تێکستە عەرەبی و ڕۆژئاواییەکاندا هاتووە، کە تێیدا سەرۆک ڕۆڵی سەرەکی لە واژۆکردنی سزاکاندا پێبەخشراوە، لەوانە:

## ١٣. پەرلەمانی ئەوروپا

ئەوەی لە یاساکانی پەیڕەو ناوخۆی پەرلەمانی ئەوروپادا هاتووە وەک[٢]:

٣-- ماوەی گفتوگۆکە نابێت لە یەک خولەک تێپەڕێت.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ص٥٩.

(2) European Parliament, Rules Of Procedure, 9th parliamentary term, December 2019 Chapter 6, Rule 195.

٤- دەستبەجێ سەرۆک بڕیاری خاڵەکانی پەیڕەو دەدات بەپێی ڕێساکانی پەیڕەوە ناوخۆکان، و دەسبەجێ خاڵی پەیڕەوی ڕادەگەیەنێت. و نابێت بڕیاری سەرۆک بخرێتە دەنگدانەوە.

٥- بەشێوەیەکی نائاسایی، سەرۆک دەتوانێت ڕایبگەیەنێ کە دواتر بڕیارەکە ڕادەگەیەنێت، بەڵام ناتوانێت سەرۆک پەرلەمان بەر لە ٢٤ کاتژمێر دوای داواکردنی خاڵی پەیڕەوی ئەو بڕیارە بدات. دواخستنی حوکمەکە نابێتە هۆی دواخستنی گفتوگۆکە. سەرۆک دەتوانێت مەسەلەکە بەلیژنەی بەرپرس بسپێرێت.

دەبێت داواکاری بۆ داواکردنی خاڵی پەیڕەوی پەیوەست بێت بە بڕگەکانی کارنامەی گفتوگۆ. سەرۆک دەتوانێت لە کاتێکی گونجاودا خاڵێکی پەیڕەوی لەسەر کێشەیەکی جیاواز وەربگرێت، بۆ نمونە، دوای داخستنی گفتوگۆی بابەتێکی کارنامەی ناوبراو، یان پێش هەڵپەساردنی دانیشتنێک.

ڕێساکانی ڕێکخستنی کاری ئەنجومەنی نیشتیمانی فەلەستین بۆ ساڵی ٢٠٠١، لە بەشی سێیەم - پەیڕەوی ئاخاوتن لە کۆبوونەوەکەدا، ئاماژە دەدات:

هیچ کەسێک ناتوانێت قسە بکات لە دانیشتنەکاندا تا داواکاری مۆڵەتی ئاخاوتنەکەی لەلایەن سەرۆکەوە پێدەدرێت. و سەرۆک ناتوانێت مۆڵەتی ئاخاوتن ڕەتبکاتەوە بەبێ ئەو هۆکارانەی لەم ڕێسایەدا هاتوون، و لەکاتی ناکۆکیدا ڕای ئەنجومەن وەردەگیرێ و بە بێ گفتوگۆ بڕیاری لەسەر دەدرێ بەپێی ماددەی ٢٧ی پەیڕەو. بەپێی ماددەی ٢٨ی ئەو پەیڕەوە، سکرتێر (امین السر) داواکاری ئاخاوتنەکان بەپێی ڕیزبەندی پێشکەشکردنیان وەردەگرێت، و هیچ

داواکاریەک وەرناگرێت لەسەر بابەتێک کە نێردراوەتە لیژنە تەنیا دوای پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکەی نەبێت.

بەپێی ماددەی ٢٩ و ٣٠، نابێت ئەندامێک زیاتر لە دووجار لەسەر هەمان بابەت قسەبکات: یەکێکیان لە گفتوگۆ گشتییەکان، و ئەوی تریان لەو پێشنیاز و پڕۆژە بڕیارانەی لەسەر هەمان بابەت پێشکەشکراون و سەرۆک پەرلەمان دوا وادەیەک ڕادەگەیەنێت بۆ پێشکەشکردنی داواکارییەکانی ئاخاوتن بۆ هەریەک لە گفتوگۆ گشتیەکان و پرۆژەیاساکان.

(ماددەی ٣١): ئاخاوتن هەمیشە ڕێپێدراوە لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

داواکاری دواخستن.

ڕەچاوکردنی حوکمەکانی پەیڕەوی بنەڕەتی، و ڕێسا ناوخۆییەکان.

ڕاستکردنەوەی ڕووداوێکی باسکراو.

وەڵامدانەوەی لێدوانێکی کاریگەر لەسەر کەسی داواکاری ئاخاوتن.

پاڵپێوەنان بۆ گفتوگۆنەکردن.

ڕەچاوکردنی بابەتێک کە خراوەتە روو تا بڕیاردان لەسەر بابەتێکی تر.

هەموو ئەم داواکاریانە لەپێشینەن لەسەر بابەتە بنچینەییەکە، و دەبێت گفتوگۆ ڕاوەستێنرێت تا بڕیاری ئەنجومەن وەردەگیرێت لەبارەیانەوە، و لەو جۆرە حاڵەتانەشدا مۆڵەت بە ئاخاوتنی کەسێکی تر نادرێت تا ئاخاوتنکار لە ئاخاوتنەکەی تەواو دەبێت،

بەدەر لە ڕەچـاوکردنی ڕێسـا بنەڕەتیەکـان و ڕێسـاکانی پەیـڕەوی ناوخۆ، یاخود ڕاستکردنەوەی ڕوداوێکی باسکراو. نابێت قسـەکار زمانێک بەکاربهێنێت کە نەشیاو بێت، یان کاریگەری خراپی هەبێت لەسەر کەسەکان، دەستەکان یاخود لەسەر بەرژەوەندیە گشتیەکان، و نابێـت پێشـێلکاری بکـاتە سـەر پەیـڕەو وەک لە مـاددەی ٣٢ی پەیـڕەودا هـاتوە. هـەروەها لەسـەر بنەمـای مـاددەی ٣٣، سـەرۆک دەتوانێت هەر ئەندامێک بەناوبکات ئەگەر سەرپێچی لە حوکمـەکانی مـاددەی ٣٢ی پێشـوودا ببینـێ، و سـەرنجی ڕابکێشـێ و هۆشـداری بـداتێ بـۆ ڕەچـاوکردنی پەیـڕەو، ئەگەر پێویسـت بێـت، ڕێگریشـی لێبکـات لەبەردەوامبـوونی ووتەکـانی. ئەگەر ئەنـدامەکە بڕیـارەکەی ڕەتکـردەوە، ئەوا سـەرۆک ڕای ئەنجـومەن وەردەگرێـت و بەبـێ گفتوگۆ بڕیاری ئەنجومەن دەردەکات لەبارەیەوە.

## ١٤. ئەنجومەنی شورای عوممانی

سەبارەت بە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی شورای عوممانی[(١)]:

لە بەشـی (پەیـڕەوی کـارکردن لە دانیشـتنەکاندا) و بەپێـی مـاددەی ١٠٦، جەخـت لەسـەر ئەوە دەکـاتەوە کە نابێـت ئاخـاوتن لەسەر بابەتێک بکرێت لە بەرنامەی کاردا نییە، جگە لە داواکاری حکومەت و سەرۆک و ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبوو.

بەپێی مـاددەی ١٠٧، هـیچ ئەنـدامێک بـۆی نـیە ئاخـاوتن بکـات بەبێ مۆڵەتی سەرۆک، و سەرۆکیش بۆی نیە داواکاری ڕەتبکاتەوە بەبـێ هۆکـارێکی گرێـدراو بە ڕێسـاکانی پەیـڕەوەوە. بەدەر لەو

---

(١) النظام الداخلي لمجلس الشورى العماني ٢٠٠١.

هۆکــارەی کە داواکــاری خێراکردنــی کۆتاییپێهێنــانی ڕاپۆرتەکــان نەبێت کە نێردراون بۆ لیژنەکانی ئەنجومەن، یان بەرزکردنەوەی خاڵێکی پەیڕەوی، و داواکاری گفتوگۆ ناکرێت لەسەر بابەتێک کە نێــردراوە بــۆ لیــژنە بەبــێ کۆتاییهێنــان بە ڕاپــۆرتی لیــژنەکە و ڕیزبەندیکردنی بابەتەکە لە بەرنامەی کاری دانیشتنەکەدا.

هەروەها بەپێی ماددەی ١٠٩، تەنیا مافی سەرۆکە سەرنجی قســەکار ڕاکێشــێت. و لەســەر بنەمــای مــاددەی ١١٠، ســەرۆک دەتوانێــت ئاخــاوتن بە هەر ئەنــدامێک ببڕێــت، و ئەگەر ســەرۆک دووجـــار لە یەک کۆبـــوونەوەدا سەرنجڕاکێشـــان بـــداتە هەر ئاخاوتنکارێــک و ئەو بەردەوام بێــت لەســەر کــاری هۆکــار بــۆ سەرنجڕاکێشانەکەی، ئەوا سەرۆک دەتوانێت ڕێگری لەو ئەندامە بکــات لەقســەکردنی زیــادە لەســەر هەمــان بــابەت تــا کۆتــایی دانیشتنەکە. و لەسەر بنەمای ماددەی ١١١، ئەگەر سەرۆک ڕێگری ئاخاوتن لە ئەندامێک بکات، و ئەو ڕانەوەستا، وە یان گەڕایەوە بۆ سەرپێچیکردن، ئەوا سەرۆک دەتوانێت بڕیاری دوورخستنەوەی نــاوهۆڵی بــۆ بــدات و لەئەنجامــدا ئەنــدامەکە ڕێگریلێــدەکرێت لەبەشداریکردنی کارەکانی ئەنجومەن تا کۆتایی دانیشتنەکە.

وە ئەگەر ئەندامەکە سیستیمی دانیشتنەکە تێکبدات و سەرۆک نەیتوانی بیگەڕێنێتەوە، ئەوا بە پێی ماددەی ١١٢، سەرۆک دەتوانێت دانیشـــتنەکە ڕابگرێـــت. و ئەگەر هەر سیســـتیم نەگەڕایەوە، ئەوا دەتوانێت دانیشتنەکە هەڵپەسێردرێت بۆ ماوەیەکی کەمتر لە نیو کاژێر، خۆ ئەگەر هێشتا پشێوییەکە بەردەوام بوو لەدوای گەڕانەوە

بـــۆ دانیشـــتن، ئەوا ســـەرۆک دانیشـــتنەکە دوادەخـــات و وادەی کۆبوونەوەی داهاتوو ڕادەگەیەنێت.

وە ئەگەر ســـەرۆک بڕیـــاری ڕێگریکردنـــی ئەنـــدامێکی دا بـــۆ کۆتـــایی دانیشـــتنەکە، و ئەو جێبەجێـــی نەکـــرد، ئەوا ســـەرۆک دانیشـــتنەکە ڕادەگرێـــت، و ڕێکـــاری پێویســـت دەگـــرێتەبەر بـــۆ جێبەجێکردنـی بڕیـارەکە. لەم حـاڵەتەدا، بێبەشـکردن بە شـێوەیەکی ئۆتۆماتیکی درێژ دەبێتەوە بۆ سێ کۆبوونەوەی داهـاتوو. و ئەگەر ئەنـدامەکە پێشـێلکاریەکەی دووبـارەکردەوە، ئەوا نوسـینگە بڕیـاری پێشنیازکردنی متمانە و ئیعتیبار لێسەندنەوەی دەدات.

لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەگەر ئەنـــدامی ڕێگریلێکـــراو خۆبەخشـــانە نوســـراوی داواکـــاری لێبـــوردنی پێشـــکەش بە ســـەرۆک کـــرد، ئەوا داواکاریەکەی دەخرێتە پێش ئەنجومەن بۆ بڕیاردان بەبێ گفتوگۆ.

بەشێوەیەکی گشتی پاراستنی سیستیم و هێمنی دانیشتنەکانی ئەنجـومەن دەکەونە نێـو ئەرکەکـانی سـەرۆک، هەر ئەو بـۆی هەیە ڕێکـارە ئەمنییەکـان دیاریبکـات کە بـۆ ئەم مەبەسـتە بە پێویسـتیان دەزانێـــت، بە هەمـــاهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیـــدارەکان، بەپێـــی ماددەی ١٦٢ی پەیڕەو.

### ١٥. ئەنجومەنی نوێنەرانی تونس

لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی تونس دا هاتوە[١]، بەپێی ماددەی ١٣٠:

تەنها سەرۆکی دانیشتن دەتوانێت ئاخاوتنکار بپچڕێنێت، یان تێبینیەکی بداتێ. هەروەها هیچ کەسێک ناتوانێت ئاخاوتن بکات بەبێ مۆڵەت وەرگرتنی سەرۆکی دانیشتن.

**لە ماددەی ١٣١ دا هاتووە:**

سەرۆکی دانیشتن بەبیرهێنانەوەی هەر ئەندامێک دەکات کە سەرپێچی لە پەیڕەودا کردوە، یان بەبێ مۆڵەتی سەرۆک دەست بە ئاخاوتن دەکات.

سەرۆکی دانیشتن هۆشداری دەدات بە هەر ئەندامێک لە هەمان کۆبوونەوەدا دوو جار فەرمانی بەبیرهێناوەی دراوەتێ، جنێوی داوە، یان هەڕەشەی کردوە لە یەکێک یان لە چەند ئەندامێکی ئەنجومەن. و ووتەکەی لێ دەکشێتەوە و تا کۆتایی کۆبوونەوەکە ڕێگری ئاخاوتنی لێدەکات، و هۆشداریەکەشی لە کۆنووسی دانیشتنەکەدا تۆمار دەکات.

و ئەگەر ئەندامەکە بڕیارەکەی ڕەتکردەوە بە شێوازێک بێتە هۆی شێواندنی ڕێرەوی دانیشتنەکە، یان هەر جۆرە توندوتیژییەکی ماددی لە کاتی دانیشتنە گشتیەکاندا ئەنجامدا، وە یان سوکایەتی بە ئەنجومەن کرد، یان سەرۆکی دانیشتن، ئەوا نوسینگەی ئەنجومەن لەسەر پێشنیازی سەرۆک دەتوانێت بێبەشی بکات لە ئاخاوتن،

---

(١) النظام الداخلي لمجلس النواب الشعب التونسي لعام ٢٠١٥.

بەبێ قەدەغەکردنی دەنگدان، بەو مەرجەی زیاتر نەبێت لە سێ دایشتنی دوابەدوا. نوسینگە بە زۆرینەی ئەندامەکانی بڕیاری خۆی دەدات.

نوێنەری داواکراو دەتوانێت ئامادەبێت بۆ پێدانی تێڕوانینی خۆی لەسەر جێبەجێ کردنی ئەم سزایە، یان هاوپیشەیەکی تر نوێنەرایەتی بکات، ئەوەش بە هەر ئامرازێک بێت کە کاریگەری نوسراوی هەبێت.

هەروەها بەدەر لە ئەندامان، هیچ کەسێکی تر ناتوانێت بیرورا بدات، یان نارەزایی دەربڕێت، یان پشتگیری بکات لە دانیشتنە گشتیەکاندا، وەکو لە ماددەی ١٣٢دا هاتووە. و سەرۆکی ئەنجومەن دەتوانێت داوای لابردنی هەر کەسێک بکات کە ئارامی ناو هۆڵەکەی تێکداوە.

ئەوی شایانی ئاماژەپێدانە و ئەرکە بوترێت، ئەوەیە کە هەرچەند ڕێکارەکانی کۆنترۆڵکردن هەبێت و دەقەکان بۆ ئەرکی ئەندامەکان لەسەریان بونیادبنرێن، چاودێری ناوخۆیی دەمێنێتەوە وەک پێوەری بنەڕەتی بۆ پابەندبوونی نوێنەر بە حوکمەکانی دەستوور و یاساو ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆ، و هەروەها بە سیستمی بەهاو لێپرسراوێتی ئاکاری و ئایینی، و پابەندبوونی بە سوێند لە ناوەڕۆکی کار و هەڵسوکەوتەکاندا سەرچاوەدەگرن. هەرچۆنێک بێت، نابێت لێبوردەیی نیشانبدرێت بۆ هیچ نوێنەرێک کاتێک پێشێلکاری لە ڕێساکانی پەیڕەودا دەکات.

# کۆتایی

یاسا یەکێکە لە دامەزراوە جەوهەریەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مـــرۆڤ، ئەو بە ڕۆڵێکـــی کـــاریگەر و بنەڕەتـــی هەڵدەســـێ لە گەشـــەپێدانی کۆمەڵگاکانـــدا، لە ڕووی فیکـــری و کـــرداریەوە، و یـارمەتی بەرەوپێشـچوونی کۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی و شارسـتانی دەدات. هەمیشە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی گرێدراوە بە پەرەسەندنی بەندە یاساییەکانەوە، و هەروەها گرێدراوە بە هەبوونی جەستەیەک کە جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە کاریگەر و دروست تر بکات. ئەمە ئەوەیە کە ئـێمە دەمانەوێـت پشتڕاسـتی بکەیـنەوە، لە ڕێگـای ئەم تـوێژینەوەیەوە جەختـدەکەینەوە لەسـەر بەشـێک لە سیسـتەمی یاسایی کە حوکم لە دامەزراوەکانی یاسادانانیدا دەکات کە ئەویش خاڵی پەیڕەوییە.

هەروەهـا سـەبارەت بەپەیوەنـدی نێـوان ئەنـدام پەرلەمـان و خـاڵی پـەیڕەوی، لەگەڵ یاسـا، ئـێمە لەڕێـگەی ئەوەی لەسـەرەوەدا باسکرا دەتوانین ئەم دەرئەنجامانە بەدەستبێنین:

## دەرئەنجامەکان

١- خـاڵی پەیـڕەوی بـریتییە لە بەبیرهێنـانەوە بـۆ پابەنـدبوون بە دەسـتوور، یاسـای پەرلەمـان، یـان ڕێسـاکانی پەیـڕەوی نـاوخۆ. بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی گفتوگۆکانی ناو ئەنجومەنی پەرلەمان. ئەمە ئامرازێکی ڕاکێشانی سەرنجە بۆ سەرپێچییەکان.

٢- ئاخـاوتن لەدانیشـتنەکانی پەرلەمانـدا چوارچێـوەیەکی تایبەتیـان هەیە و سـنووردارکراوە بە ڕێسـاکانی پەیـڕەوەوە، و باسیانلێکراوە لە پەیڕەوە ناوخۆییەکانی پەرلەمانەکاندا، هەروەها لە ڕێساکانی پەیڕەوی پەرلەمـانی هەرێمـی کوردستانیشـدا هەیە، و سنووردارکراوە بەو حاڵەتانەی ڕەچاودەکرێن.

٣- نابێت خاڵی پەیڕەوی بەکاربهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی پێشـینەی ئاخاوتن و گفتوگۆکردن لەسەر بابەتە بنەڕەتیەکە.

٤- بنچینەی بابەتەکە ئەوەیە کە خاڵی پەیڕەوی بریتییە لە دەربڕین بە شـێوازێکی زارەکـی، وەک جۆرێـک لە جۆرەکـانی قسـەکردن، بەڵام ئەمە ڕێگـری ناکـات لە پێشـکەش کردنـی بە شـێوازێکی نووسین.

٥- دەکرێـت خـاڵی پـەیڕەوی لە هەرکاتێکـدا پێشکەشـبکرێت، ئەمە مـافێکی پەرلەمـانی ئەندامـە، و قبوڵکردنیشـی دەکەوێـتە سـەر ڕەزامەنـدی سـەرۆکی پەرلەمـان، ئەو دەسـەڵاتی هەڵسـەنگاندنی هەیە لە ڕەچـاوکردنی، و هەرکاتێـک لە بەرژەوەندیـدا ببینێـت. هەمیشـە ئەرکـی سـەرۆکە بـۆ مۆڵەتپێـدانی ئاخـاوتن لە خـاڵێکی پەیڕەویدا.

٦- وەرگرتنی داواکاری بۆ ئاخاوتن لە خاڵی پەیڕەودا ئەولەویەتی هەیە بەسەر بەردەوامبوونی گفتوگۆکان لەسەر بابەتی سەرەکی.

٧- دەکرێت خاڵی پەیڕەوی جێبەجێبکرێت تەنانەت ئەگەر لە دەقەکانیشدا نەهاتبێ، چونکە ئامانج لێی گەڕانەوەیە بۆ ڕێڕەوی دروستی گفتوگۆ، وەک لە ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆدا داوالێکراوە، و هەروەها پێداویستییە بۆ جێبەجێکردنی یاسایی دروست[1].

٨- کاتێک خاڵی پەیڕەوی قەدبڕی دەکات لەگەڵ داواکاریەکانی تر، وەک داواکاری دواخستنی گفتوگۆ، یان داوای داخستنی دەرگای گفتوگۆ؛ ئەوا خاڵی پەیڕەوی زیاتر لەپێشترە و ئەولەویەتی هەیە بەسەر داواکاریەکانی تردا.

٩- دەکرێ خاڵی پەیڕەوی یەکلابکرێتەوە بە دەنگدان ئەگەر لەلایەن لایەنگران و ڕکابەرانەوە پێشکەش بکرێت.

١٠- دانیشتنی پەرلەمان بالاترین کۆبوونەوەی سیاسیە، چونکە گوزارشتە لە خواستی خەڵک. دەستدرێژی لەسەر سیستمی دانیشتن دەستدرێژیکردنە بۆ سەر خواستی خەڵک، و بۆیە دەبێت سەرپێچیکاران یان دەستدرێژیکارانی پەیڕەو سزا بدرێن.

١١- بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر ئاخاوتنی ئەندامەکە ڕەنگدانەوەی خاڵی پەیڕەوی نەبێت، ئەوا سەرۆک پەرلەمان دەتوانێت ئاخاوتنەکە ببچڕێنێت. و لە حاڵەتی

---

(١) د. زیاد خالد المفرجي، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٣.

دووبارەبونەوەیدا، دەرفەتێکی تر نادرێتە ئاخاوتنکار وەک خاڵی پەیڕەوی.

١٢- پێشێلکردنی سیستمی دانیشتن بەو مانایە دێت کە ئەندامان ناتوانن کاری یاسادانان و چاودێریکردنی خۆیان ئەنجام بدەن، و دەبێتە مایەی سنووربەزاندنی پیرۆزییەکانی دانیشتنەکان، لەگەڵ میحرابی ئەنجومەن، لەبەرئەوە پێویستە پەیڕەوی ناوخۆ کۆمەڵە ڕێسا و ڕێکارێکی پێویست لەخۆبگرێت، لە بری ئەو یاسایانە کاربکەن کە هاوسەنگی دەکات لە نێوان پێویستبوونی بێلایەنی کاروباری ئەنجومەن لەگەڵ پێداویستیەکانی سیستەمی گشتی.

١٣- ناکرێت ئەندام پارێزبەندی پەرلەمانی بەکاربهێنێت بۆ تێکدانی ڕێڕەوی دانیشتن. چونکە کاتێک دەستوور و یاساکان بڕیاری پارێزبەندی پەرلەمان دەدەن؛ کە هیچ سەرپێچی و نارێکی و شێواندنێک لە ڕێڕەوی دانیشتنەکاندا ڕوینەدابێ، و ئەوەش دانپێدانانێکی ڕاستەوخۆیە کە نابێت کاریگەری نەرێنی لەسەربێت یان هیچ پێشێلکاریەکی پەیڕەو ڕویدابێت.

١٤- ئەگەر بڕیاری سزادان دەربکرێت بۆ ئەوانەی سەرپێچی لە سیستمی دانیشتنی پەرلەماندا دەکەن، لەلایەن هیچ دەسەڵاتێکی ترەوە سزا نادرێن و بە تەنیا پەرلەمان مافی پێچەوانەکردنەوەی سزاکەی هەیە کە پەسەندی کردووە.

# سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوە عەرەبیەکان - کتێبەکان:


- سعيد حمدين، البرلمان في الدساتير، رسالة ماجستير، جامعة الجزائر، ٢٠١٥ – ٢٠١٦.
- بول سيلك ورودري والترز، كيف يعمل البرلمان، ترجمة د. علي الصاوي، مكتبة الشروق الدولية، القاهرة، ط١، ٢٠٠٤.
- د. فتحي فكري، وجيز القانون البرلماني في مصر، ناس للطباعة، القاهرة، ٢٠٠٣،
- د. علي الصاوي، القاموس البرلماني العربي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠١٣.
- إسماعيل فاضل حلواص آدم الشمري، الطبيعة القانونية لقرارات مجلس النواب العراقي، رسالة ماجستير، قدمت إلى مجلس كلية الحقوق، جامعة النهرين، ٢٠١٥.
- د. عثمان علي ويسي، القوانين المنظمة للعمل البرلماني، مركز بحوث برلمان كوردستان، هەولير،ط١، ٢٠١٤، ص ١٥ – ٢٦.
- د. زين بدر فراج، المكلمة البرلمانية – ضوابط الكلام تحت قبة البرلمان، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة ، ٢٠٠٧.
- د. محمد سالم المزروعي، دليل نظام أعمال المجلس الوطني الإماراتي، المجلس الوطني الاتحادي، أبو ظبي – دبي، دون سنة طبع.
- د. منى يوخنا ياقو وأفين خالد عبدالرحمان، القواعد الإجرائية المنظمة لعمل عضو البرلمان، مجلة جامعة تكريت للحقوق، السنة ٢ المجلة ٢ العدد ٢ الجزء١، آذار ٢٠١٨.
- د.مصطفى ياغي والدكتورة رلى الفرا الحروب والقاضي لؤي عبيدات والمحامي كمال المشرقي والمحامي معاذ المومني، دليل العمل البرلماني في الأردن، مؤسسة فريدريش ايبرت، ٢٠١٧.
- هنري روبيرت، القانون البرلماني الأمريكي، ترجمة: زكي شنودة، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٥١.

- د. زياد خالد يوسف المفرجي، نقطة النظام البرلمانية في لوائح مجالس الشورى والنواب لدول مجلس التعاون الخليجي، معهد البحرين للتنمية السياسية، ط١، ٢٠٢٠.
- سري محمود صيام (نائب محكمة النقض ومساعدة وزير العدل لشؤون التشريع ورئيس أمناء مكافحة غسيل الأموال في مصر)، التشريع في العالم العربي ومواجهة تحديات العولمة، بحث منشور في : مجموعة قوانين ولوائح السلطة التشريعية في بعض النظم القانونية العربية، القاهرة، ٧-١٠ سبتمبر ٢٠٠٤.
- اللائحة الداخلية لمجلس النواب البحريني.
- د. زين بدر فراج، المكلمة البرلمانية – ضوابط الكلام تحت قبة البرلمان، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠٠٧.
- د. محمد سالم المزروعي، دليل نظام أعمال المجلس الوطني الإماراتي، المجلس الوطني الاتحادي، أبو ظبي – دبي، دون سنة طبع.
- راشد المدور: النظام الداخلي لمجلس النواب المغربي في الفترة التشريعية ٢٠٠١ – ٢٠٠٢، دراسة وتعليق، منشورات مجلس النواب الفترة التشريعية ٢٠٠١ – ٢٠٠٢، ط١، ٢٠٠٥.

## دووەم: یاسا و پەیڕەوە ناوخۆییەکان:

- یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و عێراق، ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو
- ٢٠٢٠ یاساکانی پەیڕەوی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان
- النظام الداخلي لمجلس نواب الشعب التونسي لعام ٢٠١٥.
- النظام الداخلي لمجلس النواب العراقي سنة ١٩٢٥.
- النظام الداخلي للمجلس الوطني العراقي لعام ٢٠٠٠.
- النظام الداخلي لمجلس النواب العراقي ، الدائرة الإعلامية، بغداد ، ٢٠١٦.
- اللائحة الداخلية للبوندستاغ الألماني، واللائحة الداخلية للجنة الوساطة، ترجمة قسم الترجمة بالبوندستاغ الألماني، بالتعاون مع د.

شريفة مجدي، الناشر قسم العلاقات العامة في البوندستاغ الألماني، برلين، ٢٠٢٠.

- اللائحة الداخلية للمجلس الوطني الاتحادي للإمارات، الصادرة بقرار رئيس الدولة رقم ١ لسنة ٢٠١٦.
- اللائحة الداخلية لمجلس الشعب المصري.
- اللائحة الداخلية لمجلس الشورى الإماراتي.
- اللائحة الداخلية لمجلس النواب المصري، الصادرة بموجب قانون رقم ١ لسنة ٢٠١٦.
- النظام الداخلي لاتحاد البرلمان العربي.
- النظام الداخلي للجمعية العامة للأمم المتحدة.
- النظام الداخلي لمجلس الأعيان الأردني لعام ٢٠١٤.
- النظام الداخلي لمجلس الأمة الجزائري لعام ٢٠٠٠.
- النظام الداخلي لمجلس الأمة الجزائري لعام ٢٠١٧.
- النظام الداخلي لمجلس الشورى العماني ٢٠٠١
- النظام الداخلي لمجلس النواب الأردني لسنة ٢٠١٣.
- النظام الداخلي لمجلس النواب الباكستاني.
- النظام الداخلي لمجلس النواب البناني، ١٩٩٤.
- النظام الداخلي لمجلس النواب اللبناني ١٩٩٤/١٠/١٨ المعدل في ٢٠٠٣.
- النظام الداخلي لمجلس النواب المغربي لعام ٢٠١٧.

### سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

- European Parliament، Rules Of Procedure، 9th parliamentary term، December 2019 Chapter 6، Rule 195.
- Rules of Procedure of the National Assembly، 2010.
- European Parliament، Rules of Procedure، 9th parliamentary term، December 2019 Chapter 6، Rule 195.
- Parliamantary Standing Orders of State of Gana، Article 89 – 90:

http://elibrary.jsg.gov.gh/fg/indexae/PARLIAMENTARY%20STANDING%20ORDERS.htm.

- Standing of orders Of the Parliament of Singapora، 2017.
- Rules of Procedure and Conduct of Business in the National Assembly of Pakistan، 2017.
- Standing order، Public business 2019، ordered by The House of Commons in British، to be printed on 5 November 2019.

## چوارەم: سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان:

| | |
|---|---|
| مراقبة دستورية الأنظمة الداخلية للمجالس البرلمانية في بعض التطبيقات العربية، د. رشيد المدور، دراسة منشورة على النت | shorturl.at/flzRT |
| Parliamentary Standing Orders Of Gana | shorturl.at/buS01 |
| د. بلال الصنديد، قيم العمل البرلماني، ٢٠٢٠ | https://www.aljarida.com |
| Standing order، Public business 2019، Ordered by The House of Commons In British، to be printed 5 November 2019، P43-46. | shorturl.at/oqEIJ |
| American Heritage® Dictionary of the English Language، Fifth Edition. (2011). Retrieved April 5 2021 | shorturl.at/elFTX |
| Collins English Dictionary – Complete and Unabridged، 12th Edition 2014. (1991، 1994، 1998، 2000، 2003، 2006، 2007، 2009، 2011، 2014). Retrieved April 5 2021 | shorturl.at/lszHM |
| Points of Order; Parliamentary Inquiries - Govinfo.go | https://www.govinfo.gov/ |

| | |
|---|---|
| Points of Order، Rulings، and Appeals in the House of Representatives، Updated December 12، 2018: | https://sgp.fas.org/crs/misc/98-307.pdf. |
| Point of order، U. K Parliament | shorturl.at/mKR05 |
| Sarah E. Merkle، The law Of Order A Resource on Parliamentary Procedure & the law، on April 3، 2019، | https://civility.co/ |
| Uk Parliament ، Parlamentary Procedure: | shorturl.at/awzAB |